ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی نه‌نجومه‌نی کارگێری‌و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جه‌لالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری

التضامن

رۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

لەم ژماره‌یه‌دا
● له‌میهره‌جانێکی گه‌وره‌دا کردنه‌وه‌ی پێشانگای وێنه‌کانی سه‌ره‌کرده‌ی گه‌ل‌له به‌غدا ل ٨

٨ لاپه‌ره

به ٥٠ فلسه

پێنج شه‌مه ٢٢/ ١١/ ١٩٨٤ ژماره ٧٦٣

الخميس ٢٢/١١/١٩٨٤ العدد ٧٦٣

١٤٨ هه‌ڵمه‌تی سه‌رکه‌وتووی هه‌ڵۆ دلێره‌کانمان

ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیران به سه‌ره‌کایه‌تی سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌ صدام حسین کۆره‌بێته‌وه



پێری به‌یانی به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین سه‌ره‌کایه‌تی کۆبوونه‌وه‌یه‌کی ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیرانی کرد .

له‌م کۆبوونه‌وه‌یه‌دا که چوار سه‌عاتی خایاند باس له چه‌ند کاروبارێکی ناو به‌رنامه‌ی کاری ئه‌نجوومه‌ن کراو بریاری پێویستیان ده‌رباره درا .

له‌م کۆبوونه‌وه‌یه‌دا به‌ڕێز طه یاسین رمضان ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش جێگری یه‌که‌می سه‌ره‌ك وه‌زیرانو ژماره‌یه‌ك له به‌ڕێزان ئه‌ندامانی ئه‌نجوومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش‌و هاوڕێیان ئه‌ندامانی سه‌رکردایه‌تی قوتری حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالستو به‌ڕێزان وه‌زیرانو ژماره‌یه‌ك له کاربه‌ده‌ستان تیایدا ئاماده بوون .

به‌یاننامه‌ی ژماره ١٦٥٦ی سه‌رکردایه‌تی گشتی هێزه‌چه‌کداره‌کانمان پێری رای گه‌یاند که فرۆکه‌کانی هێزی ئاسمانی دلێرمان ١٤٨ هه‌ڵمه‌تی سه‌رکه‌وتوویان برده سه‌ر بنکه‌و مولگاکانی دوژمن‌له که‌رتی ناوه‌راست‌و خواروی مه‌یدانه‌کانی جه‌نگ و ئازایانه توانیان هه‌موونیشانه دیاری کراوه‌کانی دوژمن بپێکن‌و دوای ئه‌و هه‌ڵمه‌ته سه‌رکه‌وتوانه هه‌ڵو ئازاکانمان سوپاس بۆ خوا به‌سه‌لامه‌تی گه‌ڕانه‌وه بنکه‌کانی خۆیان .

ئه‌مه‌و به ده‌سته‌ڵات‌و وره‌ی پته‌و ئه‌له‌قاوو دڵی پڕ له باوه‌ڕو ئازایه‌تی ، سه‌ربازه‌کانی عیراقی لوتکه به‌رده‌وامن له‌به‌رگری‌کردنی ئازایانه له خاك‌و ئاوو ئابروی عیراق‌و هه‌موو رۆژی داستانێکی نوێی پاڵه‌وانیه‌تی تۆمارده‌که‌ن‌و لێدانی جه‌رگ بڕ ئاراسته‌ی سه‌ر سه‌ری‌دوژمنان‌و هێزه داخ له دڵه‌کان ده‌که‌ن .

به‌یاننامه‌کانی هه‌فته‌ی رابووردووی سه‌رکردایه‌تی گشتی هێزی چه‌کدارمان رایان گه‌یاند که بنکه تۆپه‌کانمان له هه‌موو به‌ره‌کانی جه‌نگ ئه‌م هه‌فته‌یه ده‌وری مه‌ردانه‌یان له‌سه‌ر کوت کردنه‌وه‌ی هێزه‌کانی دوژمندا گیراوه‌و ده‌یان سه‌نگه‌ریان به‌سه‌ر دوژمندا وێران کردوه‌و زیانی سه‌روو ماڵی زۆری پێ‌گه‌یاندوون‌و ترسی خستۆته دڵی دوژمنی داخ له دڵ .

به‌تایبه‌تی ئه‌م هه‌فته‌یه هێزه ئازاکانمان چه‌ندان ده‌ستی توندیان له بنکه‌و مولگاکانی دوژمن وه‌شاندوه له که‌رتی رۆژهه‌ڵاتی به‌سره‌و زیانی سه‌رو ماڵی زۆری پێ‌گه‌یاندون ، هێزه دلێره‌کانمان به هه‌موو چه‌کێ له دوژمنیان داوه‌و زیانی به بنکه‌و سه‌نگه‌ره‌کانیان گه‌یاندوه‌و له زۆر لاوه ئاڵاتی شه‌ری دوژمنیان ته‌فرو تونا کردوه .

مه‌فره‌زه ئازاکانی که‌رتی باکوورو ناوه‌راست چه‌ندان هه‌ڵمه‌تی کوت‌و پڕی دلێرانه‌یان بردۆته سه‌ر سه‌نگه‌ره‌کانی دوژمن‌و چه‌ندانیان لێ کوشتن‌و برنیدارکردون‌و به‌ هه‌موو چه‌کی له دوژمنیان داوه‌و سه‌ربازه ترسنۆکه‌کانی دوژمن هاوارو پاڕانه‌وه‌یان به ئاشکرا به‌رز ده‌بوه‌وه له ژێر کاری لێدانی توندی جه‌نگاوه‌ره‌کانماندا .

هه‌ر له‌م هه‌فته‌یه‌دا هیلیوکۆپته‌ره ئازاکانمان له که‌رتی میسان چه‌ندان هه‌ڵمه‌تی سه‌رکه‌وتوویان بردۆته سه‌ر بنکه‌و مولگاکانی دوژمن‌و زیانی سه‌روو ماڵی زۆری پێ‌گه‌یاندون .

دوای شکاندن‌و شه‌رمه‌زارکردنیان

گه‌لێ پاسداری خومه‌ینی گیران‌و دوور خرانه‌وه

ڕژێمی ئێران به‌سه‌دان پاسداری خومه‌ینی دورخستۆته‌وه که ژماره‌یه‌کیان فه‌رمانده‌ی هێزه جۆر به‌جۆره‌کانن له شاره‌کانی ئه‌سفه‌هان‌و شیرازو مه‌شهه‌دو کاشه‌روکه‌رکان .

ڕێکخراوی موجاهیدی خه‌لقی به‌رهه‌لستکاری ئێرانی به‌پێی ئه‌و مه‌علوماتانه‌ی له ناوه‌وه‌ی ئێران پێی‌گه‌یشتوه ده‌ڵی ٧٠٠ ئه‌ندامی پاسداری خومه‌ینی هه‌ر له پارێزگای ئه‌سفه‌هان دوورخراونه‌ته‌وه.

ڕێکخراوه‌که ده‌ڵی ئه‌م دوورخستنه‌وانه دوای شه‌پۆلێکی ناره‌زایه به‌رامبه‌ر به‌و گۆرانانه‌ی ڕژێمی خومه‌ینی له‌سه‌رکرده‌کانی پاسداراندا کردویه‌تی دوای ئه‌و تێکشاندن‌و شه‌رمه‌زاریه‌ی به‌رده‌وام له‌به‌ره‌کانی جه‌نگدا تووشی پاسدارانی خومه‌ینی ده‌بن .

ڕێکخراوه‌که ئه‌وه‌شی ئاشکرا کردوه که سه‌دان له‌و پاسدارانه‌ی خومه‌ینی که دوورخراونه‌ته‌وه له‌لایه‌ن ڕژێمه‌وه گیراون .

ئه‌وه‌ی شایانی باسه ڕژێمی ئێران ئێستا له‌ناکۆکی و زۆربازی تیژدا ده‌ژی له‌ناو داردەست کاربه‌ده‌ستانیان شه‌ر له‌سه‌ر ده‌سته‌ڵاتداریتی ده‌که‌ن دوای ئه‌و شکاندنه گه‌ورانه‌ی به ده‌ستی هێزه پاڵه‌وانه‌کانمان تووشیان بووه

به‌رامبه‌ر تاوانی کوشتنی دیله‌کان :

بانگ کردنی کۆمه‌ڵانی جیهان بۆ سزادانی ڕژێمی خومه‌ینی‌ی درنده

ده‌نگی بێزاری‌و نارەزایی ده‌ربڕین به‌رامبه‌ر ئه‌و تاوانه درندایه‌ی ڕژێمی ئێران کردی که کوشتنی به‌دیل گیراوه عیراقیه‌کانه له هه‌موولایه‌ك به‌رز ده‌بێته‌وه .

ڕێکخراوو یه‌کیتی‌یه جیهان له‌بروسکه‌کانیاندا بۆ یه‌کگرتوه‌کان‌و کونگره‌ی سه‌ره‌کایه‌تی وڵاتانی بێ‌لایه‌ن خومه‌ینی درنده بدرێ له هه‌موو ڕێ‌و شوێنیکی ده‌وڵه‌تان‌و ڕێکه‌وتنه‌کانی کردن له‌گه‌ڵ گیراوه‌کانی عیراقیه‌کان‌و عه‌ره‌ب‌و ئه‌میندارانی گشتی ئه‌ته‌وه ئیسلامی‌و جامعه‌ی عه‌ره‌بی‌و داوایان کردوه سزای ڕژێمی به‌رامبه‌ر ئه‌و کاره‌ی که لادانه مافی مرۆڤایه‌تی‌و یاسای جنیف ده‌باره‌ی مامه‌له جه‌نگ .

ئه‌بو ئه‌یاد :

رازی نه‌بووین پشتی ئێران بگرین

صلاح خلف « ئه‌بو ئه‌یاد »ئه‌ندامی کومیته‌ی ناوندی بزوتنه‌وه‌ی «فتح» دووپاتی‌کرده‌وه که به‌ستنی کۆبوونه‌وه‌ی ئه‌نجوومه‌نی‌نیشتمانی فه‌له‌ستن سه‌ره‌تای هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی پرۆژه‌ی‌ڕژێمی سوریایه که ده‌یویست خۆی به‌سه‌ر بریاری‌فه‌له‌ستیندا بسه‌پێنێ .

ئه‌بو ئه‌یاد له دوانێکی ڕۆژنامه‌نووسیدا له کوه‌یت بڵاو کراوه‌ته‌وه چیرۆکی ناکۆکی نێوان سه‌ره‌کی ڕژێمی سوریا حافظ اسدو سه‌ره‌کی لیژنه‌ی ڕابه‌راندنی فه‌له‌ستین یاسر عه‌ره‌فاتی گێراوه‌ته‌وه که ده‌که‌ڕێته‌وه بۆ چه‌ند ساڵێکی به‌ر له ده‌رچوون له به‌یروت ، هه‌روه‌ها رای‌گه‌یاند که ئه‌و ڕژێمه قینی ئاخنراوی له ڕێکخراوه‌که هه‌یه‌و به‌رده‌وام هه‌وڵی داوه خۆی به‌سه‌ردا فه‌رز بکاتا ببێته وه‌ره‌قه‌ی ده‌ستی ڕژێمی سوریا پێشکه‌ش به وڵاته یه‌کگرتوه‌کانی ئه‌مه‌ریکای بکا.

ئه‌بو ئه‌یاد باسی ئه‌و پیلانانه‌ی کرد که بزوتنه‌وه‌ی به‌رگری فه‌له‌ستین روو به رووبان بووه‌و ڕژێمی سوریا سازی ده‌کردن‌و ئه‌و کوشتن‌و برینه‌ی ئه‌و ڕژێمه دژی نوردوگافه له ستینیه‌کان له لوبنان‌و سوریا ده‌یکردن .

وتی : حافظ اسد له ئه‌یلوڵی ١٩٨٢دا دوای ده‌رچوون له به‌یروت پێی‌وتم که مامه‌له له‌گه‌ڵ «ئه‌بو عه‌مار» ناکاو داوای له من کرد بیم به سه‌ره‌کی ڕێکخراو به‌ڵام من به توندی ره‌فزم کردو پێم وت ئه‌وه‌نده نامه‌ردنیم تا به‌و ڕێگایه جێگای عه‌ره‌فات بگرمه‌وه .

ئه‌م لێپرسراوه فه‌له‌ستینیه باسی ئه‌وه‌ی کرد که دیمه‌شق مه‌رجی دانا بۆ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فه‌له‌ستین که پشتی ئێران بگری دژی عیراق به‌ڵام ڕێکخراو به توندی ئه‌مه‌ی ره‌د کرده‌وه .

بانگه‌واز بۆ ئاشکراکردنی تاوانه‌کانی ڕژێمی سوریا

لیژنه‌ی به‌رگری له سه‌ربه‌ستی گیراوه سیاسیه‌کانی سوریا «لقی فه‌ره‌نسا» هه‌موو شه‌ره‌فمه‌ند و ئازادیخوازان‌و پشتگیرانی مافه‌کانی مرۆڤیان بانگ کردوه بۆ هه‌وڵدان به مه‌به‌ستی پێرده لادان له‌رووی تاوانه‌کانی ڕژێمی سوریاو ئه‌و کوشتن‌و برینه‌ی دژی که‌ڵی عه‌ره‌بی سوریا ده‌یکات .

لیژنه‌که له به‌یاننامه‌یه‌کدا که له‌پاریس ده‌ری کردوه به‌بۆنه‌ی رابوردنی ١٦ ساڵ به‌سه‌ر خۆ سه‌پاندنی حافظ اسددا ده‌ڵێ : ئه‌م ڕژێمه بۆ ئه‌وه هات تا دوادیارده‌ی سه‌ربه‌ستی‌و ئابروی هاوڵاتی سوریا له‌ناو به‌رێ‌و مافه‌کانی مرۆڤ پێ‌شێل بکات‌و گه‌ڵی سوریا گیره‌وه‌ی ئوسلوبی پۆلیسی‌و مامه‌له‌ی نامرۆڤایه‌تی‌و نادیموکراتی بکات ئه‌و ڕژێمه وای لێ‌هاتووه بوه به دیارده‌یه‌کی ناره‌واو پێویستی به سزادان هه‌یه له‌لایه‌ن کۆمه‌ڵی ده‌وڵه‌تانه‌وه .

راویژی عه‌سکه‌ری نێوان دیمه‌شق‌و « ته‌ڵه‌بیب »

ڕادیۆی ده‌نگی لوبنان رای‌گه‌یاند که ئێستا راویژی عه‌سکه‌ری له نێوان ڕژێمی سوریاو قه‌واره‌ی زایونیدا هه‌یه .

ڕادیۆکه ڕوونی کرده‌وه راویژه‌که له په‌راوێزی راویژی عه‌سکه‌ری نێوان لوبنان‌و قه‌واره‌ی زایونیدا ده‌کرێ له شارۆچکه‌ی ناقوره له خواروی لوبنان .

سه‌رچاوه‌یه‌کی زایونی وای پروپاگه‌نده کردوه که ئه‌م راویژه به شێوه‌ی ناراسته‌وخۆ ده‌کرێ .

زیاد کردنی یارمه‌تی ئه‌مه‌ریکا بۆ قه‌واره‌ی زایونیه‌کان

دوێنێ ڕادیۆی زایونی دوژمن رای‌گه‌یاند که قه‌واره‌که‌یان داوای له وڵاته یه‌کگرتوه‌کانی ئه‌مه‌ریکا کردوه یارمه‌تیه‌کی دوو ملیارو دوو سه‌د دۆلاری بداتێ که ئه‌مه هه‌شت سه‌د میون دۆلاری له یارمه‌تیه‌کانی ساڵی رابوردوو زیاتره .

ڕادیۆکه وتی به‌ڕێوه‌به‌ری کشتی وه‌زاره‌تی شه‌ڕی دوژمن که ئێستا له واشنتۆنه ئه‌م داوایه‌ی پێشکه‌ش به ده‌سته‌ی لاتداریه‌تی ئه‌مه‌ریکا کردوه .

سه‌ره‌کی لیژنه‌ی کۆششی خێر خوازی سه‌ر له تورکیا ده‌دا

دوێنێ سه‌ره‌کی گامبی داودا جاوارا سه‌ره‌کی لیژنه‌ی کۆششی خێرخوازی ئیسلامی بۆ چاره‌سه‌ری شه‌ری عیراق‌و ئێران چوه بۆ تورکیا به سه‌ردانێکی کورتی یه‌ك ڕۆژی‌و گفتوگوی له‌گه‌ڵ سه‌ره‌کی تورکیا که‌نعان ئه‌یفرین سه‌باره‌ت گۆرانه‌کانی باری شه‌ری عیراق‌و ئێران‌و ئه‌و بیرو رایانه‌ی کردوه‌که له ئاراداان بۆ ده‌ست‌کردنه‌وه به کاروباری لیژنه‌ی کۆششی خێرخوازی ئیسلامی .

وێنه به‌رادیو

سه‌ره‌ك وه‌زیرانی نوێی‌هیندستان راجیف غاندی له‌به‌ردەم یه‌که‌م کۆبوونه‌وه‌ی‌جه‌ماوه‌ری‌دا دوایی کۆچی دوایی خاتو ئه‌ندێرا غاندی‌دایکی وتار ده‌دا .

به‌کورتی

● **عه‌مان :**

پێری گفتوگو ده‌باره‌ی په‌یوه‌ندی ئابوری‌و ڕێگای په‌ره‌پێدانی له نێوان ئه‌رده‌ن‌و ئه‌له‌مانیای دیموکراتیدا کراوه ، ئه‌م گفتوگویه له نێوان جێگری پارێزه‌ری باقی مه‌رکه‌زی ئه‌رده‌ن‌و جێگری وه‌زیری بازرگانی ئه‌له‌مانیادا بووه .

● **قاهیره :**

مشیر عبدالحلیم ابو غزاله وه‌زیری به‌رگری میسر له‌گه‌ڵ وه‌زیری به‌رگری ته‌نزانیا گفتوگویان ده‌رباره‌ی هاوکاری سه‌ربازی نێوان هه‌ردوو وڵاتیان کردوه .

● **توکیو :**

وه‌زیری بازرگانی‌ی پشه‌سازی ژاپۆن رای‌گه‌یاند که سه‌ره‌تای مانگی داهاتوو وڵاته‌که‌ی له‌گه‌ڵ چین گفتوگو سه‌باره‌ت زیادکردنی ناردنی که‌ره‌سته‌ی ژاپۆنی بۆ چین ده‌کا .

● **بانکۆك :**

سه‌رچاوه‌یه‌کی عه‌سکه‌ری لیره‌وه رای‌گه‌یاند که هێزیکی ڤینامی ده‌ستی به‌سه‌ر بنکه‌یه‌کی به‌رهه‌لستکارانی که‌مبودیادا گرتووه بنکه‌که نزیك سنووری تایلانده .

● **جه‌زائر :**

وه‌زیری دادی جه‌زائیر له‌گه‌ڵ هاوشانه‌که‌ی له چین گفتوگویان سه‌باره‌ت په‌ره‌پێدانی په‌یوه‌ندیه‌کانی نێوان هه‌ردوو وڵاتیان کردوه

● **موسکۆ :**

سه‌ره‌کی ژوری بازرگانی نه‌مسا سه‌ردانه‌که‌ی له یه‌کیتی سوفیه‌ت کۆتایی پێ هێناو گه‌رایه‌وه بۆ وڵاته‌که‌ی دوای ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ وه‌زیری بازرگانی ده‌ره‌وه‌ی سۆفیه‌ت زنجره‌یه‌ك گفتوگو کردوه .

ڕێکنه‌وتن

وه‌زیرانی ده‌ره‌وه‌ی وڵاتانی ئه‌ندام له کۆمه‌ڵه‌ی ئه‌وروپا نه‌یانتوانی له‌سه‌ر نه‌خشه‌یه‌کی هاوبه‌ش ده‌رباره‌ی کونگره‌ی به‌رزی وڵاته‌کانیان سه‌باره‌ت ئه‌ندامیه‌تی ئه‌سبانیاو پورتوگال له‌و کۆمه‌ڵه‌یه‌دا ڕێکبکه‌ون .

Institut Kurde de Paris

بـــه دوادا جوونـــی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی ..

فەرمانبەرانی گول لە چەند کاروبارێکی گرنگ دەدوێن

سەرەتای ئەم هەفتەیە بۆ ماوەی دوو رۆژ ئەنجوومەنی نیشتمانی بەردەوام بوو لە کۆبوونەوەکانیا لە چوارچێوەی چالاکیەکانی دەورەی نوێداو لەو کۆبوونەوانەدا ئەندامانی ئەنجوومەن بە وردی و بایەخدانەوە لەو کاروبارانەکۆلانەوە کە لە بەرنامەکاری ئەنجوومەندایە .

لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەم هەفتەیەدا کە بە سەرەکایەتی دوکتور سعدون حمادی سەرەکی ئەنجوومەن بەسترا ئەندامان پێشیاری بە سوودیان پێشکەش کرد بەو هیوایەی ئەنجوومەن لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا بایەخیان پێ بدا .

لەو پێشنیارانە دەرکردنی کۆفاریکی نیو مەنگانە تەرخان بێ بۆ کاروباری ئەنجوومەن و نیشتمانی لە پارێزگاکاندا لە لێکولینەوەو باسکردنی دانانی بودجەی پارێزگاکان، هەروەها باس لە کێشەکانی ئەمرۆی ژیانی کۆمەڵایەتی کراو داوا کرا کە ئەندامانی ئەنجوومەن سەر لە ناوچەکانی هەلبژاردنیان بدەن و کۆر لەگەڵ هاوولاتیان ببەستن بۆ باسکردنی کاروباری رۆژانەیان ، دیسان باس لە مەسەلەی گرانی نرخی زەوی و زاری دابەشکراو بەسەر هاوولاتیاندا کرا کە دابەشکردنەکە لا لێکردنەوەی دلسۆزانەیە لە سەرەکی فەرمانده صدام حسینەوە لەبەر ئەوە ناکرێ شارەوانیەکان بە تەنیا مافی دانانی ئەو نرخە گرانەیان هەبێت.

لە کۆبوونەوەیەیەکی تردا بەوردی باس لە راپۆرتی ئەو لیژنەیە کرا ئەنجوومەن لە ١٩ ئەندام لە یەکەم کۆبوونەوەیدا پێکی هێنا بوو دەربارەی سکالای پالێوراو عواطف رحیم و قەو باسیکی ورد لەسەر ئەو راپۆرتە کرا کە دوو لایەن تیایدا دروست بوو لایەنێ پشتی بریاری لیژنەکەی گرت کە مەسەلەکە بگەڕێتەوە سەر لیژنەی سەرپەرشتکاری هەلبژاردن لایەکی تر رەخنەی هەبوو داوای دەکرد سەر لە نوێ بە مەسەلەکەدا بچینەوە ، دوایی بریاری لیژنەکە خرایە دەنگدانەو بە زۆرترین دەنگ سەرکەوت .

دوکتور سعدون حمادی سەرەکی ئەنجوومەن دەستی ریزی نا لە کاروباری لیژنەکەو دوویاتی کردەوە کە ئەنجوومەنی نیشتمانی دامەزراویکی دیموکراتیەو لەسەر ئەم ریگایە ئەرکەکانی خۆی بۆ سوودی رەوتی سەرکەوتوومان بەجێ دەهێنێ و دوایی کۆبوونەوە کە تەواو بوو بە هیوای ماوەدان بە لێکولینەوەی وردتری پێشنیارو داواکارەکانی ئەندامانی ئەنجوومەن.

بەتەنگەوە هاتنی کاروباری خەڵك

● وەلامێك لە شارەوانی هەولێرەوە ●

بەرامبەر ئەو سەرنجەی لەژمارەی ٨-١١-١٩٨٤دا بەرچاوی شارەوانی هەولیرمان خستبو ئەم وەلامەمان پێگەیشتوە وەك خۆی بلاوی دەکەینەوە ، لەگەڵ سوپاس و ریزمان بۆ شارەوانی هەولێر کەبەتەنگ مەسەلەکەوە بوەو سەرکەوتنی هەمووان بۆ سوودی گشتی دەخوازین .

وەلامەکە :
بۆ رۆژنامەی هاوکاری ئازیز

سلاوێکی گەرم

لەرۆژ نامەکەتاندا لەرۆژی ٨-١١-١٩٨٤و لە لاپەرەی دووەم سکالایەکتان لەسەر شارەوانیمان بلاو کردبوەوە ئێمە لەناخەوە سوپاستان دەکەین و هیوادارین ئێوەش لەگەڵماندا هەردم هاوکاری بکەن بۆ جوانی وپاکی شار بەلام دەربارەی ئاوی بەنگ خواردووی ناوشار ئەوە پێویستی بە زیراب هەیە و دروست کردنی زیرابیش تایبەتیە بەبەرپوەبەرایەتی ئاو وزیرابی هەولێرو ئێمەش بەبەردەوامی چارەسەری ئەم جورە پیسی و ئاوپشتنە دەگەین و دەبێ هەموو کەسێك و ئێوەش بزانن کەشاری هەولێر زۆر گەورە بووە وپێشکەش کردنی خزمەت بەقەد ئەم گەورەییە هاوکاریەکی زۆری دەوێ لەلایەن دەزگاکانی میری تریش و هەموو هاوولاتیەك و هیوامان وایە درێغی نەکەین وەك چۆن بەبێ وەستان ئەندامان و ئامێرەکانی شارەوانی خەریکی خزمەتن بەپێی خشتەیەکی دانراوو بەسەند کراو وئێمەش سینگ فراوانی ورەخنە وپێش نیاری کشتلایەك دەخەینە پێش چاو ئیتر هەربژین بۆ خزمەت شاری هەولێری دێرین ...

ئەندازیار
تەحسین ئیسماعیل ئیبراهیم
بەرپوەبەری شارەوانی هەولێر

رو بە رو

دوای ئەم ئوتومبیلە کەون !

ئەمجارە ، لەگەڵ هاتوچۆی هەولێر ، ئەدوێین .. باسی ئەو هەموو کێشەیە ناکەین کە رو بەرووی هاوولاتی ئەبێتەوە ... بەلکو بە ژمارەو رۆژو سەعات نموونەیەکی کەم تەرخەمی و هەستنەکردن بە رادەی لێبرسراوی دەخەینە رو..

سەر لە بەیانی رۆژی ٢٩-١٠ .. سەعات ١١ی تەواو ئوتومبیلی ژمارە ٤٥١ی هاتوچۆی ناوبراو چی نەکردو بۆ کوێ نەچوو ؟! .

لە نزیك بەرپوەبەرایەتی هاتوچۆ ، دوو خاوو خێزانی کردە ناو ئوتومبیلەکەو .. پاشان بە لەسەر خۆیی یەکێکیانی لە بەردەم شارەوانی هەولێر دابەزاند. ئەوی تریشیان لە نێو بازاڕ، دلنیام بۆ کڕینی خواردەمەنی و سەوزەی ئەو رۆژە.. ئەنجا، هەر بە هێمنی ، لە بەردەم نووسینگەی «دادوەری» وله لای چەپی شەقامەکەو لەو جەنجالەو لە شوێنی قەدەغەو دەجار قەدەغەش بۆ ماوەیەکی دوور وەستا.. دلنیام دوای ئەوەش شتی تری کردووە ، بەلام لە داخانا هەناسە تەنگ بووم و جێم هێشت !

* شێرزاد *

هاوکاری سعدی مهدی صالح

دەستەیەك لە جەنگاوەرانی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی بەرێ دەکا

دەستەیەکی تازە لە جەنگاوەرانی کەرتی هەردوو قادسیەی سوپاسی میللی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی بەرەوبەرەکانی پێشەوە بەرێ کەوتن بۆ وەرگرتنی شەرەفی بەشداری کردن لە جەنگی قادسیە صدامی پیرۆزدا .

هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی و ئەمیندارییەتی نووسینگەی رێکخراوی ژووری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ووتەبێژی پێشکەشی کرد بۆبەرێ کردنی جەنگاوەرەکان و لە پێشەکیدا سلاوی بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسینی پێگەیاندن و داواکردنی سەرکەوتنیان .

هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی هەرێم خۆشحالی خۆی دەبڕی بۆ ئەو وەستانەی رۆلەکانی گەلەکەمان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیداو پێشبرکێیان و سووربونیان بۆ وەدەستخستنی شەرەفی بەشداربوون لە جەنگیندا دژی هێزە زۆرداراکانی خومەینی بۆ بەرگری کردن لەسەر بەخۆیی نیشتمانی سەربەرز .

هەروەها ووتی کۆبوونەوەی رۆلەکانی دجلەو فوراتی نەمر لەو دەوری سەرکردە مێژوویەکەیان و سووربوونیان لەسەر پلیشاندنەوەی دەسدرێژکردن وپووچکردنەوەی خەونەکانی زۆرداراە چاوچنۆکەکان .

هەروەها ووتی توانای گەلە سەربەرزەکەمان و سوپای قارەمانمان رۆژ لە دوای رۆژ مەزنتر دەبێ و هیچ شتێك لە بەردەم دوژمندا نەماوەتەوە پاشی ئەوەی پیلانە ئابوورییەکەیان گۆڕکرا کە رژێمی تاوانکاری حافظ اسد سەرکردەی دەکرد ، جگە خۆ بە دەستەوەدان نەبێت بۆ مەنتقی هەق و دادپەروەری، هیچی دەست ناکەوێ ئەگەر بێتو لە گەمژەیی خۆی بەردەوام بێت جگە هەمان ئەو چارە نووسەرەشەی لەجەنگەکانی (سیف سعد)ی نەمردا دوو چاری بوو .. ئاواتە خوازی خۆی دەربڕی بۆ جەنگاوەرەکان بۆ سەرکەوتنیان لە بەجێهێنانی ئەرکی بیرۆزیان .

جەنگاوەرەکان بە هوتاف لێدان و شایی کردنەوە پەیمانی خۆشەویستی و لایەنگیری خۆیان تازە کردەوە بۆ سەرکردەی گەلەسەرکەوتووەکەمان بەرێز سەرەك صدام حسین و سووربوونی خۆیان دووپات کردەوە بۆ دەستەوە ساندنی قورس لە هێزەکانی دوژمن تا وەکو وەدیهێنانی سەرکەوتن بەسەر دەستەو تاقمی شەڕخوازو دەسدرێژکەرانەی خومەینیدا .

هەروەها لەم بەرێکردنەدابەرێز زهیر القادری پارێزگاری تەئمیم و هاوڕێ خالد سلیمان سەرکردەی سوپای میللی ناوچەی تەئمیم و هاوڕێیان ئەندامانی سەرکردایەتی لقی تەئمیم و سەرکردەی بەش و تیپەکانی حزب وسەرەکەکانی رێکخراوە پیشەیی و میلیەکان لە پارێزگاداو جەماوەرێکی زۆرلە هاوولاتیان بەشداریان کرد .

ئا. د.ع

کوشتنی دیلە عیراقییەکان

تاوانێکی دژبە مرۆڤایەتی و باوەری موسڵمانە

● رژێمی خومەینی دوای ئەوەی کە لە هەمووبەرەکانی جەنگدا رووخانی بە چاوی خۆی دیت بەدەست سوپای ئەبەزمان ..ئینجا رێگەیەکی تری پر لە شەرمەزاری گرتە بەر کە ئەویش گوللەباران کردنی دیلە عیراقییەکان بوو ، ئاشکراشە ئەم کارە ناڕەوایە ئەلەگەڵ رێزەوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا دەگونجێ نە لەگەڵ (پەیمانی ژنیف)دەربارەی دیلی جەنگدەگونجێت دەنگی ناڕەزایی بەرزکرایەوە دەربارەی ئەم هەڵوێستە پووچەڵەی رژێمی مەلاکانی تاران ، گەلی عیراق زیاتر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە هەر قەترەیەك خوێنی ئەم دیلانە دەبێ بە مێژوویەکی پر لە سەرفرازی و بە فیرۆ ناچێ.

لەم پێودانگەوە لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا کە بۆ ناڕەزایی دەربرین رێك خرابوو ، چەند خوشك و برایەك رای خۆیان دەربڕی بەرامبەر بەم تاوانە ناهەمواری کە ئەم رژێمە بۆگەنە دەینوێنێ .

● کاك احمد طه محمد کرێکار لە مەلبەندی لێتۆژینەوەی کشتوکالی وتی :ـ

هەر لە دێرزەمانەوە دیل کوشتن هەڵوێستێکی ناڕەواو دژی عورف و یاسا بووە ، بەلام لە لای رژێمی خومەینی بۆتە کارێکی ئاسایی و لەم رۆژانەدا هەر چەند هەوڵی بۆ دەدرێ هەر ناتوانێ بە سێدارەدانی ژمارەیەکی تری دیلە عیراقیەکان کرد ... ئێمەش لێرەوە دەنگی ناڕەزایی خۆمان دەردەبڕین و بەرپەرچی ئەم جۆرە کارە ناڕەوایانەی ئەم رژێمە دەدەینەوەو بە هەموو جیهان ڕادەگەیەنین ئێمە دژی ئەم هەڵوێستە ناڕەوایانەین .

● خوشکە امیرە حنا لە بەرپۆەبەرایەتی خزمەتگوزاری پۆستەو تەلگراف وتی :ـ

گوللەباران کردنی دیلە عیراقییەکان زیاتر ئێمە سوور دەکەن لەسەر تەفروتوناکردنی رژێمی خومەینی قین لە دل .. ئەو رژێمەی نەمانای یاساو نەمانای مرۆڤایەتی دەزانێ .

ئاواتەخوازین کە هەموو ئەوانەی کە باوەڕیان بە ئینسانی هەیە چاو لەم تاوانە نەپۆش .

● کاك عزیز مصطفی لە دەزگای بیرهەلگەندن دەڵێ :ـ

بەپێچەوانەی سەرکردە خوێن رێژەکانی تاران هەفالی تێکۆشەر صدام حسین هەمیشە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە رێز لە دیل بگیرێ چونکە پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت رێزی گرتوون ، گەلێك موبادەرەی چاك هاتە کایەوەو بەبێ موقابیل عیراق لەسەر زمانی سەرەکی خۆشەویست صدام حسین ژمارەیەکی زۆری لە دیلەکانی ڕەوانەی ئیران کردەوە، ئەمە هەڵوێستی عیراقیەو هەڵوێستی خوێن خۆرەکانی ئیرانیش دیل کوشتنە .

● خوشکە حسیبە مربین لە بەرپۆەبەرایەتی خزمەتگوزاری پۆستەو تەلگراف وتی :ـ

ئەگەر کوشتنی دیلە عیراقییەکان لە لایەن رژێمی بەکرێگیراوی ئیرانەوە وەسیلەیەك بێت بۆ سەرکەوتنیان ئەمە مەحالە، چونکە گەلی عیراق هەتا مێژوو ماوە ئەمە بە کارێکی ترسنوکەکان دەداتە قەلەم و بە هەڵوێستێکی نامرۆڤانەو خوێن رێژی یەوە دەبینێ ..

● کاك زیاد علی محمد لە کۆمپانیای گشتی رستنو چنین وتی :ـ

رژێمی خومەینی لە بەنای ئاینی موسلمانێتی هەزارو یەك کردەوەی دوور لە باوەڕو ئایینی ئیسلام دەکات ، کەی لە پەیرەوی ئایینی موسلمانێتی ڕەوایە ڕەوایە دیل بکوژرێت ... کە ئەمڕۆ ئەم رژێمە بۆگەنە لەم پەنایەوە ئەو کارە ناڕەوایانە دەکات ، با باش بزانێ کە هیچ کەسێك باوەڕی بەم رژێمە نیە ، چونکە دوورە لە هەموو ئەخلاقیەتێکی ئینسانی و ئیسلامی .

● خوشکە پروین محمد علی ، لە بەرپۆەبەرایەتی ئاوو زیرایەکان دەڵێ :ـ

وا بۆ پێنج ساڵ دەچێت دەجەنگین دژی ئەم رژێمە بۆگەنەی ئیران ، هەمیشە سەرکەوتووین و لە هەر جەنگێکیشدا بە دەیان دیلمان کرتووە ، بەلام بە مامەلەیەکی مرۆڤانەوە سوپای ئەبەزی عیراق لەگەڵیانا جولاوەتەوەو رزگاری کردوون لە مردنی خومەینی .

ئەو رێبازە نامرۆڤایەتی یەی کە رژێمی خومەینی پەیرەوی دەکات بە کوشتنی دیلە عیراقییەکان ئەمە مەسەلەیەکی بێ ویژدانی یە کە لەگەڵ هیچ عورف و عادەتێکی ئینسانی و ئیسلامی ناگونجێ، جا پێویستە رێکخراوو دەزگا دەولەتی یەکان چاو لەم کارە ئەپۆشن و بەرپەرچی ئەم کارە ناڕەوایی یە بدەنەوە .

ناظم دلبەند
لقی هەولێر

لە ئەخۆشخانەیەکی هەولێر :

نموویەکی داهێنەرانە

باری ژیانی نوێمان هەلی بۆ مرۆڤ خولقاندو لە گەلێك لایەنی دیاری ژیانەوە دەستی داهێنانی خۆی بەکار بێنێ و بواری پێشکەوتن کراوەتەوە .. .

جاران لە ئەنجامی نەخۆشیەکی سووك ، مرۆڤ دو چاری کێشەیەکی گەورە دەبو ، تەنانەت زۆر لە باو باپیرانمان بەو چەشنە نەخۆشیانە سەریان ناوەتەوە ، کەچی ئەمڕۆ ، گەلێك دەردی قورس و بکرە مەحال لە ئەنجامی سروربوونی پزیشکەکان چارەسەر دەکرێن ..

کاتێ هەوالی سەرکەوتنی عەمەلیاتێکی ئەم دووایی یەی ئەخۆشخانەی هەولێرم بیست بۆ چارەسەرکردنی ئەخۆشی شێر پەنجە لە زماندا ، زیاتر لە جارێك گەڕام بۆ دەسگیربوونی راستی یەك دەربارەی ئەم ئەم تەفەللایە دلسۆزانەیە لەلایەن یەکێ لە پزیشکە لێهاتووەکانمان کە دوکتۆر صالح احمد توفیقی ناوەو لە سالی ١٩٧١ەوە دامەزراوە ..

دوکتۆر صالح ئەحمەد ، دبلۆمی لە ئەخۆشی یەکانی گوێ و قوڕك و لووت هێناوەتەوەو ، لە شاری لەندەن خوێندنی تەواو کردووە .. ئێستاش لە کۆلیژی پزیشکی و ئەخۆشخانەیەکی نوێیە لە هەولێر ..

دەربارەی ئەم تەفەللایە دەڵێ :

لە ژیانی رۆژانەی خۆمدا، گەلێك جار روو بە رووی ئەخۆشی وا دەبمەوە کە چارەسەرکردنی مەحالە .. لەوانەش ئەخۆشێك هاتە لامان و گیروەی تووشبوونی ئەخۆشی شێر پەنجە بوو لە زماندا .. کە نیوەی زمانی گرتۆتەوە ... من و دوکتۆر محمود دوو برین پێچ لەسەر ئەوە رێ کەوتین کە تەفەللایەکی بێ ئەندازە بدەین بۆ رزگاربوونی ئەخۆشەکە.. ئەوەشمان بەراستی جێ بەجێ کرد .. ئەوە بو حەوت سەعاتی رەبەق لە یەك ژوور ماینەوە .. ئەنجامەکەشی توانیان بگەینە مەبەست ئەم کارەش، وا ئەبێ لە دەرەوەدا ئەکرا بێ ، بەلکو بەش بە حالی خۆم ئەم بیستووە تاکو ئێستا لە کوردستاندا ئەنجام درابێ ... زۆریش خۆشحالم کە هەولەکەمان بە فیرۆ نەچو ..

● دوای ئەوە ، چوینە یەکێ لە بەشەکانی ئەخۆشخانە ، کە لەوێ ئەخۆشەکە خۆی هاتە قسەو پێی ووتین :ـ

دوای گەڕانو ماندووبوونێکی زۆر ، گەیشتبوومەرادەی نیگەرانی و بێئومێدی .. دەتوانم بڵێم کە ئەم دوکتۆرە لێهاتووەی ئێمە ، دوبارە ئومێدی ژیانی پێبە خشیمەوە ..

هەروەها ئەخۆشەکە کە **« مەغدید باجەلان »ی ناوە ووتی :**

چەندە بەختەوەربووم بەوەی کە باری ئەندروستیم گەڕایەوە سەر خۆی ، دە ئەوەندە بەختەوەرم کە لە وولاتی خۆماندا مرۆڤی وا بە تواناو لێهاتوو هەلکەوێ ...

● شێرزاد ●
لقی هەولێر

Institut kurde de Paris

نیو سەدە لە هونەر...

نیو سەدە بەخشش

تەمەنی خۆی ، تەمەنی‌نزیکەی پەنجا سال ، لەگەل شانۆ ، بردۆتە سەر ،کەچی ئێستاش کە دەدوێ، لە هونەرمەندێکی خوێن‌گەرم‌و شەیدادەچێت کە بەتواناو تاقەتی هونەرمەندێکی راستەقۆ بەرامبەر بەپیشەکەی خۆی‌دێتە کۆڕەوەو ، بەرامبەر بەمەش نازانێ بۆتاقەتی‌وماندووبوون‌چیە ، چونکە ژیان‌و عەشق‌و خولیاوخەونی خۆی لە هونەردا دەبینێ‌و بەرامبەر بەسەرکەوتنی لە هەرکارێکی هونەری‌دا هەست بەلەدایك‌بوونەوە دەکات ، چونکە ژیان بەبێ شانۆ لەلای« صفوت جراح » بەووشك‌و برینگی دەمێنیتەوە ..

● شێرزاد عبدالرحمن ●

● هونەرمەند لە گورتەیەکی‌ژیانی‌دا ●

ـ لە دەرچوانی پەیمانگای‌هونەرە جوانەکانە سالی ١٩٥٩ ـ ١٩٦٠و بەیەکەم‌دەرچوە لە پەیمانگاکەدا .

ـ ماوەی چوار سال‌مامۆستای شانۆ بووەو ماوەی چوار سالی تر سەربەرشتی‌ـ کاری هونەری بوە لە چالاکی قوتابخانەکاندا .

ـ یەکێك بوە لە دامەزرێنەرانی تیپی نەتەوایەتی کە لەسالی ١٩٦٨تیایدا دەستی کردووە بە نواندنی چالاکی شانۆیی‌وپاشان بوە ، بەرێوەبەری تیپەکە ١٩٧١ ـ١٩٧٥ .

ـ ١٩٧٦ بوە بە بەرێوەبەری‌کۆشکی رۆشنبیری‌و هونەر ماوەی دوو سال ئێستابەرێوەبەری تیپی نەتەوایەتی هەولێرە .

ـ کاری لەم فلیمەعیراقی‌یانەدا کردووە « سەرەتاو کۆتایی ، چەندمالێك لەو گەرەکەوە ، قادسیە ، مەسەلەی گەورە،ئەمەو سەرباری دەیەها شانۆگەری تیپی نەتەوایەتی‌بەغداو زۆربەی ئەو چیرۆکە تەلەفزیۆنی‌یانەی کە ئەم‌تیپە تۆماری کردووە .

● یەکەم هەنگاو ●

مامۆستا صفوەت ،بەدرێژی باسی ئەو رۆژە شیرینانەی‌کرد کە لەگەل‌هونەرو هونەری شانۆ بەتایبەتی بوە بە ئاشنا ،بەتایبەتی تەمەنی تەمەنی کۆیە ، یان بەسال لەسالی١٩٤٠و پاشتر ، ئەمەش بەرێکەوت ، چۆن ..مامۆستا صفوەت دەڵێ : « بەبیرم دێ‌و نایێ ، منداڵبووم زۆرم حەز دەکرد تەماشای سینەما بکەم ،فلیمێك هاتە کۆیێ ، لەگەل دایکم چوینە ئەو فلیمە کەباسی شەڕو شۆڕی دەکرد ،

هەر لە خۆمەوە لەگەل‌پاڵەوانی فلیمەکە دەژیام‌و ئازایەتی ئەو کابرایەم خۆش‌دەویست‌و دەمەویست لاسایی بکەمەوە .. کەچی‌پێم نەدەکرا ..

● سەوداسەری هونەر ●

هەندێ کەس ، ژیان‌وبوونی خۆیان لەو عەشقەدا دەبینن کەخەونی پێوە دەبینن‌هونەرمەند صفوەت ، لەیادگارەکانی خۆی ،دەگێڕێتەوە ، « من منداڵ بووم ، هەر لەوساتەوە هەرهیوام هونەر بوو ، بوونی لەوساتەوە هەر هیوام هونەربوو ، بوونی خۆم لە شانۆ دەبینی ، لەتەختەی‌قوتابخانەدا دەنیشتم‌و بیرم لەو خەونە پاکە دەکردەوە ،کە ئایا بنیادەم چۆن دەبێتە هونەرمەندو دەبێ چی بکات‌تا وەکو بتوانێ بە خشتیك پێش‌کەش بەژیان بکات . .بیرم لە هەموشت دەکردەوە ، بەڵام ئەنجام‌ئاواتم هەر لە شانۆدا دەگیرسایەوە .. ئێستاش‌بەمن وابێ، هەمودەم لەشانۆ نزیك بم ، ئەو دەمانەی کەلە شانۆ دوور دەکەومەوە هەست بە بۆشایی‌ونیگەرانی دەکەم .

● شانۆی ئەم سەردەمە ●

کە هاتینە سەرباسی شانۆی کوردی ، مامۆستا صفوەت داوای‌کرد ، کە سەربەستی بدرێتێ لە بیرواڕ دەربڕین ، بەتایبەتی هونەری شانۆی کوردی‌و ویستی بیروڕای خۆی لەئێوان دوێنێ‌و ئەمڕۆی ئەم هونەرە رەنگینەدا دەربڕێ .. ووتی :ـ « شانۆی کوردی ... ئەگەر ئەمە هەبێ‌بەشێوەیەکی گشتی ، بزووتنەوەیەکی تازەیەو مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی رێبازو ناسنامەی شی‌کاتەوە .. بۆیە لە هەڵسەنگاندنی ئەم‌لایەنە دەبێ بگەڕێنە دوواوە ، کە دەڵێم دوواوە ، مەبەستم مێژووی سەرهەڵدانی ئەم هونەرەیە کە عومری زۆر کورتەو لەچەند ساڵێك رەتنابێ ، ئەوانەی لەم بوارەدا کاردەکەن، لە هەر شارێك‌دا، بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێن ، وە لە راپەڕاندنی کاروباری شانۆیی‌دا ، زۆر لەم هونەرمەندانەش مەسەلەکەیان بە تەنیا « چێژ » وەرگرتووە ، واتە هیچ پسپۆری شارەزایی‌یەکی ئەکادیمی چاکیان لەکۆن‌و کەلەبەرەکانی شانۆدا نیە .. واتە مەرجە بنەڕەتی‌یەکانی دروستبوونی کاری شانۆیی لای ئەو تیپە هونەری‌یانەوە کەمە ...

● شانۆی گەوران . . . پاشان هی منداڵان ●

لە چوارچێوەی درانەکەماندا لەگەل مامۆستای هونەرمەند ، هاتینە سەر لایەنێکی زیندوو لە شانۆی کوردی‌دا ، کە تاڕادەیەکی زۆر خۆری ئەم‌لایەنە ئاواببووە ... کە ئەویش شانۆی منداڵە .. بەتایبەتی کە دەزانین

بروانە ل ٧

شانۆی منداڵان

بەلەمی ئەفسوناوی

لەسەر شانۆی سانەوی صلاح‌الدین لەرۆژی ١٣ـ١٠ـ١٩٨٤و رۆژانی دوایی .. خانەی بێ‌کەسانی سلێمانی شانویی‌ی «بەلەمی ئەفسوناوی» پێش‌کەش کرد، کەنوسەری چینی لاوشە ئامادەی کردوە ، رزگار کریم دەری‌هێناوە ..

ئاوازەکانی ئەم شانۆیی‌یە، هەردوو هونەرمەند ئەنوەر قەرەداخی‌و ولیم یوحنا ئامادەیان کردوە ، شان‌بەشانی منداڵە بەهرەوەرو هونەرمەندەکان چەند هونەرمەندێکی‌تر بەشداریان کردوە ، وەك هونەرمەند عمری کەریم ئاغا ، هەردوو هونەرمەند یاسین قادر سمیدو خوشکە پەری احمد محمود کەقوتابی پۆلی چوارەمی دەرهێنانە هەروەها هونەرمەند محمد غریب ناجی‌و کەسانی‌تر.. ئێمەش ئەم چاوپێکەوتنەمان ئامادەکرد .

باکۆ احمد .. کەتەمەنی ١٢ ساڵە لەقوتابخانەی ناوەندی گویژەیە یەکەمجارە بەشداری شانۆ ئەکات ، لەشانۆیەکەدا دەوری سوارەی ئەبینی ، کەوەك پەپولەیەکی شەبدای شانۆی منداڵان بەدەوری شانۆکەدا ئەخولایەوە .

ووتی :ـ بونی شانۆی باوەڕ پێکراوی منداڵان بێویستە ، تاوەکو ئێمەش بەسەربەستیەوە بەشداری بکەین ، مەرجە لەگەڵیا بژیم‌و لەراهێنان دوا نەکەوم .

پاشان هونەرمەند فەللاح عزالدین کەقوتابی پۆلی یەکەمی سانەوی شۆڕشە.. دەوری میرۆلەی گەورەی ئەبینی .. لەمیهرەبانی‌و سۆزی گەورەی یارمەتی‌دان‌و کارکردن‌و بیرکردنەوە مرۆڤ ئەگەیەنێتە ئەنجام، دەربارەی بەلەمی ئەفسوناوی ووتی :ـ

ـ بەلەمی ئەفسوناوی نیشانەی خۆشەویستیەکی گەورەیە ، بۆهەنگاونان‌و دابین‌کردنی سەربەستی ، کەئاواتی ئێمەیە لەسوار بونی بەلەمەکەو یارمەتی‌دانی‌ـ قەوماوان ، بەراستی شانۆی منداڵ لەئاسۆیەکی بەرزدا ئەبینرێت ، زۆر پێویستە .

ماسی‌گرەکە هونەرمەند سازان عمر دەورەکەی ئەبینی قوتابی پۆلی دووی ناوەندی ژینە .. لەرووی بەشدار بونی لەشانۆدا ووتی :ـ

تەنها بەشداربوونمان لەشانۆدا ، مەرجنیە بۆسەرکەوتنی شانۆ بەلکو هاندان‌و دەست‌گرتن ، بەتایبەتی باوکان‌و دایکان‌و مامۆستایان ، کەدەورێکی گەورەیان لەپێش‌خستن‌و هاندانی منداڵان‌و رووکردنە شانۆ ...

قوتابی کەژاڵ علی کەلەبولی پێنجەمی سەرەتایە ،دەوری شاهەنگی ئەبینی ، هەستی خۆی وا دەربڕی :ـ

لەو ساتەدا هەست بەگەورەیی‌و خۆشەویستی‌و راستی ئەکەم بەرانبەر مرۆڤ .

لەکۆتایی‌دا هونەرمەند هەوار جەمال ، کەئەویش دەوری سوارەی ئەبینی ، جگە لەوەی گۆرانیەکانی شانۆگەرێکە ئەڵێت ووتی :

کەدێمە سەر شانۆ هەست بەوە ئەکەم وەك مامە ئەلە کەگەل راستیدا بکەم ، کەبەرزی مرۆڤەو لەگەل خولیاو بیری هونەربدا یەکسانن ، داواکاریشم ئەوایە بەرهەمی منداڵانی کوردیش بۆتەلەفزیۆن تۆمار کرێت .

ئازاد ـ سلێمانی



شانۆی زیندانی لە رانیە

لەرۆژی ٤ـ١٠ـ١٩٨٤،وەبۆ ماوەی چوار رۆژ ـتیپی نواندنی رانیە ـ بەشێوەیەکی‌سەرکەوتووانە لەشانۆیی (زیندانی)دا بەدیداری‌جەماوەری ئەم‌شارە ئاشنا بوونەوەو توانیان لەو چوار رۆژەدا دڵی جەماوەر بکەنە‌ئامێزی بەهرەکەیان‌و چرکە بەچرکە هەستونەستیان‌پێشوازی پووداوەکانیان بکات .

لەراستیدا کاك (سیامەند مامە) کەدەرهێنەری ئەم شانۆگەریەی بوو رێبازێکی بەهرەمەندانەی گرتبووە بەر لە دەرهێنانەکەیدا . وەتواتیبووی سەرکەوتووانە سەرلەبەری جەماوەری ئەم شانۆیی‌یە رەزا بکات‌و جێگەی بایەخ پێدان‌بێت بۆی . ئەمەو جگە لەوەی گشت ئەکتەرەکانی شانۆگەری‌یەکە دەورەکانیان بەشێوەیەکی واقیعی وەدەر دەخست . وەبەتەواوی کەوتبوونە ناو جیهانی پووداوەکان . بەتایبەتیش هونەرمەندان (نزار صالح‌و ئەنوەر حسین‌و عوسمان ابراهیم‌و قوباد رشید و برایم تاقانە ..)

ئینجا بەئامانجی نزیك بوونەوە لەو تیپەو چالاکی‌یەکانی ، حەزمان‌کرد کەڕووبەڕوو بینەوە لەگەل دەرهێنەرەکەیداو لەگفت‌وگۆیەکدا ئاوا دوا :

(تیپەکەمان لەسالی ١٩٧٨ دامەزراوە . بەڵام لەبەر ئەوەی ئیجازەی رەسمی‌مان نەبووە (وەك تیپێکی هونەری) ، نەمانتووانیوە لەجوغرێکی تەسك‌دا دەرچین !! تەنها ئەوەنەبێ کەبەیارمەتی مەڵبەندی لاوانی رانیە ، توانیوومانە تائێستا (٣) جار لەسەر شانۆوە خۆمان بەجەماوەر پیشان بدەین .

جاری یەکەم : لەسالی ١٩٧٩ لەمیهرەجانی لاوانی کوردستان لە (ئامێدی) ، کەبەشانۆگەری (ئاوازی سەنگەر) بەشدارمان کرد .

جاری دووەم : لەسالی ١٩٨٣ لەمیهرەجانی لاوانی کوردستان لەدهۆك شانۆیی (دەرمان)مان پێش‌کەش کردو ، پلەی یەکەممان وەرگرت .

جاری سێهەم : ئەم شانۆنامەیە بەناوی (زیندانی) کەهی نووسەری بەناوبانگ (ولیام مارۆ) یەو مامۆستا (رەئووف بێگەرد) ئامادەی کردووە . کە جەماوەرێکی گەورەی هونەر دۆست بەگەرمی هاتن بۆبینینی بۆماوەی چوار رۆژ] ..

نیازی حمە عزیز
رانیە

چەند پەیڤێت کەڤنار

محمد حسن بنافی

هندی ڕۆژا پاشترە ،خەلك پتر وەرارێ دکەت و ب پێش دکەڤیت ل جیهانێ، تشتێت کەڤن کێم دبن و بەرف نەمان دچن یێت نوی‌جهێ وان دگرن و ل مەیدانی خوە دهلاڤێن . بگرە ژسنعەتی ، درامەتی و کارێت ڕۆژانە یێت خەلك پێ‌ڕادبن نەمازە ل کوردستانێ.

بڤی ڕەنگێ مە گوتی زمانزی وەرارێ دکەت‌و ب پێشڤە دچیت .... سالبۆ سالێ پەیڤێت کەڤن لسەر زارێ خەلکی سڤك‌دبن و نامینن ، یێت نوی شوینا وان دگرن .لێ ب ڕاستی ئەڤە نەوەراوە دزمانی‌دا ، ئەگەر هندەك‌پەیڤ ژێ بێنە هندا کرن ، چونکی ئێك پەیڤ ب‌تنێ ژزمانەکی بەرزە ببیت کێماتیە بۆ وی زمانی .

ئەگەر مرۆڤ مەیدانا‌سنعەتی ل کوردستانێ بکریت دێ بینیت گەکەك‌تشت ئان پەیڤ دڤێ مەیدانێدا بەرف مرنێ دچن‌و ئەم دکارین بێژین هندەکێت ژێ مرین .

وەکی : هەفریشك ،خندار ، کوپرنج .. .. هتد ژبەر هندێ من ب پێتڤی‌زانی هندەکا ژڤان پەیڤا دانمە بەر چاڤێت خوینەڤانا..... هیڤیدارم ئەز شیابم مڤای بکەهینم وان کەسێ‌دخوینن .

کۆل : دبەرێ دا کۆلل گەلەك دەڤەرێت کوردستانێ چێدکرن و کارێ‌خوە پی دکر، دهێتە دروست کرن ژ هندەك دەپێت پاشکەف ئان دوو سێ تەنەکەکا و هندەك دارێت درێژ .ئەڤ کۆلە ل وان دەڤەرا دهاتە چێکرن یێت ئاسێ و چ‌ڕێ نەدجوونێ و گەلەك بەفر لێ دهات ، دا بەنە سەرێ‌کرەکی ئان پەسارەکی ئان کێشن بۆ وی جهێ‌ڤیابا ، ڤێ گافێ گەلەکا کێم بوی و ئەم دشێین‌بێژین نەمایە .

کونورە : کونورەیژ دارێ بەڕوی ئان مازی ئان دینداری چێدکەن ، درێژاهیا وی نێزیکی مەترو نیڤایە ، ژ زەندکا دەستێ مرۆڤی زراڤترە ، دیسا ل وان دەڤەرێت بەفر لێ دباریت بکار دئینن بۆ هەلگرتنا ستریا وەکی : تەختێت کیڤارا، تویسیا ، کرنکا ، سەرتەشیکا ، باخوخێ ... هتد .

کترە : کەڤەکا گیایە ئان نیف تەخا چلی‌یە ئانژی نیف ملێ بەلك سپیندارا ، بیا ، هەلزی ... هتد بقەد وەریسکەکی ڤە گرێ ددەن و ب بەر بێچکا ڤەدکەن ئانژی ب بەر لێوازا ڤەدکەن دابخون . دبێژن وی قەد وەریسی « کترەبێنك » .

کوروە : نانە ، دهاتە پەحتن ژ ئارێ گەنمو‌کی و گارسی ، دبەرێدا ژاری و ژویری یا منسەتر بوو ژبەر هندێ داگارسی و گەنمو‌کی بەن ئاشی و هێرن، بێ‌گومانە ئارێ وان نەوەکی یێ گەنمی‌یە . چاخێ دکرە نان ، نانێت وی دپەحن نەبون و ب تەنویرێ ڤەددان .

دینهە : زارافەك بوو خودانێت پەزی بکار دئینا ل وان دەڤەرێت بەفر لێ دباری ، زڤستانێ دناف کوتانێت پەزی‌دا ئانژی ژ دەرڤەی کوتانا بەفر دپەجنت و ڤەدبیا و ئالف ل سەر د دا پەزی .

هەبك : ئامیرەکە تەڤنکەر ل کوردستانێ بکار دئینن ، دەمێ تەڤنی دکەن و دافا خوە دبن ڕا دبەن و ب بەڤشی دئینن بەرو ب هەبکی ڤەدڤوتن و دشدینن سەرك، ئەڤ هەبکە ژ ئاسنی دهاتە چێکرن ژلایێ ئاسنگەرافە .

پیزك : ئەڤە ژی ئێکە ژ ئامیرێت تەڤنکەرا ، پیزك بێ‌فرهە وەکی نان وەرگێڕکی، بەڤشی دبن دافێت تەڤنی‌ڕا دبەن و ڕادکەن سەر تی دا تیرك‌دبنڤە بچیت و دافێ بکەن تەڤنی .

دارتەڤن : دوو دارێت نەکورتن و نەدرێژ ئان نێزیکی ، مەترو نیڤا درێژ و قەڤتەکێ ستویر ، هەر دوو سەرێت وان زراڤ دکەن و دئێخن دارێت چارچوڤێ و دافێت تەڤنی پێڤە ئاسێ دکەن ل هەر دوو سەرا .

خندار : ئەو زەڵامە یێ ڕەنگا دکەت ، دچەرخێت چووی‌دا سنعەتی وەرار نەکربوو وەکی نوکە دجیهانێدا نەمازە ل کوردستانێ ، باهرا بنر سنعەت دناف خوەدا چێدکرن . خنداری ژی دوو جورن ، جورەك دهاتە چێکرن ژ ئاسنی ، جهالك و خرار پێ دکرن ، جورێ دی ژ داری دهاتە چێکرن و چانتك و پارزوین پێ دکرن، کارێ پێژکی ئەوە دافێت تەڤنی پێ ڤادڤێرن و ژ نوی‌تیرکێ دبنڤە دبەن .

گور : دەمێ تەڤنی ڕادچنن دێ گور کەن ، گور دارەکە ددانن سەر دافێت تەڤنی . تەڤنکەر گورێ دروست دکەت و دافێت کورێ پێڤە خلف ددەت و ئاسێ‌دکەت ، مفایێ فێ گورێ ڤافێرتنا دافایە .

بەڤش : ئەڤ زارافە ژی ژ لایێ تەڤنکەرا ڤە بکار دهێت ، بەڤش دەبکەکێ گەزەکێ درێژە و پیچەکێ ئێکە ژوان سنعەتا ، هری‌و مەرەزو ڕیسێ بەرگیزا شین و سور و کەسك دکراچی ڕەنگێ خودانی ڤیابا .

داردنگ : ئەو دارن یێت‌سافار پێ دقوتا ، دارەکێ بهوست و نیڤا درێژو دووبهوستا ستویر ڕەخێ (تل)ێ وای جهێ دەستکی دهێلانێ و دەستکەکێ دوو گەزا درێژ دبرێ و سافار پێ‌دقوتا . ڤێ گافێ دار دنگ نەمانە و سافارا دبەنەناشی دڤوتن و دهێرن .

هەفریشك : خارنە ،شڤان لنك پەزی بۆ خوە چێدکەن و دخون ، شیری‌ددوشن ترارى و نانی هویر دکەن ناڤ و تێك ڤەددەن‌هەتا ئەو شیر هشك دبیت دبێژنێ « هەفریشك »ب‌ڕاستی خارنەکا خوەشە و ب تامە .

لیان : وەکی کالکێیە ، ژدارا چێدکەن ب شێوەکێ بازنەیی و زەڵام دکەن پێ‌خوە چاخێ بەفر مشە دباریت هێشتا ل سەرك نەشتای و نەبوی کورشە دا ل سەر بەفرێ دانەچن و نەمبنن‌دبەفرێ ڕا .

ڕەشك : ڕەشك ژی وەکی‌کالکا بوون بەس گەلێربا ناڤبەرا وان ئەوە کالك ژبەناو بنەکێ لاستیکی چێدکر ، ڕەشك ژ پاتەوکنجرێت شەل‌و شەیکا چێدکر و چ بنێت لاستیکی‌نەدبرنێ و بنێ وێ ژی هەر ژ وێ بخوە بوو و دکرەبێ خوە ، بەلێ پشتی پێلاف مشە بوین ڕەشك ژی‌نەمان .

ڕوتك :ـ شەلوالە ،دبەرێدا قوماش هند دمشە نەبون ئێجا خەلکی ل وان‌دەڤەرێت سارو بەفر لێ دباری ڕوتك چێدکرن بۆخوە پاراستنا ژ سەرمایێ . ڕوتك ژ بەنێت هریسێ‌دروست دکر ، کەلێت وی ژێك دڤر بوون و شوینا شەلوالی ئان دسەر

بروانە ل ٢

Institut Kurde de Paris

تا ئەم رادەیەش نا

● کەمال غەمبار ●

لە هاوکاریی «ژمارە ٧٥٩» لاپەڕەی ئەدەب و رۆشنبیریدا ووتارێکی کاک «لەتیف «هەڵمەت»م خوێندەوە بەناوی «مشت و مڕێکی ئاشتیانە» ، تیادا سەرنجی خۆی بەرامبەر چەند شتێك دەربڕیبوو کە لە ڕاستیدا پێوستیان بە هەڵسە نگاندن و کەمێك وردبوونەوە هەیە . من بەشبەحاڵی خۆم لە هەندێکیاندا لەگەڵیدام و لە هەندێکی تریاندا لەگەڵ جۆری بۆچوونەکەی نیم و دەتوانم بڵێم زیاد ڕۆیوە.

دەربارەی سەردانی گۆڕو جێنۆرەکەی پیاوێکی دانا و زانایەکی وەکو شێخ مارفی نۆدەیی و پیاو چاك و ئودارانی تری کوردو ڕێزلێنانیان لەك شتێکی پێویستە ، بەڵکو ئەرکی سەرشانەو نیشانەی هەست کردنە بە بەرپرسیاری بەرامبەر ئەو کەسانەی کە خزمەتی کەڵو وولات و ڕۆشنبیریی کوردییان کردووەو گیانی خۆیان لەو ڕێگە پیرۆزەدا تۆ ناکردووە بەڵام کام کەس لە ئێمە بە خەیالی دا دێ کە ڕێکەی کەوتە بەغدا سەرێك لە مزگەوتی شێخ عبدالقادری کەیلانی بدات و کەمێك لە ئاستی گۆڕەکەی کەلە شاعیری کورد شێخ ڕەزای تالەبانی بوەستێ و ئەم شاعیرە گەوردیەی بێنەوە بیر ، هەروەها دەبێ گۆڕی شاعیرو نووسەرانی ترمان ئەمڕۆ لە چ حاڵێکدا بن و چەند پەیکەرو کۆتەڵ بۆ ڕۆشنبیرو ئودارانی کورد لە شەقامو گۆڕەپانەکانی کوردستان کراون تا دڵمان خۆش بێ و بڵێین ئۆخەی ئێمەش تۆزێك خوێنی دڵسۆزی و وەفاداری لە دەمارەکانماندا جووڵاوە .

لە ڕووی لاسایی کردنەوەی ئەتەکێتی بیانەش دیسان شتێکی ناسازو ناماقوولە . بەتایبەتی بەکارهێنانی هەندێ ووشەو زاراوە کە ئەو قوتابیانەی لە دەردەوە هاتوونەتەوە بەکاری دەهێنن ، ئەو جۆرە ووشانە لەناو دەستەو چینێك باوە کە خۆیان وا دادەنێن کە چینی باڵان و وەك بڵێی ئەوان خاوەن زمانێکی تایبەتین . دەبێ جیاوازیان لەگەڵ دەستەو چینەکانی دیکە هەبێ . بەڵام ئەم جۆرە کەسانە هەرچەند خۆیان بەزل و باڵا بدەنە قەڵەم بەلای زۆربەی زۆری خەڵکەوە دواکەوتوون ، چونکە لە واقیعی کەلەکەیان دوور کەوتۆتەوە ، خووو خاسیەتێکیان گرتووە کە خۆماڵی نیەو تەنیا لاسایی کردنەوەیە ئەمەو زۆر نەریت و داب و ڕەفتاری خوازراوەو داهاتووو وەرگیراو کە نیشانەی شارستانیەتی و بێشکەوتن نیە ، چونکە مرۆڤ بە جۆری جل و بەرك و هەندێ ئەتەکێتی ئەوروپاییانە نابێ بەڕۆشنبیرو زاناو دانێ . هەروەها بەکارهێنانی ووشەی بێگانە وای لێ ناکات پایەی بەرز بێتەوە ...

ڕاستە ئەو جوانیەی کە لەناو کوردەواریدا هەیە هاوتای کەمە ، بەتایبەتی جوانی بێئارایش ، جوانیەکی سروشتی ، بێگەرد بەتایبەتی لە کوندو دێهاتەکاندا ... بەڵام بۆ یەکێك دەچێتە دەردەوەو خۆی بێناگیرێ لەوێ ژن دەهێنێ ، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ ئەوە بزانین کە ئەو بەهاو ڕەوشتانەی لە ئەوروپادا باوە بەتایبەتی لە ڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە زۆر جیان لەگەڵ واقیعی ئێمە . ئەو توانایەی کە بۆ خوێندن دەچێتە دەردەوە هەندێ بەهای لای خۆمان پشتگوێ دەخات و بەهای نوێ وەردەگرێ و دەگەڕێتە ژێر کارتێکردنی و ژندێنێ . باخود هەرزەکارانە بیر ئەکاتەوەو پەیوەندی لەگەڵ کچێکدا پەیدا دەکات و دەیخوازێ . زۆرجاری وا هەیە ژن هێنانەکە سەرکەوتووەو جاری واش هەیە لێك دادەبڕێن . چونکە کە ژنەکە هاتە وولاتی ئێمە لەگەڵ واقیعی ئێمەدا ناگونجێ و دەبەوێت وەکو ئەوروپا لێخورێت و بۆی دەس نادات . هی واش هەیە ناچار دەبێ لەگەڵ باری نوێ کوزدران بکات و کیرو گرفتی وا ڕووناداتە کە دڵیان لێك بیەشێ و بیێتە هۆی جیابوونەوەیان . ئافرەتی واش هەیە فێری کوردی دەبێ و منداڵەکانیشیان کوردی یەکەو زمانی زگماکی دایکیشیان دەزانن لەبەر ئەو هۆیانەی باسم کردن قوتابیانی ئێمە لە دەردەوە ژندێنن ، نەك لەبەر جوانی بەکە ئەکینا جوانی ئافرەتی کورد لە کوێ و هی بیانە لە کوێ ؟ هەشە دەچێتە سەر ئەو باوەڕە کە ئافرەتی لای خۆمان ڕۆشنبیر نین . کە ئەمەش لە ڕاستیدا بۆچوونێکی ناتەواوو هەڵەیە ...

بەشی دووەمی نووسینەکەی کاك لەتیف کە لە بابەت ئەدەب و هونەردودیە . جۆرە زیاد ڕۆیشتن و تێکەڵ کردنێکی تێدایە ... ئەدەب و هونەری بەردەلانی (عیشق وجودی) ئەگەر لە ناودرۆکدا بووچەڵ و سەرلێشیواو بێ لە ڕووی فۆرمەوە بەرزو مەزن و داهێنان و نوێ کردنەوەیان تیایە . کە دەڵێ : «من بەشبەحاڵی خۆم گەلێ چیرۆکی چیرۆکنووسە ناودارەکانی جیهانم خوێندۆتەوە .. بەدڵنیاییەوە دەڵێم زۆربەی ئەو چیرۆك و ڕۆمانانەی کە بڕوباگندەیان بۆ کراوەو بۆ دەدەکرێ کە گوایە شاکارن .. زۆر بێبایەخن و ئەگەر لە بەرەڕەتدا بەکوردی بنووسرانایە خەڵك گاڵتەی بێ دەکردن» باشان کاك هەڵمەت چەند نموونەیەك بۆ بەڵگەکەی دەهێنێتەوە کە گوایە ڕادەی چێژو سەرکەوتنیان لە ڕادەی چێژو سەرکەوتنی ئەو بەرهەمە جیهانیانە کەمتر نیە کە بەشاکار ناودەبرێن . ناوی چیرۆکنووسەکانیش لەبەك ئاستدانین و بەرهەمەکانیان ئەك لەگەڵ بەرهەمی جیهانی بەڵکو بەلای خۆشمانەوە هەی ئەوەنین بەو جۆرە ناوی ببینین و لە ڕووی هونەریەوە کزو لاوازن ... جا با بێنەوە سەر ئەو بەراوردی کردنەی کاك لەتیف کە لە نێوان شیعرو چیرۆکی کوردیو جیهانیدا دەیکات تا بزانین تا چ ڕادەیەك بۆچوونەکەی ڕاستو دروستە . بەلای منەوە دەبێ سنوورێك لە نێوان شاعیرە کلاسیکیەکانمان و شاعیری ئەمڕۆ دابنێین ، چونکە ئەو بارودۆخەی کە بۆ شاعیرە کۆنەکانمان ڕەخسابوو زۆر جیایە لەگەڵ هی ئێستا . چونکە شاعیرە کۆنەکانمان ئەوپەڕی سەربەستیان هەبوو کە لە شوێنێکەوە بچن بۆ شوێنێکی ترو هەموو ناوچەکانی کوردستان بگەڕێن و هەر مەلاو زانایەکیان بەدڵ نەبوایە بچووبانایە لای یەکێکی ترو دەرسیان لە لا بخوێندبا ، جگە لەمە لەو سنووردش تێدەبەڕین دەچوونە ئەستەمبۆڵی پایتەختی سەلتەنەتی عوسمانی و شام و حجاز و ئەحساو یەمەن و شوێنی تر شەوو ڕۆژ خەریکی خوێندن و دەورکردنەوەو دەمەقاڵو کۆڕبەستن و هۆنراوە — دانان و فێربوونی زانیاری ئەو کاتە بوون — بۆیە زۆربەی شێوەی ئاخاوتنی کوردیی ئەو سەردەمەیان دەزانی و زمانەکەیان باراوو ڕێك و پێك و پتەو بوو .

بڕوانە ل ٧

لبەراهیکن سوپاسداری وان کەسانین یێ کو پێ کولن دکەن و بازاری فلکوری کوردی گەرم دکەن ڕاستی برادەران هەکەر چینکا بەردای بت هەمی کەس دێ بنراقێ کەن کو بێن بدەن .

لێ ئەمروکە چینکا ڕەخنێ لکەلەك کەسان یا بەردایە وە کەلەك کەس هێشتا نەکەهشتینە وەستیکا دێ هەڤالینێ دکەل کوڤارو ڕوژنامە دکەن وە بەرهەمێ کیماسی تێدا دێ بەلاف کەن بێی مۆخەل و بێژینك کری لێ هەکەر ڕەخنە یا ساخ بت ئەڤ ڕویدانە دێ کەلەکا کێم بت یان هەما نابت . لێرە سە هندەك ڕەخنە یاهەی لسەر پەرتووکا دەنکێ دور ژهوزانیت گەنج حەسەن جەهودری لبەراهیێ سوپاسیا وی دکەم بو وێ ڕەنجا وی کێشای لێ براو هێشتا فێقبێ تە نەکەهشتبو وە تە کر دێ بلا مایا بۆ باشە ڕوژێ نزکە دێ ڕەخنا خۆ کەینە خال و لسەر ناخفین ...

١ — هوزانا « هەوار » بپ «٥٠»

کەلی هوکرا دێ هەرن
هەوارێ ...
بکەهنە یاری
بێژنێ خەمام ئەم خوارن
هورانفانی دبێژیت کەلی
هۆکرا دێ هەرن هەوارێ
بکەهنە یارێ .. مادەم
هەوارە لدەف تە وە تە
دەیت بکەهینە یاری دەیت
بێژی ...

هەوارە
بکەهنە یارێ
هەوارو کازی فایدەتاکن
مە ناکەهینن چ ئارمانجێ
کولێ دلێ مە ساخ ناکەن
باشە سەرێ هوزانی
« هەوارە » تەدەیت بکەهنە
یارێ ... تۆ بخو
لرەخەکێ دی دبێژی هەوارو
کازی فایدە ناکەن وە کولیت
دلێ تە ساخ ناکەن باشە
با هەوارا بێ نوژداری وە
چارەسەرکرن بۆ چی یە ؟

٢ — هوزانا «نەختی کران » بپ «٧»

لسەرێ هوزانی هوزانفانی
مە یێ گوتی ئەڤ پارچە
هوزانە بێش کێشە بۆ وان
دەیبابیت دل ڕەق یێ کو
ژینێ لکەچا کورد تەحل
دکەن . دڕێز کەکێ دا
هوزانفان نەرازی بوینا خۆ
دیار دکەت لجیهانێ براوو نێ
ئەڤ تشتە مالا تە چێ دبت
نەل یا کەسێ دی . چنکو
کوردستان بەشەکێ بچویکە
ژ جیهانێ .

٣ — هوزانا « تو دزانی » بپ «١٤»

بەینا دووێ
هندەك قیز بر نە زانن
نزانن دلێ مە بری کولن
کولو دەردێ میانێ
ژ ئەمینا تە نارینێ .
دێ کا بلا خوێندەوان
مان جوار ڕێرکا بخوێنن
کا ئەمە دێ چارەسەریا
چکەن وە دێ د ج کەهن
چنکو تە بخز یا خۆیاکری
کو هندەك قیز بر نەزانن .
ئەو نزانن دلێ مە بری کولن
مادەم ئەو قیز نەزانن مادێ
چەوا زانن کو دلێ مە تژی
کولن .

٤ — هوزانا « نێرکزا چیایی «بپ «٢١» نێرکزا من
هەمالا من
من بەز نانی سەرێ چیایی
دا بجینم ئەوی کیایی
قەفدەکێ . دووا دێ چنم
دا بسینکی دوستێ مەکم .
باشە مە زانی کو تە بەز
نینا سەرێ چیایی وە تە کیا
بۆ جانە . لێ تو چەوا دبێری
قەفدەکێ دووا دێ چنم
ود بسینگێ یارێ قەکەم . ما
ئەو کیایێ مروف بۆ بەزی
دچینت مامروف دکەتە دیاری
بو یاری ماژخونە دەستکەکێ
کولو ڕوحانی
نێرکزانە . ود هەر
دیسا پەیفا «دێ چنم» نەیا
دجهێ خۆ دایە . چنکو
ئەم دروینێ بو بەژنا کیای
بکار دئینن ..

٥ — هوزانا نێرگزا چیایی هەر دیسا .
نێرکزا من
ئەفینا من
بێهن خودش وکەلەك
ڕەنگان .
پەیفا ڕەنگان لفێری
بکەسەفرێتی با هاتیە بکار
ئینان . درستیا وێ .
بێهن خودش و گەلەك
ڕەنگ .
یان .
بێهن خودش و کەلەك
ڕەنگین .

٥ — هوزانا «کەچا بێ سوز «بپ «٣٣» تەنها خەلەتیەکا ڕێزمانی یا هەی .
وێ ئەڤ دلێ منێ نەمیندار
تەفدە کێلان ... ...
تەفدە کێلان
١ — کێل « کێلا » کێلان
ئەفە ژلابێ ڕێزمانێ فە .
هەکەر ئەم بنێرینە فێ
بەیفێ دفێ هوزانی دا دێ
بینین بشیودیا کو هاتیە
بکارئینان . باشە ما دل
دسنیگێ مەدا بە ئێکە
فێجا بۆچی کێلان هاتیە
بکارئینان .

٦ — هوزانا «نەشتیم» بپ «٣١» .
ئزا بۆچی کەلەك جارا
بەیت یشیودیەکا دوجارکی
هاتینە نفیسین ئزا ئەڤ
خەلەتیە ژ چاپیە یان
ژ هوزانفانی یە .
لددماهیکێ هیفی دارم
ئەڤ ڕەخنە وە ئەکەت کو
هوزانفانێ مە ڕەستی
ژفەلەمی بەردەت . بەلێ
ئەو بتە هەڤ ئەزی ئێ
ڕەخنێ لبەرهەمیت باشە
ڕوژێ . هیفی ئەوە ژ هەمیا
بەرهەمیت خو بخەملینن دا
لبەمی سیکا خەرج بتە بێ ی
چەوتی . وە هیفی ئەوە
تا کو بەرهەم ئەکەهست
دەست ئەکەنێ وە ئەچینن دا
ح کازندە نە ئینە کرن .

ڕەخنەکا

هەڤ دژل سەر

پەرتووکا «ڕەنگی دور»

حمید مراد — دهوك

دیاردەیەکی دلخۆشکەرە کە ئەوا ماوەی چەند ساڵێکە دەبینین بەشێکی زۆر لەو کەسانەی تازە دەست دەدنە قەڵەم وخۆیان لە دنیای ڕەنگینی ئەدەبدا تاقی دەکەنەوە ، لەچیاتی شیعر نووسین بەکورتە چیرۆك دەست پێدەکەن ،

چونکە چیرۆك نووسین لەناو ئێمەداو بکرە هەن لە کشت جیهانیشدا ؛ هونەرێکی نوێیەو پێویستی بە چاودێری کردن و بایەخپێدانە بۆ ئەوەی بکەشێتەوەو جێگای خۆی لە دڵو دەروونی خوێنەرانماندابکاتەوە . جگە لەمەش دەستدانە چیرۆك نووسینی وایشان دەدات کە ئەو نووسەرە تازە دەست پێکردووە لەپلەیەکی بێشکەوتووی هوشیاریەوە دەستی پێکردووەو ؛ زەمینەیەکی ڕەفساوی هەیە بۆئەوەی لە خودی خۆی تێبەڕێت و مەوزووعیانە بڕوانێتە ژیان و کۆمەڵی دەورو بەری . چونکە چیرۆك پێویستی بەخولقاندنی دنیایەکی مەوزووعیانە هەیە ؛ بە پێچەوانەی شیعرەوە کە زیاتر لە خودی نووسەرەوە هەڵدە هێنجرێت و ئەگەر شاعیر خاوەن توانا و بەهرەیەکی تەواو نەبێت ناتوانێت لە خۆی تێبەربکات و بەرهەمێك بدات بەدەستەوە کە نرخێکی هونەری و فیکری و کۆمەڵایەتیی بە کەلکی هەبێت .

لەم بۆچوونە بەشێکی چاکی دەزانین ئاوڕێك لەم چەند چیرۆکە بدەینەوە کە نووسەرەکانیان یەکەم هەوڵیانە لەخۆ تاقیکردنەوە لە دنیای ئەدەبداو ، ئینجایش ئافرەتن و هەر یەکەی گۆشەیەکی ژیان و تاقیکردنەوەی ئافرەت لە کۆمەڵی ئێمەدا دەخەنەروو شێتکی تازەیش نییە ئەگەر بڵێین ئەدەبی هەر میللەتێك — وەك کشت چالاکییەکانی تر — بەبێ ئافرەت هەر بەنیوە چڵی و ناتەواوی دەمێنێتەوە ، بۆیە جێ پەنجەی کەورە ئەدیبانی ئافرەت بەئەدەبی پێشکەوتووی گشت وڵاتێکەوە دیارو ئاشکرایەو ؛ بەڵکەی وەکو (خۆشکانی برۆنتی) و (فرجینا وۆلف) و (ئاتلی ساروت) و (غادە السمان) و (فرووغی فەروخزادە) و چەندین ناوی گەشەداری تر هەمیشە دیارو بڕشنگدار خۆیان لە دنیای ئەدەبدا دەنوێنن .

بۆیە کە برای بەڕێزم کاك (عبدالله عباس) ڕووی ئەوەی لێنام چاوێك بەو چەند چیرۆکەدا بخشێنم کە وادیارە لە ماوەیەکی کورتدا بۆ ڕۆژنامەی «هاوکاری ئازیز نێردراوە» ، هەستم بە لێپرسینەوەیەکی کەورە کرد ، بەتایبەتیش بەرامبەر بەوەی ئەگەر بێم پێشەکییەکیشیان بۆ بنووسم ، چونکە ئەم کارە لە چەند لایەکەوە زۆر وردو ناسکەو پێویستی بە دڵسۆزی هەیە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیدا بۆئەوەی ڕێگەی ڕاستی خۆی بگرێتو وەکو ناواتی بۆ دەخوازین بگەشێتەوە .

★ بەبێی سەرکەوتوویی چیرۆکەکان — بەلای منەوە — بەکەمیان چیرۆکەکەی خۆشکی بەرێز (دڵسۆز عبدالرحمن سۆران) ـەکە بە ناونیشانی «لە دوو توێی ژانێکدا» یە . نەك هەر تەنیا لە ناو ئەم چەند هەونە نوێیانەدا بەڵکو لەناو چیرۆکی ئافرەتی کورددا بە هەرێکی سەرکەوتووی دەزانم و ؛ بەڵامەوە ئاسایی نییە خاوەن شارەزایەکی وەها ئەمە بەکەم بەرهەم بێت . چونکە لەڕووی هونەرییەوە تا ڕادەیەکی چاك وردو کۆك خراوەو گەلێك وردەکاریی هونەری چیرۆك نووسینی تیا بەکارهێنراوەو بەزمانێکی ڕەوان و گونجاو لەگەڵ بابەتەکەیدا چیرۆکەکە دارێژراوە ؛ لە سەرەتادا بە وەسفێکی چڕو خوڕەو ڕێ گرتکەر بۆ چوونە ناو چیرۆکەکەوە دەستپێدەکات ؛ ئینجا لە شوێنێکی پێویستدا بە مەنەلۆژێك کێشەکی دەروونی پاڵەوانە دەخاتە ڕوو . کە ئەمەیش چەند لایەکی گرنگی پەیوەندیی پاڵەوانی یەکەمو دووەمو تێکرای باری کۆمەڵایەتی وەکو هاوکێشێکی زات و مەوزووع

هوار چیرۆکی ئافرەتانەو چەند وردە سەرنجێك

● صلاح شوان ●

دەخاتە ڕوو کە دەڵێ : «هیچ عەیب نییە گەر لای وەستاکەی .. هند» ئینجا هەنگاو بەهەنگاو چیرۆکەکە بەکرژبوونەوە دەبات و کۆمەڵێك وێنەو ڕەنگاو هەستو نەستی سەرکەوتوو بۆ بابەتی چیرۆکەکەی بەکاردەهێنێت وەك : وەستایەکی مەزنی کەرو ، خوایێداوێکی مل هوڕو ؛ کۆمەڵێك شاگردی خوانەناسو ، باسی دەستڕویی و پێشکەوتنی

بڕوانە ل ٧

شۆخێکی ئەدیبو

ژانە انور بکر —
شەشی وبژەی
نامادەیی ئێوارانی کچان

سەرەتای ژیانت پربوو لە شادی دوور لە بەژارەو دوور لە بێزاری خاوەنی هەستو ڕەوشتی بەرز بوویت مانی ژیانت هەبوو لە لای هەموو کەس ڕێزت هەبوو بەڵام ئەو خۆشیەت هەتاسەر نەبوو خوشت نەتزانی هۆی چی بوو ئەولانە خەجیلانەیەی بنیاتت نابوو بۆچی هەردەسی هێنا ؟ ، وبسنت نەخشەیەکی نوێ بکێشیت و ڕەنگێکی ڕۆشن بۆ ژینێکی نوێ بڕێژیت یان چەند ڕستەیەکی پنەو بەژنیتەوەو لە سەر پەڕدیەکی بێگەرد دابڕێژیت بە جورێك کە ووشەی تاڵی تیا تۆمار نەکات بەڵام ئەمانە ش بۆسوود بوون چونکە نروسراوەکانت بێ نامە بوون هێندەی تر دەرگای کامەرانیت داخراو دەروازەی بەژارەیت بۆ ئاوە لابوو جرای ڕووناکیت خامۆش بوو . تووش تاوانبار نەبوویت لەمەی ئەم تاوانە لەخرێتە ئەستوی کێ ؟! . هوی چی بوو ڕۆژگار چەپۆکی ڕەشی دایت بەسەردا دەك باوەژنێکی بێ ویژدان لەقمی دەریای مەینەتی کردیت ؟! جاردنووسی ئەمەی هێنایتەڕێ بەك مرۆڤ . ئەی شەولی ژیان زوردار بردیتی یان دڵسۆزی بوو ، گرنگ هەر کەسێك بێت دالەت ئەدات . هەستت بریندار ناکات . بێ دلیشت ناکات . هۆی هەست بەکەمی کردنەکەت چی بوو ، بۆ چی خەڵەدکانت لە جووت لێوت تۆزابوون . چاوەکانت کانگای ئەسرینت بوون ؟ باووك چیت لێ بکات هیچی بێ ناکرێت هەزاری بێکاری نەخۆشی و بێلانەیی میوانی یەتی . مەلی شادی ژینی بە جارێك فریوە ؛ کەردەلوولی جارەنووسی بوو بەهۆی هەوەراندنی خرنچەی ئاواتەکانی هەرچەندە نەکەشابوونەوە لە باخی ژیاندا ڕانیچی کردن سەرەڕای ئەمانەش توانای بیرکردنەوەی سست بووە هەتا ئەخشەی دواروژ بکێشی یان جرایەکی هەڵ بکات ژیانی بر ئامۆژی حۆتو خوشکو براکانت ڕۆشن بکاتەوە . هەندێك جار بیردەوەی یەکانی بێشووت وەك وێنەیەکی فۆتۆگرافی ئەهاتە بێشچاو . بەردو ڕووبان ئەجوویت . باوەشت بۆ ئەکرتنەوە کە

بڕوانە ل ٧

پێشکێش

■ مسلم شكري عبدالرحمن ■

پێشکێشو ئەرزان
ئەو هەردوو گوڵدان
چون بێ سەراشوین
دێ بن بەشیمان

* * *

فرین فرینا بازا
لپەی ئەوان داخازا
هاتن خارێ وندابوون
کەفتنە گەڕێن قازا

* * *

ئەو مرۆڤاتی کانێ
سێر گەشا جیهانێ
لپێش چاڤێ وە چۆن
وە ئاوڕی بەردانێ

* * *

ئەون پێش چاڤا
کو ڤەدەن سلاڤا
مە ناسکرن هون
بەر سبەرو تاڤا

Institut Kurde de Paris

پرسیارێکی رووداو؟

وەرامێکی نیوەچڵ

ووتاری سێیەم :

لەبەرئەوەی نووسینی رۆمان وانە ربوایەت یان بڵێین چیرۆکی درێژ، کارێکی گرنگەو ئێجگار بە بەهایە لە هونەری چیرۆکنووسینداو تێکڕا لە ئەدەب و مێژووی فیکری مرۆڤایەتیدا ، لامان وایە ووتارێکی کورت و نیوەچڵ بەلکو دەیەها لێکۆڵینەوەی سەلمێنیش لە وێژەی نایە ، بۆیە ناچارین ئەمجارەیش کاری رۆمان‌نووسین و هێندێ لایەنی بخەینە بەرتیشکی رووناکی‌یەکی زێدەتر .

دەستبردن بۆ گێڕانەوەی ڕووداوی هەمەڕەنگ و هەمەلایەن بەجۆرێ کەسەردەمی رووداوەکان سەردەمێکی چەند ساڵە دەگرێتەوە ، وەك دەساڵ، چارەگە چەرخێك ، نیوسەدە .. هتد . مێژوویەکی دێرینەی هەیە لەمێژووی بیرو هونەری مرۆڤایەتیدا .

داستانە کۆنەکان کە گێڕانەوەیان و هەوڵدانی تۆمارکردنیان لە ڕێی هۆنراوەوە بووە ،دەگەڕێتەوە سەردەمی شارستانی‌یە دێرینەکانی وولاتانی وەکو (میسوپوتامیا) ـ عیراقی ئێستا ـ یان شارستانی‌یە دێرینەکانی یۆنان و وولاتانی چین و هیندستان . ئایا

« د. احسان فؤاد

داستانی (گەلگامش) یان‌داستانی (ئودیس) یا هەندێ نووسینی ئاینی‌وولاتانی چین و هیندستان بێت گشتیان هەوڵو تەقەلای‌پیرۆزی‌ی مرۆڤایەتی دەردەخەن بۆ دەربڕینی‌ڕووداوی گرنگ و هەمە لایەن لەو سەردەمە کۆنانەدا،واتە لە بەرەبەیانی مێژوودا . هەروەها لەپاش‌ئەم سەردەمەش چیرۆکی (هەزارو یەك شەوە) لەرۆژهەلاتی ئیسلامیدا گەلێ چیرۆکی خەیالکردوسوارچاکی لە وولاتانی ئەوروپادا هەتا وەکو دەگاتەسەدەی شانزدەهەم کۆتاییان بە کۆششە رەنگینەکەی(سێرڤانتس)ی ئیسپانی دێت ، کە ئەم نووسەرەبلیمەتە لیمە بەندیخانەدا بەشێکی زۆری داناوە . ئەمانە هەمووی نموونەن :

نموونەی هەوڵی مرۆڤی‌زرنگ و بەتوانست و بەهرەوەر بۆ دەربڕینی‌ڕووداوو کارەسات و تێکرا چارەنووسی ئادەمیزاد لەم‌سەردەمانەدا . ئاشکرایە رۆمانی هاوچەرخ بەو چاوەی‌ئەمڕۆ رەخنەی‌ی لێ دەستی بۆ دەبات و لێی دەدوێت لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم پەرەی سەندووە تا بووە بەو لوتکەوپۆپە سەرکەشەی ئەمڕو رۆشنبیران بەچاوی ڕێزوتەقدیرێکی بێ پایانەوە تێی دەڕوانن .

بەکورتی پاش سەدەی‌وریابوونەوەو رۆشنبیری کە رێگایان خۆش‌کرد بۆبەرپا بوونی شۆرشی پیشەسازی ، ئەو هەموو گۆڕینە ئابووری‌و کۆمەڵایەتیانە بە جۆرێك‌جێگیر بوون کە ڕووی هەموو جیهانی گۆڕی ، بۆیە رۆمانی‌نوێ لەم سەردەمەدا بەو جۆرە دەبشکوێ‌وسەرهەڵدەدات کە دەبێتە ئەو کارە هونەری‌یەی بەبەردەوامی‌یەکی زیندووی داستانە دێرینەکان‌دەژمێردرێت ئەگەرچی جیاوازی‌یەکی یەجگار زۆری‌هەبە لە گەڵیاندا چونکە رۆمانی تازە بەرهەمێکی‌ناکۆکی‌و گۆڕانکاری‌یە گەورەکانی لاپەڕەکانی‌مێژووە کە بە تایبەتی لەگەڵ تیژبوونی ئەم ناکۆکی‌یانەداڵە سەردەمی گەشەسەندنی سەرمایەداریدا دەگاتە ئەم‌ئاستە بلندەی ئەمڕۆ .

هەروەها ئەوەش ئاشکرایەکە رۆمان بەو قەبارە گەورەیەی کە پێی‌ناسراوەو بەشێکە لە روخساری ، لە تاکە‌رووداوێکی شەخسی نادوێت . باسیەك تاکە رووداو یان یەك تاکەکەس ناکات ، بگرە کۆمەڵێ رووداو بە یەکەوە چارە سەردەکات‌و دەیەها نموونە کەس‌و دیمەن‌و شارو وولات‌و دەیەها ساڵ دەگرێتەوە ، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دوورو درێژتر لە مێژوو راستی‌یەکانی ئەو سەردەمە بدوێت‌و تۆماری بکات تا لە دڵو دەروونی خەڵکیدا دەیچەسپێنێ .

لەمەشدا پەنادەبانە بەر هونەر ، لە نیگارکێشانی ووردو ناسکدا ، بۆ ئەوەی کاریگەری‌ی خۆی بە شێوەیەکی تایبەتی بسەپێنێ بەسەر خوێنەرانیدا وەکو یادگارێکی زیندوو لە یادیان نەسڕێتەوە .

ناشتوانین هەرگیز سنوور بۆ شێوازو تەکنیکی رۆماننووس دابنێین . چونکە ئەمە بەری بلیمەتی‌ی جیرۆکنووس خۆیەتی ، چۆن بۆی دێت‌و بۆی دەڵێ چۆن بەسەرکەوتوو جوانی دادەنێت ئاوا دەیخانە سەر کاغەز . نووسەرێکی بە ناوبانگی وەك (تولستوی) دەساڵ خەریك بووە بە نووسینی رۆمانی (شەڕوئاشتی) وە تا گەیاندوویەتە ئەو پلەیەی لێی رازی بێ ، هێندێ بەرهەمی (دەستەیفسکی) چەندان ساڵی ویستووە بۆ نووسین‌و بەرهەم هێنانی، (سڤیفان زفایج) ساڵەهای ساڵ بە شوێن راستی‌و شاژنی جوانی فەرەنسای ڕووداوو کەرستەدا گەڕاوە تاڕۆمانی «ماری ئەنتوانێت»ی شاژنی جوانی فەرەنسای خستۆتە سەر کاغەز ، (والتەر سکوت)ی جیرۆکنووس‌و نووسەری ئەدەبیاتی ئینگلیزی زۆر وەختی خۆی بە گەڕان‌و پشکنین‌و کۆکردنەوەو بژار بەسەربردووە تاتوانیوێتی ئەو رۆمانە مێژوویانەی

بروانە ل ٧

ئاوڕدان لە

تاقی‌کردنەوەی شاعیرێك

مامۆستا کامیل ژیر کە خاوەنی تاقی‌کردنەوەیەکی تایبەتی‌ی خۆیەتی‌و هەفتی بەسەرکردنەوەیەتی لە سەرەتادا دەربارەی نازناوەکەی ووتی :

لەگەڵ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەم نازناوە بەهاودەمی کاری ئەدەبیم هاتۆتە کایەوە بەڵام پەیوەندی‌ی بەباری سەرنجی خۆمەوە هەیە بەرامبەر بەژیان ... پاشان بۆ دەستنیشان کردنی سەرەتای کاری ئەدەبی‌ی خۆی کەچۆن‌و کەی‌و لەکوێوە بوە وونی ئەم سەرەتایە چێژ وەرگرتم بووە لەئەدەب وەکو پەندی پێشینان‌و چیرۆکە فۆلکلۆریەکان‌و گوێ ئاگردانەکان‌و لەکاتی قوتابێتیش‌دا هۆنراوەکان کە زوو لە بەرم دەکردن و لەپارەشەوە یەکەم کاری ئەدەبیم هۆنراوەیەکە بەناوی (هەژار لەجەژن)دا لەساڵی ١٩٥٤دا لە رۆژنامەی (ژین)دا بڵاو کراوەتەوە ...

لەقوتابخانەی ناوەندی ئێواران تیپێکی نواندنمان پێکدەهێناو وەك ئەکتەرو نوسەرێك بەشداری چالاکیەکانی ئەو تیپەم دەکرد لە ساڵی ١٩٥٦دا شانۆنامەی [ئافرەت‌و نوشتە] نووسی‌و بە چاپم گەیاند ... خۆم ئەمانەم هەمووی بە کەم‌بەرهەمی کەلەساڵی ١٩٦١ دەستپێدەکات هەتا ساڵی ١٩٨٢ ئەمەشم لەنووسینی تر بەدەرنەبووە وەکوو شانۆنامەی گەورە هەوڵدانی سەرەتایی ئەزانی هەتا ساڵی ١٩٥٧ کە بەشداری پێش‌برکێی‌ی جوانترین هۆنراوەم بۆ بەهاری کوردستان کردو لەلایەن لیژنەکەوە کەبریتی‌بوو لە مامۆستایان علاءالدین سجادی‌و انور صائب‌و رشید عارف بەپلەی یەکەم هەڵبژێرا .

پاشان دەربارەی دەستنیشان کردنی قۆناغەکانی ژیانی ئەدەبی خۆی ووتی :

یەکەم : قۆناغی دەستپێکردن کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٩٥٤ تا ١٩٦٠ لەوماوەیەدا هۆنراوەو کورتە چیرۆك‌و شانۆنامەو نوسینم هەیە .. دیوانی یەکەمم بەناوی نازەنینەوە ساڵی ١٩٥٧ چاپ کردەو دیوانی دووەمیش ساڵی ١٩٦٠ چاپ کراوە .

دووەم : قۆناغی سستی‌و پیاو . جگە لەوەش وورده وورده هۆنراوەم هەر هەبووە .

سێهەم : قۆناغی دەستپێکردنەوە کە لە ساڵی ١٩٨٢ ەوە تائێستا بەردەوامە کەتیایدا بەشی سێهەمی هۆنراوەم تەواو کردو لەژێر ناوی اجوانی ـ جوانی ئافرەت]دا ساڵی ١٩٨٣ چاپم‌کرد لەگۆڤاری بەیان‌و تەلەفزیۆن‌و رادیو چالاکیم هەبووەو ئێستاش هەندێك پرۆژەی ئەدەبیم بەدەستەوەیە .

ئافرەت بەشی زۆری دیوانەکەیەتی کە لەژێر ناوی (جوانی)یە لێمان پرسی جگە لەزمانی شیعر بەکام پێوانە ئافرەت هەڵدەسەنگێنی وتی.

راستە ئەوەیان وایە بەڵام دیوانی کوردایەتی یەکێ هۆنراوەی لەسەر ئافرەت نبەو دیوانی نازەنینیش تێکەڵە ... جگە لەزمانی شیعر پێوانەم بۆ هەڵسەنگاندنی ئافرەت لەدوو گۆشەوە سەیری دەکەم یەکەم وەك مرۆڤ دومەم وەك رەگەزی مێینە ... ئەمەو دەست نیشان‌کردنی ئەوەی کەدیوانی (جوانی) جوانی ئافرەت بۆ ئافرەتێك زیاترە نەك بەتەنها یەك ئافرەت چونکە وەك خۆی دەڵێ لەورایەدانیم کە شاعیر بتوانێت تەنها بۆیەك ئافرەت هۆنراوە بڵێ مەگەر یەکێ هۆنراوەی هەبێت‌و کەبوو بەدووان ئەوە بۆ دوو ئافرەت وتراوەو ئەگەر کەسێکیش دە هۆنراوەی بەسەر یەك خۆشەویستی‌دا وتبێت ئەوە نۆیان تەواو کەری هۆنراوەی یەکەمن : من وتومە :

لەجوانی‌دا جوانی ئافرەت
هەندە مەودای فراوانە
ئەگەر ژیرین هەموو جوانن
هەرئافرەتە جۆرێك جوانە

فریا

حەیرانوکێت

مللەتێ

کورد

● عمر محمد حامد ●

هەکە مروڤ خۆ بەردەدە دناف فلکلورێ کوردی دا دێ بینیت کو باهرا پتر ژ فلکلورێ زمانێ کوردی یێ بەرزەیە یان بێ نخافتیە ل دەف هەفالا و ناهێتە بەلاف کرن لفێرە ئەز داخاز کارم ژ هەمی هەفالا و برادەرا هەچێ پارچەلا فلکلورێ ل دەف بێت بلا بێخیتە سەر بەرێت کاغەزاو بەر چاڤ بکەت دا گەنجێت وەلاتێ مە بهابەکێ ژێ وەربگرن باش داخاز کارم ژ هەمی هەفالا کو بەرێ خو ژ کارێت بێ بها بگورن و بەرێ خو بدەن کارێ وەسا کو مللەت بهایێ ژێ وەربگریت .. ئو بابەتێ مە یێ ئەفرو دێ هێنە سەر حەیرانوکێت دناف مللەتێ کوردا هەر ژ کەفن دا ئەفینداری یا کری و ژێ دزربە هەر نە بوون هەر وەکی بو مە دناف قاتا حەیرانوکێدا دەردکەفیت بەر هەمی کەچ و لاوێت کوردا دچاخێ بەری مە دا :

١ ـ کەچ : کورکا ئەزا سێری مە
ئەزا ب تەنکا کراسێ سپی مە
ما تو نزانی ئەز مریدا شێخی مە
٢ ـ کورك : کەچکێ ئەزێ ب لەزم
قولپا سینگێ خو قەکە
دا ئەز بکەزم
هەکە تو مریدا شێخی
بی
شێخێ تە ئەزم
٣ ـ کورك : هەرێ کچکێ ما تویا دینی ؟
تو ل بەر دەرێ خانیکێ مە دهێی‌و خو ئەد هەژینی من حەفت یارێت هەبن دێ تە دەم مزگینی .
٤ ـ کەچ : کورکا دینا ئەزا شوخم
ریکێت من خورمە نە مە مکێت من خوخن
دێ مەرکێ هەر حەفت یارێت نە
بەر بکا خو ئێفم .
٥ ـ کەچ : حەیرانا دەراری باسکە
بێ لێ دگەرن خەزالو ناسکە
دێ تو وەرە چەنگلێ من برەفینە
خو ژمالێ دنیایێ خلاس کە .
٦ ـ کورك : کچکێ دینێ ئەز وە ناکەم
ئەزێ خو ژ مروفێت خو ناکەم
هەکە تو بی گولا مەحەمەدی
ئەز فی نافی ل سەر سەر خو قەبیل ناکەم

قەد نامرت

● نزار بەزار ●

نۆ .. رۆژ زفرین ..
زفرین د گەل چەرخا فەلەکێ
ئەو خر نۆمێدێت تەر هشکبون ..
ب جارەکێ
ئەفان تەف باهۆرێت خەما
کوشتن ..
گرنژینا سافا
جەژن نەما ..
خەملا رویت هەمی رۆژا
بربا هەداری‌و
تەناهی
نەما ل ناف چافا بیناهی
لولو و یاقوت
بینە پەلێت گەش و مەزن
ناف دەستێت من ..
خوزی رۆژ نە زفربانە
مابانە ل سەرێ چیرۆکێ
ل ناف خۆشیا
رەهێتخو چکلاندبانە
راوستابانە..
ل سەرێ چیرۆکێ
راوستابانە..
بیان ژی مابام وەکی بەرێ
نە ل بەر تافێ ..
نە ل سیبەرێ
ئەز هەر زفریم
وێ تەمبیرا رۆژێت بەرێ
دا بە حەلینم ناف بەردێت‌وێ
نەخوشی‌یا ل گەل کەسەرێ
دا ب قەهینم ل سەر تێلێت‌وێ
کەلی کەسا .
ستیرانەکێ
ب گرینتن .. خو .. فەلەکێ .. !

● ● ●

چ نۆخ ..
د ناف زفرینا رۆژا هاتن
چ تاریی‌یە ..
قەد نائێتە روهنکرنێ ..
ب هزار .. تافا ..
نە گری .. نە گری
ئەی دلێ ژار
نە هێلە باڕانا ڕووندکا
گرنژینێ ب فەمرینتن
سوباهی دێ ..
عەور خۆ قەدەن
بەلاقەبن
تیشکێت تافێ دێ دیارین ..!
ئەی دلێ ژار
لومە نەکە
مەزنتربە .. ژ هەمی دەردا
ئەو رۆژ بۆرین ..
سەرمە زفرین
خولی ب سەرێ‌وا وەربتن
مانزانن .. ؟!
ل سەر رەهێت وەفادارین
دلو شینبو ئەفینیاتە
مانزانن .. ؟!
قەد هشك نابت
قەد نامرت ..!
ئەو ئەفینیاتە بائێکی
ئەو ئەفینیا دریماهیکێ ..!

یانەی هاوکاری

● **کاك سەرکەوت علي عبدالله . هەلەبجە :**
نابێ رێکە بەوە بدەیت کە بەهاری تەمەنت بەرەو لێژی مل بنێیت ..

● **کامەران کوبستانی سلێمانی .**
هیوادارین شتێکی باشترمان بۆبنێری .

رێبوار سعید رەشید لە بەغدا
« نامەکەت » تا رادەیەك خراپ نییە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕوانی ئەوەین کە زیاتر خۆت خەریك بکەیت .. داوای سەرکەوتنت بۆ ئەکەین .

● **بێبەش منتك دێرەوانی .**
وادیارە ئەو یادو حەزانە زۆر بەهێزن بۆیە ئەو شتەیان پێ ئەکرێ .. سوپاس .

● **برایان : چەنگاوەر ـ ا . م ه رێبوار عبدالله مارفو سەلام یارکەرەم :**
تکایە لەمەو دوا کە شتمان بۆ ئەنووسن یەك دبوی کاغەزەکە بەکار بهێنن .. چاوەروانی نووسینی باشتان لێ دەکەین .. سوپاس ،

● **خاوەنی ئەم نووسینانە .**
ئەورۆزێکی نوێ ، سرووددێك لە لادێ کەمان ، بۆ شەهیدێ : نووسینەکانتان زۆر سادەو لاوازن .. هیوادارین بابەتی باشترمان بۆ بنێرن .. زۆر سوپاس .

چرۆکان دەگەشێنەوە

● دایە .. دایە
چۆن بولبول ...
بەرگەی تۆفی زستان دەگرێ ؟
چۆن نامرێ ...؟
رۆڵە کیان ... ئەزانی بولبول بۆچی نامرێ ؟
بەرگەی تۆفی زستان دەگرێ
چونکە بە درێژایی زستان
بیرو رایەکی یەکجار گەرم
لە ناو دڵیا هەڵدەگرێ
چاك دەزانێ کەوا بەهار
هەردێ‌و دەیدا لە دەرکای شار

بەلێن ئەحمەد

● بە بیرت دێ
لە سوچێکی زۆر ترسناك
کە تۆم ناسی
تابلۆیەکی خۆشەویستی لە ناو دڵما خۆزی هەلواسی
کە تۆم ناسی لەیلا خانم
زانیم ژانی زامەکانم
بە نازێکی بزەی لەنجەت
بەگوشینی دەست‌و پەنجەت
سارێژ دەبێ

نەوزاد عەزیز ـ هەولێر

فریشتەکانی سەرشانم ئاگادارن
هەمو شەوێ ،
هەناسەی ساردی بابردووم
سنوری ئەستێرەکان پەی دەکەن‌و ..
چاوی شەو ..
کوێر دەکەنەوە :

ناسۆ سلێمانی

بەفرمێسکی قەتیس‌ماوم
دەریای ئازار دەسوتێنم
لەو جێژوانەی لەگەڵ خوێنما بەیەك دەگەی
شیعری تازەی شەونم ئاسات
بۆدەخوێنم

رزگار عمر

● وەك تریفەی مانگە شەوی
پایزێکی دوای سەربەلەی
ساماڵە شەو
پریشکەی کەش
بەسەر پرچی تێك ئالاوی
شەوە خەما دانەپرێژیت

عەتا فایق عوسمان

Institut Kurde de Paris

نموونەیەکی پێشکەوتووی بەرهەم

لەم کۆمپانیایەدا

لە چوارچێوەی گەڕانی هاوکاری » دا بەناو کارگەو بوارەکانی تری کارکردن ، بۆ بەسەرکردنەوەی توانا وەدەستی لێ هاتووی داهێنەرانە لە سەرگرتنی‌تاقی کردنەوەی نیشتمانی زۆر بوونی بەرهەم .

ئەمجارە ، چوینە کۆمپانیای گشتی‌ی پەلەوەری ناوچەی باکوور ، وە لەوێ بە درێژایی رۆژێکی تەواو بەخشنی کارگێرو کرێکارانی ئەم کۆمپانیایەمان بەسەر کردەوەکە هەموو ووزەو توانا و کۆششێك رێك دەخرێ‌و تەفەللای ئەوە دەدرێ ئەم دەزگایە ببێتە نموونەیەکی هەرە دیاری پێشکەوتن‌و داهێنان کە لە هەموو لایەکی ئەم کۆمپانیایەدا

● کاتێ لەم کۆمپانیایە ئەچینە ژوورەوە ، بەتەواوی هەست بەو کۆششە دەکرێ، بە تایبەتی کە سەرئەکەینە کێڵگەکانی بەرهەم هێنان .. ئەوە بو لە سەردانەکەدا چوینە دیدەنی مامۆستا نزار محمد بەرێوەبەری گشتی‌ی ئەم کۆمپانیایە بە وەکالەت‌و لە وەڵامی پرسیارێك‌دا دەربارەی بەرهەم‌و کۆششی زۆربوونی بەرهەمی لە ئەمسالدا ووتی :

بڕیاری هەڵمەتی زۆر بوونی بەرهەم ، کرێکارو کارگێری بوارەکانی کارکردن دەخاتە بەر دەم زیاتر هەست بە لێپرسینەوە لە قوربانی‌دان‌و لە کیس نەدانی کات .. ئەوەی کە لەم کاتەدا پێویستی دەکرێ ،ئەو راستی‌یەیە کە زیاترو بەگوڕتر لە جاران پێویستمان بە نواندنی توانای داهێنان هەیە .. کۆمپانیای پەلەوەر، سەربڕی بەردەوام بوونی جەنگ ، پرۆژەکانی رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندایە ، تەنانەت هەر لە زەمانی شەڕەدا پرۆژەی گەورە لە هەموو ناوچەکانی باکوردا کراونەتەوە ، کە کرێکار بواری کارو بەخشنی لە بەردەم کراوەتەوە .. سەرباری چەندان پرۆژە کە لە قۆناغی دووایی جێبەجێ کردندان..

لە کۆمپانیاکەدا چوارده کێڵگە هەیە ، کە هەریەك لەو کێڵگانە لە بەرهەم زۆر بوونداید‌ایەو هەموو ساڵێك بە پێی نەخشەی کارکردن ئەنجامی نەخشەکە بە ئیجابی ئەدەنە دەستەوە .. دەکێڵگە تایبەتە بە هێلکەو کێڵگەیەکی تایبەتی تریشمان هەیە تایبەت بە بە خێوکردنی مریشك .. دەستی لێ هاتووی شارەزا لەو کێڵگانەدا کار دەکەن‌و لە قۆناغی پەروەردەی مریشك دا ٣٢٫٠ هەزار مریشکی تێ دەخەین. وە لە ماوەی ساڵێك‌دا بە بەرهەمی ١٢٥ هەزار مریشك‌و «٦٠» ملیۆن هێلکەی خواردن‌و «١٤» ملیۆن هێلکەی هەڵێنان بەرهەم دێنێ ..

دەربارەی زۆربوونی بەرهەم چەندان کۆزرو کۆبوونەوەو دەست پێشخەریمان ساز کردووەو کرێکارو کارگێرانی کۆمپانیا لەم ماوەیەدا لە بە دەنگ هاتنی بڕیارەکە هەتا رۆژانی پشوودانیش کار دەکەن‌و بەرهەمی ئەو هیلاکی‌یەیان رۆژبوونی بەرهەم سەرگرتنی نەخشەی ساڵانەی کۆمپانیایە

● **بەرێز دوکتۆر محفوظ یحی سلیمان کە یاریدەدەری گشتی‌ی کۆمپانیەکەیە ... دەربارەی بەردەوام بوونی پرۆژەکان ووتی :**

لێژنەیەکی تایبەتی بۆ بەسەرکردنەوەی زۆربوونی رادەی بەرهەم هێنان پێك هاتووەو لەلایەکی تر کرێکاران داهێنانی خۆیان نواندووە بە دروست کردنی کەل‌وپەل‌و کەلك وەرگرتن لە پاشماوەکان‌و کاتی رۆژانەیان .. لەگەڵ ئەوەدا پرۆژەکانمان لە زۆر بوونداید‌ایە .. بۆ نموونە پرۆژەی هەمەجۆر لە ناوچەی تەقەتەق‌و طوز-خورماتوو دهۆك دێتە بەرهەم .. لە طوزخورماتوو لەم مانگەدا پرۆژەکە بە توانای ١٠٠ ملیۆن هێلکە لە ساڵێك‌دا دێتە کایەوەو لە شەرگات بە توانای ١٠٠ ملیۆن هێلکە لە ساڵی داهاتوودا دێتە بەرهەم‌و لە دهۆك بە «٨» ملیۆن جوجەلە لە ساڵێك‌دا .. سەرباری قەسابخانەیەکی گەورە کە گونجاوە بەگوێرەی توانا‌و ووزەی پرۆژەکە . لە لایەکی‌تر تەقەللای فراوان کردنی پرۆژەو کێڵگەکانی پێشوو دراوە .. بۆ نموونە فراوان‌کردنی کێڵگەی سلێمانی بە توانای ١٠٠ ملیۆن هێلکە لە ساڵێك‌دا ، هەروەها فراوان‌کردنی پرۆژەی کەرکوك‌و هەولێر بە هەمان توانای بەرهەم هێنانی .

● **کاك هادی ابراهیم لێپرسراوی نەقابە لە کارگەکەدا دەربارەی لایەنی کارکردن دواووتی :**

کۆمپانیاکە گەورەیەو هەلێکی چاکە کە کرێکار دڵسۆزی خۆی تێدا بنوێنێ ، ئەوی راستیش‌بێ، پێشی هێرشی کارکردن‌و دوای ئەوەش ، هەموو توانایەکی خۆمان یەك خستووە ، ئەوە بوو لەم ماوەیەدا کرێکارانمان لە ئەنجامی ئەو بەخششە گەلێکیان خەڵات کراون .. هەندێ لەوانە مۆلەتی ئاسایی خۆیان وەرنەگرتووە. نەقابە لە کێڵگەی کارکردن‌و وەرشەو شوێنی‌تری داهێنان لە کۆرو کۆبوونەوەکاندا بەردەوامە .. لە نێوان «٤١٤» کرێکاری کۆمپانیاکەدا گەلێکیان شتیان داهێناوەو سی خولی تایبەتیشمان ساز کردووە .. لە پێشانگای کاریش لە بەغدا زۆر کەل‌وپەل لە دروست کراوەی کرێکارەکانی کارگە نیشدراوە کە هەریەك لەو کەل‌وپەلانە بە پارەیەکی کەم دروست کراون لەلایەن کرێکاران خۆیانەوە .

● **لە کاك عونی عمر سمان پرسی کە ئەندامی لێژنەکەیە ووتی :**

زیاتر لەوەش ،کرێکارانی کۆمپانیاکە لە خولی تایبەتی بۆ بە دەنگەوەهاتنی هەڵمەتەکە وەفاو دڵسۆزی خۆیان دەرخستووە لە ئامادەبوونیان بۆ بەدی هێنانی بڕگەکانی بڕیارەکە کە ئەرکی نیشتمانی‌یە ..

● دوای ئەوە ، چوینە دەرەوەی کۆمپانیاو زۆربەی کێڵگەکانی کارکردنمان بە سەرکردەوە ... کێڵگەکانی کارکردن .. کە بوە بە نیشانەی گەورە بۆ پێش‌کەش کردنی هەموو توانا‌و دڵسۆزییەك لە پێناوی زۆربوونی بەرهەم ،

● لە کێڵگەی‌یەك هەست بە نموونەیەکی دیاری زۆر-بوونی بەرهەم دەکرێ‌و لە کاتی کارکردندا خوشکە گلاوێژ فرنسی یاریدەدەری لێ پرسراوی کێڵگەیەدا ، کە کێڵگەی یەکەمی کارکردنی کۆمپانیایە، رۆژانە بیست سندووق زیاتر لە هێلکە بەرهەم دێ‌و هەریەك لەلای خۆی بڕیاری ئەوەی داوە بە قەدەر ئەو بەرهەمە زیاتر توانای خۆی بنوێنێ ..

● **کرێکار جمیل رشید ووتی :**

مەسەلەی زۆربوونی بەرهەم‌و دلسۆزی نواندن لە زیاتر بوونی بەرهەمی ئەم کۆمپانیایە ، بەپلەی یەکەم مرۆڤ خۆی ویژدانی لێ‌ی دەحەسێتەوە ، کە لەم رۆژگارەی ئێستادا بتوانێت بە ئەرکێکی دلسۆزانە لە پێناو خزمەتی گشتی‌ی‌دا کار بکات .. پاشان بەشداربوونێکی فراوانە لە خزمەتی کۆمەڵەکەی خۆی .

● **خوشکە ژیان علی ووتی :**

جێگەی شانازیمانە کە ئافرەتیش بتوانێ کاربکات‌و لە هەڵمەتی زۆربوونی بەرهەمدا کە خزمەتی خۆمانی پێ ئەکرێت بەخشێکی دیاری خۆی هەبێ .. ئەمەش توانا‌و دەسەڵاتی ئافرەتی ئەوی دووپات دەکاتەوە کە بۆی هەیەو رێگەی ئەوەی پێ دەدرێ لە شوێنی خۆی یارمەتی سەرگرتنی ئەو هەڵمەتە بدات .

● **بەڵام کاکی کرێکار عزیز محمد ووتی :**

کۆمپانیاکەمان تەقەللای داوە هەرچی لە توانای‌دا بێ بۆ بە دەنگەوەهاتنی هەڵمەتی زۆربوونی بەرهەم بینوێنێ کە هەموو کارگەو کۆمپانیاو شوێنی تری بەرهەم هێنانی خستۆتە بەردەم ئیش‌و ، کاری خۆی دیوە لە بەرەو پێشەوە چوونی بەرهەم‌و چاك کردنی‌دا ..

شێرزاد عبدالرحمن : لقی هەولێر

دوای دروستبوونی کۆمەڵێکی زۆر لە خانووبەرەو شوقەی نیشتەجێ بوون لە شاری هەولێردا ، بڕیاری کردنەوەی کۆمەڵەیەکی هەرەوەزی درا .

کە لە ماوەیەکی کورتی تەمەنی دروستبوونی‌دا توانیویەتی کەلێك چالاکی خزمەتگوزاری بنوێنێ‌و راستەوخۆ بە تەنگ کێرو گرفتی هاوولاتیانەوە بچێت‌و پێویستی ژیان‌و حەسانەوەیان زامن بکات .

لە نێوارەیەکی گەڕاندا بە ناو ئەو خانووبەرانە ، وەبۆ دیارخستنی دیارترین ئەرکی ئەو کۆمەڵەیە کاك یونس صالح سەرەکی کۆمەڵە ووتی:

دامەزراندنی کۆمەڵەی هەرەوەزی گەلێك ئەنجامی چاکی دا بە دەستەوە کە لەم ماوەیەی کارکردنماندا هەستمان پێ کردووەو گەلێك لایەنی خزمەتگوزاریمان هێناوەتە دی ... لە یەکەم هەنگاوەوە دەستمان کرد بە چاندن‌و رازاندنەوەی ناوچەکە ئەویش بە هاوکاری کردنی ئەمینداریتی کشتی کشت‌و کاڵ‌و چارەسەرکردنی کشت‌وکاڵ ، ئەنجا چەندان وەتالەی تایبەتیمان بۆ مسۆگەرکردنی پێویستی خواردەمەنی کردەوەو خەتی تایبەتی پاس بۆ گەڕەکەکانی کرایەوە . .

هەر لەو رێیەوە ، چەندان کۆزرو کۆبوونەوەی تایبەتیمان لەگەڵ دانیشتوانی گەڕەکان سازکرد بۆ پاراستنی خانووبەرەو بەجێهێنانی هەموو پێویستی‌یەکی حەسانەوەیان ..

خانووبەرەکان دابەشی چەندان شوێن دەبن ، لەوانە کەڕەکی ئیسکان ٥٢٠ خانووی نیشتەجێ‌و ، ٩٢ خانووکە تایبەتە بە دەزگای ئاوو زێرابەکان‌و ٦٠ی تر نە زانیاری.. بڕیار درا بە کردنەوەی ١٢ دوکانی تایبەتی بۆ ئەو گەڕەکانە ..

ئەوە بو هەردو کۆمەڵەی هەرەوەزیمان کردە یەکو بە رادەیەکی زۆر پێویستی دانیشتوانمان بەجێ هێنا ..

کۆمەڵ بە ئامادەکردنی پلیتی نەوت‌و گازو خواردەمەنی بۆ دانیشتوان هەڵدەستێ‌و خەریکی ئەوەشین بۆ هەر یەك لەو خێزانانە پلیتی تایبەتی دروستکەین بۆ هەموو پێویستی‌یەکی رۆژانەیان .. کۆمەڵە بەشداری لەو کۆنگرە فراوانەکرد کە لە بەغدا بە چاوەدێری بەرێز جێداری سەرەك وەزیران کراو لەوێ گەلێك پێشنیاری بۆ زیاتر خزمەتی باری ژیانی هاوولاتیان پێش‌کەش کردو هەندێکیان هاتنە دی. بەڵام ئەوەی کە پێویستە ئەوەی رۆژنامەکان دوانەکەون دابەشیان ئەکەین .

● ئەی بۆ قەزاو ناحیەکان .

ـ لەراستیدا قەزاو ناحیەکان بەشێوەیەکی گشتی هەموو شتێکیان بۆ ئەنێرین ، ئەوشوێنەی کتێبخانەی تێدابێت، ئەوا ئەنێررێت بۆ کتێبخانەکان ، یان بۆ کارگێرایەتی‌و بەرێوەبەرایەتیەکان دەچێت ، ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە هەندێ جار ئەو گوفارو رۆژنامانە ناگەنە جێگای خۆی ، چونکە ئێمە لێرە ئەیدەین بەبرا شوفێرەکانی نەقلیاتی ئەو شوێنانە زۆرجار ئەوان بیریان ئەچێت‌و دای ناکرن، هەندێ جاریش ئەو شوێنانەی کەدباری کراوەو ناونیشانی خاوەنەکانی لەسەرە لەوێنابن ، یان وەری ناگرن ، ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی درەنگ ئەگاتە دەست ئەو شوێنانە .

● وکیلەکانی ناوشارو هەروەها قەزاو ناحیەکانیش گلەیی ئەوە ئەکەن ژمارەی چاپکراویان کەم بۆ ئەچێت ؟

بروانە ل ٧

ئازاد



کۆمەڵەیەکی خزمەتگوزاری هاوولاتیان

ئامادەی زۆربەی کۆڕەکانمان بووەو لەگەڵمدا گرێی لە پێویستی هاوولاتیان گرتووە

لقی هەولێر

لێرەو لەوێ

ئەگەر بەسەردان چوبێت‌بۆ ئورزدی سلێمانی یان بەو رێگایەدا رۆیشتی ،پێش ئەوەی بچێتە ناو پێشنگای شت فرۆشتنەوە.

لەبەر دەرگای ئەو ئورزدیەداهەموو شتێ ئەزانی پێری‌و دوێنی‌و ئەوڕۆژەش چیان‌کردوە ، بە دەهەنگاو لەسەرەوە ، دەهەنگاو لەخوارەوە بەریز شت ڕیز کراوە ، ئەگەر لە نرخیشی‌بپرسی بەسەرقات بێت ئەڵێن ، ئەگەر خاتریشت بگرن ئەوا بە

دووقات دەسنت ئەکەوێت،خۆ ئەگەر بڵێیت کاکە ئەوە شتی ئورزدیە ،ئەوانیش پێت ئەڵێن ، دە ئازابەو بڕۆ وەری بگرە،بیهێنە بۆ من بەشتی گرانتر لێت بکڕم ، ئینترخۆ هەرکەسێ لە ئورزدی هەنگاوی نا بۆدەرەوە ئەمانەیەخەی لێ ئەگرن ، نایفرۆشی ، نایفرۆشی‌لێ ئەگرنەوە من خۆم بەکیسێکەوە کەکەل‌و پەلی‌خۆمی تیابێ‌و چوومە سەرەوە ، هەر بەهەمان‌شێوە گەڕامەوە ، لەبەر ئەو دەرگایە رێگایان‌پێ‌گرتم ، تاکیسەکەم پیشان نەدان ، وازیان نەهێنا ...زۆرشتی ترپیشیان لێ‌ئەگیرنەوە ، هەروەکو کەس‌وکارو چەند کەسانێکی تر لەوانە تەنها پیشەیان‌ئەوەیە لەئورزدی شت وەرگرن‌و بەگران‌بیفرۆشنەوە بەمە جگە لەوەی کارێکی‌ناشیرینە ، هۆیەکی کاریگەریشە لەسەرشارستانیەت ، بەئاسانی ئەتوانرێت چارەسەربکرێت‌چونکە ئەو کەسانەی هەمیشە خەریکی ئەوەن بە ئاشکرادبارن‌و بەتایبەتی ئەوانەی هەر لە ربزی ئورزدی‌وسەرشەقامی گۆزران شتەکان ئەفرۆشن .. کێ‌بەربرسیارە ئورزدی کەدابەشی ئەکات یان‌ئەوانەی سەربەرشتی‌و چاودێری ئەکەن .

ئازاد

ئەم دەزگایە یەکێکە لە دەزگا گرنگەکانی راگەیاندن ، ئەرکی‌دا بەش‌کردن‌و گەیاندنی هەموو جۆرە چاپکراو بڵاوکراوەو چاپەمەنی دەزگا رۆشنبیریەکانی ناوەوەو دەرەوەی وولاتی لەسەرشانە ،

بەشی بەرێوەبەرێتی ئەم دەزگایە لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٧٥ وە رۆڵی تایبەتی خۆی بینیوە ، تائێستا بەبەردەوامی کارەکانی خۆی مەبەسەر ئەکات، لەبەشی پێشنگای فرۆشتنی کتێب‌و رۆژنامەو گوفاری هەمەجۆر ، ئەفرۆشرێت وپێش‌کەش خوێنەواران ئەکرێت .

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەرێز کاك عبدالله عبدالکریم امین بەرێوەبەری دەزگای ناوبراو لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا بەیەك‌گەیشتین .

● پێشەکی ئەمانەوێت بزانین گۆڤارو رۆژنامە کەی‌وە چۆن دەکاتە سلێمانی ؟

ـ ئێمە دوو ئوتومبیلمان هەیە ، کە گوڤارو رۆژنامەو کتێبمان بۆ ئەهێنێ ، کەراستەو خۆ لەکرکوکەوە ئەمان گاتێ ، زوربەی رۆژ لەپاش کات ژمێری (٢)ی دوای نیوەڕۆ ئەگەن ، هەندێ جاریش دوانەکەوێت .. ئێمەش لێرە دابەشیان ئەکەین بەسەر وەکیلەکانماندا ، جگە لە فەرمانبەرایەتی‌و دەزگاکانی میری ناوخۆو قەزاو ناحیەکان ، لێرە وەکیلەکان خۆیان گوفارو رۆژنامەکان ئەگوێزنەوە رۆژانی پشودانیش بەسەربەرشتی‌خۆمان‌و دوو کرێکار بۆ

Institut Kurde de Paris

تا ئەم ـ پاشماوە

لەبەرئەوە شاعیرێکی گەورەی وەکو نالی بۆ نموونە پەنجەی لە پەنجەی شاعیری هەرە گەورەی بیانی یاخود پلێین شاعیری غەیرە کورد دەداو لەوانیش تێبەڕی دەکرد ، وەك بڵێی ئەو شاعیرە کلاسیکیانە بۆ بەهرەی شیعرو رۆشنبیری سەردەمی خۆیان خولقابوونو ئەستێرەی شەوە زەنگی کوردەواری بوون ... بۆیە نالی یەك دەبێتە دیاردەی شیعری کلاسیکی ... بەڵام ئەمڕۆ ئایا بەراوردی دەکرێ لە نێوان شیعری کوردی هاوچەرخو شیعری جیهانی ، ئەراگۆنو بابلو نیرۆداو ناظم حیکمەتو جەواهریو بەیاتی ، شاعیرانی ئەمرۆی کورد دەخرێنەیەك تاکە تەرازوو ؟ ئەو بارو دۆخو هەڵومەرجەی بۆ شاعیرێکی وەك «بەیاتی» ڕەخساوە بۆ شاعیرێکی بەهرەداری ئەمرۆی ئێمە هەڵکەوتووە ؟ کام شاعیری هەلکەوتووی کورد ئاشنایەتیو دۆستایەتی لەگەڵ نووسەرو شاعیرانی جیهانی هەیەو بەدەیان کۆرو مەهرەجانو کۆبوونەوەو کۆنگرەی جیهانی دیوەو بەشداری تێدا کردووەو ، موحازەراتی لەسەر تاقیکردنەوەی شیعری خۆی لە زانستگاکانی جیهانو شوێنە رۆشنبیریەکان داوەو نامەی دکتورا لەسەر هۆنراوەکانی وەرگیراوە ؟.. کام شاعیر تائێستا کە کۆمەلێك دیوانی خۆی چاپکردووە شیعرەکانی بۆ سەر دەبان زمانی بیانە وەرگێراون ؟ کام شاعیر پێشەکی بۆ شیعری شاعیرێکی وەك ناظم حیکمەت نووسیوە ؟ پرسیاری تر زۆرەو تەواونابێ ئەگەر ببێتە سەر رادەی رۆشنبیری شاعیرێکی جیهانیو ئاستی خوێندنیو چۆنیەتی خۆ خەریك کردنی بە شیعرو رۆشنبیریەوە ... چیرۆکیش بەو شێوە ... ڕاستە جاروبار دوور نیە چیرۆکنووسێکی کوردی

ئەمڕۆ چیرۆکێکی نووسیبێ کە پەنجە لە پەنجەی چیرۆکێکی جیهانی بدات ، بەڵام تەنیا چیرۆکێك نایکات بە نووسەرێکی جیهانی ، کورد ووتەنی : « بەتاکە گوڵێك بەهار نایە » ، ئێمە چۆن بڵێین ڕۆمانمان هەیە کە هێشتا کارەکە لای ئێمە ساغ نەبۆتەوە . ئێمە لە کوێ تۆلستۆیو دۆستویفسکیو هەمنگوایو هۆگۆو غارسیا مارکێز جویسو هتد لە کوێ ... بۆ نموونە رۆمانووسێکی وەکو چارل دیکنز لەگەڵ هەندێ خێزان دەژیاو پارەمی دەدانێ بۆ ئەوەی دراسەتی ئەو خیزانە بکاتو بوونی خێزانەکە ببێتە کەرستەو بناغەی دارشتنی رۆمانەکەی ... کوا ئەو چیرۆکنووسەی وەك چیرۆکنووسێکی جیهانی شەونخوونی بکاتو خۆی بۆ نووسینەکەی تەرخان بکات ... کوا رۆشنبیریی کەلەو بەرزی کورد کە مایەی شانازیو سەربەرزیمان بن ؟ ئێمە چەند طه حسینو عقادو محمد مندورو محمود امین العالمو عبدالرحمن بدویو دەیانی وەك ئەوانمان هەیە تا بڵێین بەڵێ ئێمەش هەین ... عباس عقادێك کە شەست هەزار کتێب دەخوێنێتەوە ئەوجا شەست کتێب دادەنێ ، ئێمە یەك دوو کتێب ناخوێنینەوە کە دەس دەکەین بە دانانی کتێبان ، چوار کتێبمان نەخوێندۆتەوە کە خۆمان بە رۆشنبیرێکی گەورە دەدەینە قەلەمو زاناو پسپۆڕێكو نووسەرێکی گەورەی کورد بەدواکەوتووو دەرویش دادەنێین ، سەیر ئەوەیە کە لە دیداری چیرۆکی کوردی کە لە هاوێنە هەواری صلاح‌الدین کرا نووسەرێکی لاو ڕووبەڕووی دکتۆر عزالدین رسول بۆوە کە ئەگەر ڕاست دەکات با هەر دووکیان کۆڕێك ببەستن تا خەلکەکە بزانن کامیان باشترن ، دکتۆر عزالدین زیرەکانە وەڵامی دایەوە کە زۆر چاکەو لەوەش زیاتر پێشنیار دەکات کە دەورەیەك بۆ چەند ڕۆشنبیرێکی بەساڵا چوو کە لە هۆڵەکە دانیشتبوون بکاتەوە ناویشی هێنان ، بەلکو سوودی لێوەربگرن..

ئیتر ئەم جۆرە خۆ بەشت دانانە لەناو ئێمە باوە کەسەیری سێبەری خۆمان دەکەین بەباڵای خۆمانی تێدەگەین . من ناڵێم ئێمە نووسەرو پسپۆڕی لیهاتوومان نیە ، هەمانە بەڵام زۆر کە مە ، بەڵام ڕاستە نرخیان نازانین .. بۆ نموونە کتێبەکەی « احمد خانی شاعراو مفکراو فیلسوفا » کە دکتۆر عزالدین رسول دکتۆرای لەسەر وەرگرتووەو رۆژی لێکۆڵینەوەو گفتوگۆ لە سەرکردنی بە ڕۆژی کوردستان دانرا کە شانازی پێوە بکرێ ، هی ئەوە نیە لەبەر چەند خاڵێکی بەئاستەمو چەند تێبینیەکی کەم لە نرخی ئەو شاکارە کەم بکرێتەوە ، هەروەها کتێبی تر لە مێژوو بابەتی تر . من لەگەڵ مەسەلەی لاسایی کردنەوەی ئەدەبی بیانە نیم ، چونکە هەموو ئەدەبێکی جیهانی لەخۆمالیبەوە سەر هەلدەدات ، عەزیز نەسینو یەشار کەمال نەبوون بە نووسەری جیهانی هەتا نووسینەکانیان ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەلەکەیان نەبوون ... رەسوول هەمزاتۆف گوتەنی : دونیا لە ئاگردانەکەی مالی ئێمەوە دەست پێدەکات ». . بەڵام ئێمە هێشتا ماومانە بەرەو ئەو لوتکانە هەلکشێین کە ئەوان لەسەری وەستاون ...هێشتا ئێمە جگە لە کوردیەکە زمانێکی زیندووی بیانە دەزانین .. کام کەس لە ئێمە لە ناو سامانی نەتەوایەیو بابەتی فۆلکلوری قال بۆتەوە ، کام کەس لە ئێمە بەرنامەو پروگرامێکی تایبەتی بۆ خوێندنەوەو نووسین داناوە .. کام کەس لە ئێمە کرینی کتێبێکی لەلا لە ژەمە خواردنێکی بە لەزەت یا خواردنەوەیەکی پێباشترە ، کام کەس لە ئێمە کام دان بەتواناو رۆشنبیری یەکێکی دی دێنێ .. کام کەس لە ئێمە شەونخوونی دەکاتو زۆربەی کاتی بە خوێندنەوەو نووسین دەباتە سەر ..؟! لەبەرئەوە بەهرە بەتەنیا هەموو شتێ نیە ... هێشتا وەك کابرا شارەزوورییەکەین کە ڕۆژێ بە سەربان کەوت دیتی تا چاو بڕ دەکات ئاسۆ فراوان دەبێتەوەو ووتی : خەلکینە ئەمدەزانی دونیا هیندە فرە فراوانە ، هەتا لەگەڵ رۆشنبیرێکی گەورە دانەنیشین نازانین خۆمان لە چ پلەیەك داین ، زۆر لە پێشەوەین یا زۆر لە دواوەین، جارێ زۆرمان ماوە بڵێین «من بەبێ دوو دلی قسە دەکەمو دەڵێم شیعری کۆمەلێ لە شاعیرە نوێکانمان ئەگەر لە شیعری نازم حیکمەتو نیرۆداو ئەراگۆنو مایکۆفسکیو بەیاتیو سەیابو گولسورخیو دەیان شاعیری ناوداری تری جیهان بەرزتر نەبێ نزم تر نیە ».. ئەم جۆرە ڕاو بریاردانە باری سەرنجێکی عاتفیانەو عەفەویانەیە لەوەی کە زانستی بێتەو پشت ئەستوور بێ بە بەلگەی هەست پێکراو ، چونکە هێشتا زۆرمان ماوە ئەو زەمینەیەمان بۆ ساز بێو ئەدەبو هونەرەکەمان لە شەقلی خۆمالیبەوە بچێتە بەرگێکی جیهانیو خۆمان بەدەرەوە بناسێنین . «کوێرە چیت دەوێ دوو چاوی ساغ » .

شۆخێکی ـ پاشماوە

بیانگریت بەڵام لەبەڕ ڕۆشنایی چاوەکانتدا بزر ئەبوون ، هاوارت ئەکرد بۆچی نەما چوون بە ناخی زەویدا یان فرێشتەکان لێیان شاردمەوە . ژینت لە ئەشکەنجەپێك هات بوو هەرچیەکیشت ئەهاتەڕێ وەك ڕووبارێکی بێ سەرچاوەبوو .

ئارەزووی بینینی دایکت بوو ، وات ئەزانی زامی بەژارەکانت بۆ تیمارئەکات . ڕابردوو بۆت ئەکەڕایەوە ، لە یادگاریش هیچت نەهێنایەدی هەندێك جار چەند خولیایەك بە مێشکتدا دەهات ئەندێشەکانتی پەڕەوازە ئەکرد ، زۆر سەرت سووڕماو پرسیارت لە خۆت کرد من ئەوەندەیە پەرۆشم بۆ بینینی دایکم ، بۆ ئەوەی پرچی زوخاوەکانم لەگەلدا بهێنێتەوە دوو وشەم لەلا بدرکێنی کەبۆنی سۆزی دایکێتی لێبێت ، فرمێسکی نائومیدی نێوان زەریای چاوەکانم ووشک بکاتەوە تاسەی دوری چەنەها ساڵە یم‌لێبشکێنێ ، بۆچی دایکم تۆزێك هەستی بەزەیی نابزوێت تەنها بۆ ماوەی ساتێك بم‌بینێت هیچ نەبێت پێش ئەوەی گولی ژینم شەماڵ بیوەرێنێ یەك جار بڵێم دایە [خوشەویسترین ووشە لە لام دایکمەو لە پاشاندا دەروازەی بیستنیم بۆ ئاوەڵا بکاتو گوێ بۆ ئازارەکانم شل بکات ، ژینیی نامۆیم پێ فەراموش بکات . بەڵام ئاخ ! ئاخ ! من چی لەچارەنوسی بکەم . لە بەردەم خۆتەوە لێوت ئەبرواند :ـ دایە گیان خۆزگە پێش گیان دەڕچوونم چاووم بە باڵاتداهەلبهێنایەو ئاواتو خۆزگەکانم بهاتایەدی ، یان وێنەکم لابوایە بەهەر نیگایەکی تاسەی دووریم لێت بشکایە ، دایە دووریت پەریشانی کردووم شێوەنم لەباد نەماوەو قسەکانتم بەباشی نایەتەوە بیر تەنها ئەوەبێت کە هەندێك جار قژمت شانە ئەکرد ئەتووت کچە شیرینەکەم ئەی ووتەکانی ترت بۆ کوێ چوون هەر ووشەیەکت لە لام گەوهەرێك بوو . لە ناکاو دەنگی درگاکەکەو تەبەر گوێت گومی بیرکردنەوەکەی شڵە قاندیتو دەمارەکانتی ڕاتەکاندلێشاوی فرمێسکە کانت سەر کولمیان تەڕکردیت، کاتێك درگاکەت لێك ترازاند مرۆڤێکت بەدی کرد بە بەر گیالە ئافرەت ئەچوو کە سەرت هەلبڕێ ئافرەتێکی لاواز بۆ تالەکانی قژی تێك ئالان بوون وەك شێت هاتە پێش چاووت ، وات هەست کرد کە هەرگیز نەتبینیبێ ، وەك شێت هاتە پێش چاوت لە پاش هەڵرشتنی فرمێسکەکانی زەردەخەنەیەکی گرتیو باوەشی پیا کردیت ، دوایی وەك خەوێك هاتەپێش چاووتو شێوەت کرد ووتت (دایە) بۆچی وات بەسەرهاتوە ؟ بەڵام دایکت وەڵامی نەبوو هەرچەندی ئەکرد هیچی بۆ نە ئەوترا وبسنت چوار وشەت لا بدرکێنێ دڵنەوایی‌یەکت بکات نەیتوانی چونکە دووریت لە دەرونیدا پەنگی خواردبۆوە لە گریان زیاتر هیچی‌پێ نەکرا .

چاوەروانی ڕۆژێکی وەها بوویێت کە دایکت ببینتو لەگەلیا بژیت ، ئومێدت بە باوکت بڕابوو مال ئاوایت خواست لەگەڵ دایکتدا بەرەو ماڵەکەتان بەڕێ کەوتیت ، لەگەڵ گەیشتنتان بەیەکەم سەرنجی خانووەکە تەزوویەکی خۆشی بەدڵتدا هات هەستت کرد کە دەروازەی بەهەشتت بۆ ئاوەڵا بوو بەڵام بەپێچەوانەوە لەڕاستیدا دۆزەخ بو نەك بەهەشت ، لە تالی زیاتر هیچت نەدی لە ژێر زەبروزەنگی باوەپیارەدا بەشەوو بە ڕۆژ وێنەی گورگی هاربوو ، دوو ساڵ لەلایەرەکانی ژیانتی دڕاند ، دیلو پێ بەندی زیندانی کربوویت ، ڕێگای خوشیو ڕووناکی ژیانی لێگرتیت ئەوە بوو ، گڕی تێ بەردایتو گیانی پێ خەوشی سووتاندیت ، بڵێسەت گەیشتە ئاسمان ، بۆ کروزت جەرگی ئەسووتاند لەگەڵ دامرکاندنەوەت وازی لێهێنایت ، دڵسۆزی نەبوو بگاتە فریات تەنها هاوسێکان نەبێت بەڵام لە پاشی چی لە پاش ئەوەی پارچەیەك خەلۆزبویتو گولی ژیانت بەجارێ هەر بروکا بەو ئازاروو ژانەشەوە ژیانی زۆردار وازی لێ نەهێنایت بۆئەوەی زیاتر سوێ بکات بە دڵستدا سێ ڕۆژ تێپەڕی سۆزو خوشەویستی‌یەوە رزگاری کردیت لە دەست ژینی بێ باکت بۆ دواجار چاوی پڕ فرمێسکەکانت لێك ناو لە باوەشی خاکەکدا خەوی پێباباتت لەدی‌یەکەوت ـ

چوار ـ پاشماوە

سەرکەوتووەو ڕێکوپێك داڕێژراوە ، ئەنانەت وەك ناوەڕۆکیش کە چیرۆکنووس لایەنی لە سەرخۆیی وەرگرتیتو وزی هەلەشەیی دەمارگیری و گوێ نەدانەو ، مەبەستێکی مرۆڤایەتیبانە دەخاتە ڕوو و هەولی چەسپاندنی دەدات .

بەڵام گرنگترین خاڵێك کە لێی گەیشتووین ئەوەیە ، بابەتەکەی تێر نەگردووەو زوو مەبەستەکەی داوتە دەستەوە بەجۆرێك خوێنەر وا هەست دەکات کە هێشتا بەرهەمەکە تەواو نەگەیوە .

بەڵام وەها هەنگاوێك بێگومان جاوەڕوانی باشترو زیاتری لێدە کرێت .

چیرۆکی سێیەم کە چیرۆکەکەی خۆشکی بەرێز « ژالە انور بکرو» ناونیشانی « شۆخێکی تەریو »ی بۆ داناوە ، جوانترین شتێك کە لە ڕووی هونەرییەوە بەکارهێناوە ئەوەیە کە بەشێوەیەکی دلگیرانە هەستو نەست (الوعی واللاوعی)ی تێکەل بەیەکتری کردووەو لەو ڕێگەیەوە پالەوانەکەی بەرەو چارەنووسی کارەسات ئامیزی خۆی بردووە ، کە ئەویش ئەوەیە دوای خێوەکەی دایکی دەکەوێت بەرەو ماڵە کۆنەکەیان دەڕوات‌و لەوێش لوتی پاڵەوانەکە تالەکەدا دەتەقێو بە جارێك لە ژیان ئاومید دەبێت کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت لەم بەکارهێنانە هونەرییەدا چیرۆکەکەوس کۆمەڵێك هەلو مەرجی سەرکەوتنی بنیات ناوە ، چونکە دایك وەك ڕەمزێك بۆ ژیانی بەختیاری جارانی پالەوانەکەو وەك باوەشی ئارام بۆ ڕزگاربوون لە بارە ناهەمواوە تیایدا دەژی لە لایەکو ، ئەلایەکی ترەوە کەوتنە دوای خێوەکەی دایکی وەك هەلبەتەی شەکسپیرو خێوەکەی باوکیمان بیردە خاتەوە ، کارێکی وردەو ئەگەر بەزمانێکی بوختترو لە چوارچێوەیەکی کۆکتردا بخرابایەتەوە چیرۆکێکی باشی بۆ نووسەرەکەی دەرەخساند ، بەڵام چیرۆکنووس پێویستی بە هەولو خۆماندووکردنی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی جێگای شایستەی خۆی لە ناو چیرۆکنووساندا بکاتەوە .

بەڵام چیرۆکەکەی خوشکی بەرێز [illegible] شریف ، کە بەناونیشانی « تاوانی کۆمەڵ » ، هێشتا زۆری ماوە ببێت بە چیرۆکو زیاتر لەحەکایەت ، یان سەرگوزشتەیەکی میللی ئاسایی دەچێتو ، قالبێکی هونەری نییەو [illegible] نەمانتوانی بڵاوی بکەینەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە دوو شوێندا وەسفی زیرەکانە لەگەڵ دروستکردنی چیرۆکەکەدا گرێ داوە ، کە ئەویش ناسینی شێوەی پەلە هەورە سپیەکانە لەکاتی پێك گەیشتنی دوو دلدارەکەداو ، دیمەنی پایزو گەلارێزانە لەکاتی کوشتنی پالەوانی چیرۆکەکەدا .

پرسیارێکی ـ پاشماوە

خۆی پێشکەش‌بکات کە بەوە بەناوبانگی دەرکردووە کە ڕاستگۆیی تیا تێکەڵە بە هونەری چیرۆك .

بارو دۆخی ئەدەبیاتی کوردی بە تەواوی جۆرێکی دیکەیە ، بەڵام لە پاشخانی بڕانەوەی جەنگی جیهانی یەکەم ، دیسانەوە کۆمەڵێ نووسەر هەوڵیان داوە دەست بۆ ئەم هونەرە بەرن. نووسینەکانیان دەژمێرێت بە سەرەتاو هەنگاوی یەکەم لەم مەیدانەدا ، بەرهەمەکانی « لەخەوما » و «مەسەلەی ویژدان » لە تەك ئەو هەموو ساکاریو ساویلکەیی‌یەی لێیان‌دەگیرێن ، هەوڵێکی مەردانە بووە بۆئەوەی ئەم جۆرە هونەرە مەزنەی ئەدەبیشی لە نووسینی کوردیدا پەیدابێو سەر هەلدا . لامانوایە بارو دۆخی نووسەرێکی ئەوروپیو نووسەرێکی کورد وەکو دەڵێن « ئاسمانو ڕێسمانە». کوانێ ئەو هەموو مەوداو کەرستە بەرینو لە بارەی ئەوروپا بە هونەرو ژیانی سەربەستی کۆمەڵایەتی‌یەوەو ئازادی‌ی دەربڕینو ئازادی‌ی هەلسوکەوتو پێشکەوتنی گۆڤارو ڕۆژنامەو دەیەها هۆی کاریگەرو هانەدەری دیکە بۆ نووسەرانیانو کوا گۆشەگیری‌ی ژیانی کۆمەڵایەتی‌ی ئێمەو دەردی سەری نووسەرانی بەتایبەتی لەسەرەتای ئەم چەرخەدا : چۆن ئەم دووجیهانە جیاوازە بەراورد دەکرێن‌و بە یەك چاوو پێوانەو تێڕوانین سەبردەکرێن ؟

دەسا لەتەك ئەم ڕاستی‌یە تاڵانەشدا نووسەرانی وەکو خاوەنی بەرهەمی (گەلەگورگ) و خاوەنی بەرهەمی (پایزە خەون) و چەند نووسەرێکی دیکە ڕەنجێکی دڵسۆزانە دەدەن بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردیش لەم ڕووەوە بگاتە گەردوتۆزی کاروانی تیژڕەوی گەلانی جیهان .

بۆ زانین

مونشنەی نقلی مسافرین‌بڵاوی ئەکاتەوە بۆ بەکرێ گرتنی‌قاتی دووهەمی بینای‌مکتبی حجزەکەی لە بارێزگای سلیمانی کەبکرێ‌بە چێشت‌خانەو کازینۆ .

ئەوانەی ئەیانەوێ‌بەشداربن لەمزایدە ڕۆژی جوار شەممە ڕێکەوتی ٥ـ١٢ـ١٩٨٤ سەعات (١٠)دی بەیانی لەمکتبی‌ناوبراو حازر بێت وە تامیناتی قانونی لەگەڵ خۆیان‌بهێنن .

بەڕێوەبەرایەتی گشتی
ابراهم محمد السبع

دەزگای ـ پاشماوە

ـ تەنگو چەلەمەی ئێمە لەگەڵ هەموو وەکیلەکانماندا ، کەمی چابکراوە ، کە بەداخەوە نەمان توانیوە داوا کاریەکانیان جێبەجێ بکەین ، ئەوەش لەبەر ئەوەی خۆی لە بنەڕەتدا کەمان بۆ دێ ، بەپێی تواناو داوا کاری هەوڵدەدین لەئاهاوداو لەو گلەیەش لەسەر خۆمان لایەرین .

● کاروباری پروباگەندەتان چۆنە ؟

ـ لەم بەرێوەبەرایەتیەدا جگە لەبەشی دابەش‌کردن ، بەشێکی ترمان هەیە کەهەلبەتە بەبڵاوکردنەوەی ئاگاداری ، ئێمە لێرەوە هەرچی شتێ کە هاونیشتمانی بیهێنێ بیەوێت بڵاوی بکاتەوە تاوەکو پروپاگەندەی بازرگانیو وێنەیی‌و هەمەجۆر بڵاوئەکەینەوە ، لەڕۆژنامەی تایبەتی « الاعلان الحدیث» مانگی دوو ژمارەی لێبڵاونەکرێتەوە .

چەند ـ پاشماوە

شەلوالی‌دا دکر بەر خوە و دەر دکەتن ناڤ شولێ خوە .

نێتوین : کورەکا کویرە ، دیوارێت وێ ب بەرا دنژنن و بنیفی بەرێت سپی دکەن ناگری ل سەر هل دکەن و هەر دارا دبڕن و دکەن سەر ئاگری دوێ کورێ دا سێ چار شەف و ڕۆژا ل دویفك ئاگرێت دزوار ل سەر هل‌دکەن هەتا ئەو بەر هەمی دبن کلس . دبێژن فێ کورێ « نێتوین » .

قەرت : بەرانە ، ئەو بەرانێ ژ هوگجێ دەربار دبیت دبێژنێ «قەرت» یانی ساڵا ئێکێ (کافرە) و یا دووێ (شەکە) و یا سێ هوگج ە و یا چارێ دبیتە (قەرت) و ژ وێرێ وێقە چ ناف دی نابێژنێ .

کویرنج : ئەو مرۆڤە بێ تەکەناما دکەت ، خەلکێ گوندی ئان دەفەرێ لفایی دبەن نك دژەنیت و دکەتە کەپەنەو تەحتیك ، دبەرێ دا هێشتا ئەف بەرفرهەیە نەبی شوینا نفینا بکار دئینان .

خوێرەیز ـ پاشماوە

خوێرەیز :ـ ئەو جەنە بێ پەری لێ خوێ ددەن .

ئەم دکاوین بێژین هەر کەرەکێ پەزی خوێرەیزا دیوارێت وێ ب بەرا خوە یا خوەسەرا هەی‌ر هەر ماڵەکێ زێ خوێرەیزا وێ یا جودابە، مەزناتیا خوێرەیزێ ل سەر ژمارا پەزی دەیەت .

نیوسەدە ـ پاشماوە

مامۆستای بەرێزەپەری قیبی نواندنی هەوڵێکی تائێستا هیچ دەست پێشخەرییەك بۆ ئەم لایەنە نەکراوە... لەوەڵامی ئەوە داوونی :ـ

● شانازی مناڵ لە کوردستاندا بەنووسین دەکەوێتەوە ! چونکە سەرباری ئەوەی کەمە هونەرێکی سەربەخۆو پیر داهێنانە . بێویستی بەپسپۆڕی‌و شارەزایی هەیە لەگەڵ دەیەها مەرجی بنەڕەتی کە بەلەکیس چونی یەکێك لەم مەرجانە شانازی مندالی بەکەوێتە گیانەوە ... هەموو هونەرمەندێك ئاوانیت لەباری دایبە خۆی کە ئەوەی ئەم لایەنە بدات ...

Institut kurde de Paris

له بەرێوەبەرایەتیی رۆشنبیری جەماوەر
لە هەولێر

تەمسیلیەی « تاپۆحەقی چی‌یە »
تۆمار دەکرێ بۆ تەلەفزیۆن

لە هۆڵی پرۆفەکردنی بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر دەستکرا بە پرۆفەکردن لەسەر تەمسیلیەی (تاپۆحەقی چی‌یە) لە نوسینی چەتۆ حسن‌و دەرهێنانی هونەرمەند زهیر عبدالمسیح ..

کۆمەڵێك لە هونەرمەندانی شار بەشداری تێدا دەکەن وەك (علی احمد .. سمیرە سعدون .. غازی غفور ... جلال احمد .. چەتۆ حسن‌و ابراهیم حکیم .. نووسەر لەم رووەوە دەڵێ :-

ئەم تەمسیلیەیە بریتی‌یە لە چەند تابلۆیەکی کۆمەڵایەتی‌و رووداوی راستەقینەی هەندێك پەندی کوردی وەك (ئەوەی بیر بۆ براکەی هەڵکەنێ خۆی دەکەوێتە ناوی بەبینەر رادەگەیەنێ لە چوارچێوەیەکی کۆمیدی . . رووداوەکانی بەشێوەیەکی گشتی لەناو قەیسەریەکانی شارو هەندێ دەزگای میری و قەڵات تۆمار دەکرێت .

لقی هەولێر

هەرجارەی
نووسینێك

بەلەمی ئەفسوناوی بۆ منداڵ بوو.... یان گەورە ؟ !

جێگای ڕێزو بەسەرکردنەوەیە کەدوو هاوینە هونەرمەندی قوتابی‌ڕزگار کەریم ئەرکی دەرهێنانی دوو شانۆگەری‌منالان دەگرێتە ئەستۆ . . یەکەمیان ساڵی پارشانۆگەری منالە بچکۆلەکەو گەشتی ناو ئەستێرە ..

ئەمجارەش شانۆگەری‌بەلەمی ئەفسوناوی بوو کەلەسەر شانۆی سانەوی‌سەلاح‌الدین بۆماوەی چەند ڕۆژێ پێشکەش کرا .

ئەوەی پاك‌و پوختە دەمەوێ‌بیڵێم ئەوەیە کەکەم‌کەس لەوانە چاوەڕوانی بکات‌لەوەبەترە ئەوەیە چونکە پەیوەندی‌یەکی‌ئەوتۆی بەو لایەنانەوە نیە کە لەنوسینێکی وەهادادەبێ بوترێ ، بەڵام ئەوەی کەلەبەرئەوەی گوایە بەرهەمەکە بۆ (منالانە) کەچی هەر ئەوان لێی‌بێ‌بەش‌بوون ، یەکەم لەبەرئەوەی منالان زۆر بەکەمی بەچاوگەورەوە بۆی‌هاتبوون ، کەدەبوایە ئەو گەورانەی‌بۆی هاتبوون بەلای کەمەوە برایەکی بچوکی . . .برازایەکی ... ئامۆزاو خاڵزایەکی ... هتد لەگەڵ‌خۆی بهێنایە - ئەمەش بەبێچەوانەی تێکرای‌شانۆگەریەکانی ترەوە کەزۆر جار لەبەر قەرەی منالان‌ئەوەندە چێژی لێ‌وەرناگری- دووەم ئەو منالانەشی‌هاتبوون کەلکێکی وەهایان لەشانۆگەریەکە وەرنەدەگرت‌چونکە ریزەکانی پێشی ناوەراست لەلایەن‌گەورەکانەوە هەندێکیان گەمارۆو هەندێکی کەیان‌داگیر کرابوون‌و منالەکانیش لە « چلی » هەرتاوەناتاوێ‌ملەقوتەیان‌بوو کەلەڕاستی‌دا شیاوتربوو کەسێو چواریزی پێشەوە بۆمنالان نەك گەورەکان تەرخان بکرایەبۆئەوەی هیچ‌نەبێ لەو شانۆگەریەدا هەستیان‌بەبوونی خۆیان بکردایە نەك فەرامۆش کردنیان ، ئەمەش‌وابزانم زیاتر ئەرکی سەرشانی بەرێوەبەرو چاودێرانی‌هۆڵەکەیەو هیوادارم لەمەودوا ئەم دیاردەیە ڕەچاو بکرێ .

فریا

لەدایك بوون‌وخۆشەوبستی‌و یەکەم هەنگاو بەرەو دواڕۆژی چاکتر لەزەردەخەنەی لیوەکانیادیارن

پێشانگایەکی گەورە بۆ وێنەکانی سەرکردەی گەل

- بەبۆنەی یادی دووەمی بەڵێن‌و باوەڕ بە سەرکردەی وڵاتمان سەرەکی تێکۆشەر هاوڕێ صدام حسین ، میهرەجانێکی جەماوەری مەزن لە گۆڕەپانی ئاهەنگێڕانی گەورە بەچاودێری مامۆستا لطیف نصیف جاسم وەزیری ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن کرایەوە .

ئەم ئاهەنگە بەوە دەستی پێ‌کرد کە بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن پێشانگای وێنەکانی سەرەکی تێکۆشەر هاوڕێ صدام حسین‌ی کردەوە .

ئەم پێشانگایە بریتی بوو لە ٩٠ تابلۆ کە هونەرمەندانی پارتیزگاکانی عیراق پێشکەشی سەرەکیان کردبوو ، هەروەها لە لایەکی تریشەوە کۆمەڵێك لە سوپای میللی‌و قوتابیانی نامادەیی کەرخی کوڕان‌و کچان‌و لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە کرێکاران‌و قوتابیان‌و جوتیاران هەموو بە یەك دەنگ گۆرانی‌یان دەوت لەگەڵ تیپە مۆسیقایی‌یەکاندا هەروەها بەڕێز عبدالجبار محسن لێپرسراوی دائیرەی توجیهی سیاسی لە وەزارەتی بەرگری‌و بەڕێز عبدالامیر معلە جێگری وەزیری ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن لەگەڵ بەرێوەبەری‌یە گشتی‌یەکانی دام‌و دەزگاکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن‌و ئەوهونەرمەندانەی کە بەشداری‌یان کردوە لە وێنە کێشانی تابلۆکاندا ئامادە بوون .

قوتابیانی کۆلیجی سەربازی‌و پۆلیس‌و جەنگاوەرانی

لە ئەرشیفی کەلەپوری هەولێرەوە

کە سەرتاشین بە (یەك) عانە بوو...

● سەرتاشین لەهەولێر پیشەیەکی کۆنە ، ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین بەشێکە لەبیرەوەری کۆنترین سەرتاش کە هەتا ئەمڕۆ لەژیاندا بێت ... ئەویش لە باوکی‌یەوە فێرە ئەم کارە بووە . واتە ئەگەر (مام خورشید خضر مولود) ٦٠ ساڵ سەرتاشی کردبێ‌و لە باوکی‌یەوە فێرە سەرتاشی بووبێ کۆنترین سەرتاشی‌بێ تائێستاکە لەژیان بێ ، دەبێ ئەم پیشەیە زۆر کۆن بێ لە هەولێر .. لەناو قەیسەری‌یەکانی هەولێر چاومان بەم زاتە کەوت .. رازیمان کرد کەوێنەیەکی بگرین‌و چەند قسەیەکمان بۆ بکات..

- من موالیدم (١٩٠٩)یە لە منداڵی‌یەوە لەبەردەستی باوکم فێرە ئیش بووم ... دوکانەکەمان لەبن قەڵاتێ بوو .. عومری ئەو دوکانە ناگێڕدرێتەوە ..

● **چەند ساڵ سەرتاشی پیشەت بوو ... ؟**

- (٦٠) ساڵی تەواو ..

● **سەرتاشی ئەوسا بەچەند بوو ؟!**

- بەیەك (عانە)ی سەری خەڵکمان دەتاشی ...

● **ئەوساکە سەرتاشی زۆر بوو لەهەولێر ...؟**

- نەخێر بە پێچەوانەی دەست دەژمێردرا ، چونکە شارەکە گچکە بوو .. هەبوون لەمانە (رەشید بەربەر ، شاکر بەربەر ، شوکر بەربەر ، ئیبز بەربەر)

● **ژیانتان تەنها لەسەر بەربەری بوو ئەوساکە ..؟**

- نا .. نا ئیشی دکتوریشمان دەکرد (بریین تیمارکردن‌و سونەت‌کردن)یش پیشەمان بوو ..

● **چ مۆدێکێکی سەرتاشین باوبوو ئەو کاتی ... ؟**

- مۆدێڵی چی .. !!! ئەوەی زۆر بەجوانی بمانتاشیبایە (قاقزلمان) بەجێ دەهێشت تاکو لەبن جەمەدانی بهاتبایە دەرێ .. چونکە ئەو وەختی زۆر (مەرغوب) بوو ...

ناظم دنبەند
لقی هەولێر

ئارەزووم وێنەی فۆتۆگرافیە

هەرچەندە کاك محمود صوفی .. خاوەنی وێنەگری «کاردۆ»یە لەسلێمانی وێنەگرە .. بەڵام ئارەزووی هونەری لەو لایەنەوە ، کەوێنەی فۆتۆگرافە کردویەتی بەوێنەگر .. ئەوەشی زیاتر پاڵی پێوەنایین بۆئەوەی گفتوگۆیەکی خێرای لەگەڵدا بکەین .. ئەو وێنە جوانانەی بوو کەپێش‌کەشی گۆڤاری بەیانی ئازیزی کردبوو ، بەرگەکانی ژمارە ٩٣ و ٩٧ی پێ‌ڕازابوەوە ..

ئەم‌برایە لەساڵەکانی ١٩٨٠وە دەستی کردوە بەوێنەگرتن ئارەزووی لەوپێشەیەدا ، بەشێوەکی ئەوتۆ پاڵی پێوەناوە ، هەوڵیدا بۆپرۆژەیەکی گەورەی هونەری ، ووتی :- بەراستی ئارەزویەکی گەورەی هونەر لەمێشکمدا بوو ، بۆئەوەی بتوانم ئەرشیفێکی وێنەی فوتوگرافی دروست بکەم ، بۆ هەموو هونەرمەندانی کورد ئەوەش بەوێنەی فوتۆگرافی ، هەرچەندە لەوانەیە زۆر لایەنی‌تر وەك تیپە هونەریی‌و دامەزراوە ڕۆشنبیریەکان ئەو ئەرکەیان گرتبێتە ئەستۆ ، مەبەستی من لێرەدا لەوانەیە بڵێم هیچی لەوان کەمترنیە ، بەڵکو زیادە خستنە بۆسەر ئەو کارەی ئەوان ، وەئەو وێنە فۆتۆگرافیانەی گرتومە ،لەم چەند ساڵە کەمی پیشە کەمدا ، کەبەبەردەوامیش یەرەی پێ‌ئەدەم زۆرن ، لەشوێنی تایبەت ئەیانگرم ، بەتایبەت وێنەی ڕەنگاورەنگ جگە لەوەش گەشتی تایبەت ئەکەم لەپێناوی ئەوەی وێنەی دەکەمەو جوانم دەست بکەوێت‌و بایەخ ئەدەم بەگرتنی وینەی دیمەنی ڕازاوەی کوردستان لە وەرزێکدا ، نیازم وایە کۆنەلێ لەو وێنانەی لەدوایەدا گرتومە پێشکەشی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی بکەم، تابەپێی ماوەو کونجان ، بلاوی بکەنەوە .. شایەنی باسە کەبڵێم ، پێشەی وێنەگرتنم کەهەڵیژاردووە ڕاستەوخۆ بۆمەبەستی هێنانەدی ئارەزوەکانمە لە پێگەیاندنی ئەو ئەرشیفە هونەریە ، شان‌بەشانی کارکردنی ئاسایم‌و ڕۆژانە .

لقی سلێمانی

بیرنگی ڕاگوزاری

دێینەوە سەر باسەکە

لە هەفتەی ڕابوورد‌دوودا وتمان ، جارێکی تر باسی مەسەلەی کۆر بەستن‌و «محاضر»ە پێشکەشکردن لەلایەن لاوانەوە ئەکەین ... ئەوا دێینەوە سەر ئەو باسەو ئەڵێین : دیاردەی پاڵەکردن، لەلایەن ئەو لاوانەوە کاریکی خراپی کردۆتە سەر ئەلایەك پێ‌گەیاندنی خۆیان ، لەلایەکی تر باری ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی ئەم سەردەمەمان .

تائیستا ، ئاواتی ئەوە ئەخوازین «محاضرە»ی لاوێك بیستین ، شتێ بڵێن ... نوێ‌بن ، بەهرەی ئاهێنازو ژیری ئەو لاوە خۆی بنوێنن . بەڵام گوێمان لە هیچ نەبووە لە وەرگرتن لەم کتێب‌و لەو کتێب‌و مونتاج کردنی بەکوردی ... لەبیرتان نیە . لاوێك ، هات ، باسی باسی «شانۆی منداڵانی کوردی»یە . کەچی زوربەی قسەکانی ترجمە بوون ... بڕمان وت عەیب نیە شانۆی منداڵانمان نەبێت ... چاکتر وایە خۆت لە باسێك بدەی «چۆن شانۆ بۆ منداڵەکانمان دروست بکەین» ... لێمان زیور بو .. خوای ئەو رازی بێ ..

بەهیوا

ئاوڕێك لە ڕابوورد‌دوو

● لە ژمارە ١٣ی‌ڕۆژنامەی « پێشکەوتن »دا، کە ڕۆژی ٢٢-٧-١٩٢٠ دەرچووە ، ئەمەی خوارەوە ئەخوێنینەوە :

- بۆ زانین -

دار المعلمین لە بەغداد ڕۆژی ١٥ی ئەیلولی ١٩٢٠ دەکرێتەوە ، ئەوانەی کە لە بیست ساڵ گەورە ترنین‌و شتێکیان خوێندوەو ڕەوشتیان چاکە بچن بۆ بەغداد لەم مەکتەبەدا قبوول دەکرێن .

بۆ ئەوانە کە لەم مەکتەبە قەید دەبن خواردن‌و خواردنەوەو جێگای باش‌و چرایان دەدرێتێ‌و بۆ هەر مانگە ١٥ ڕوپیەش بۆ خەرجی خوێندن لەم مەکتەبە دوو یا سێ ساڵەو لە پاش دەرچوون لە مەکتەب ئەوەئجار مانگانەیان لە ١٥٠ و ١٣٠ ڕوپیە کەمتر نابێ هەر ئەوەش حەز ئەکات بچێتە ئەم مەکتەبە بێتە دائیرەی سیاسی تەماشای شەرائتی داخل بوون بکات : ئەگەر ویستی بچێت بۆ بەغداد .

معاونی حاکم سیاسی

چیهانی منالان

چیرۆکی منداڵان

بۆچی لێوی کەرویشك قڵیشاوە

ماوەیەکی زۆر لەمەو بەر ، ڕۆژێك کەرویشك هەموو لە ژێر دار سنەو بەرێکدا کۆبوونەوەو کۆڕێکیان بەست . کەوتنە قسەکردن ، هەریەکەو باسی چارەڕەشی خۆی ئەکرد . کەورەی کە رویشکەکان ووتی :

براکانم ! ئێمەی کە رویشك زۆر بێ‌بەختین لەم جیهانەدا خشە خشێك لە ناوگیاکانەوە دێت ئێمە ترسمان لێ ئەنیشێ ، گەلایێك لە درەختێکەوە ئەکەوێتە خوارەوە گیانمان ئەتۆقێ . هەرکەسە ئەمان بینێ یەکسەر هاوارئەکات : ئەوەتە ! کەرویشکە ، بیگرن ، خێرا کەن ! کەواتە ئێمە لە هەموو شتێك ئەترسین‌و تەنانەت میشوولەش لەئێمە ناترسێت ، خێراکەن بابچین هەموومان خۆمان لەدەریاکەدا بخنکێنین . هەر چۆنێ بێ وادبارە ئێمە هەر مردنمان بۆ نووسراوە .

کەرویشکەکان گوێیان لە برا گەورەکەیان گرت‌و هەموو ڕایان کردە قەراغ دەریاکە بۆ ئەوەی خۆیان بخەنە ناو دەریاکەو بمرن .

لەنزیك دەریاکەوە ڕانە مەڕێك ئەلەوەڕا مەڕێك لەناو ڕانەکەدا کە چاوی بەم هەموو کەرویشکە کەوت ترسی لێ نیشت قاڕاندی‌و بۆی دەرچوو ، هەموو مەڕەکانی تریش بەدوای‌دا ڕایان کرد بێ ئەوەی بزانن بۆچی ڕانەکەن . مەڕەکان ڕایان ئەکردو لەگەڵ ڕاکردنا زەنگولەکانیان زرنگ‌و هۆڕی ئەهات . سەگەکان لە دواوەی مەڕەکانا بەحەپە حەپ تێیان تەقاندا . مام شوان لە داخانا گۆپاڵەکەی ڕائەوەشاندو هاوری ئەکرد بەم جۆرە دەنگە دەنگ‌و قارەقارێکی ترسناك دروست ببوو .

ئەم دیمەنە کە رویشکەکانی خستە پێکەنین‌و گاڵتە پێ‌کردن ، هەریەکە لە شوێنی خۆی هەڵقونجابوو پێنەکەنی . ئەوەندە پێکەنین ئەوەندە پێکەنین تاکو هەموویان لێویان قڵیشا .

دوای ئەمە کە رویشکەکان لە بریارەکەی خۆیان پەشیمان بوونەوەو خۆیان نەخستە ناو دەریاکەوە ، بەڵام لەو ڕۆژەوە تاکو ئێستا کەرویشك هەمووبان لێویان قڵیشاوە .

و: مظفر رفیق

شیعر بۆ منداڵان

گۆڤارەکەم

ڕۆستەم باجەلان

گۆڤارەکەم شیرینە
پڕی وێنەی ڕەنگینە
پێتی شاڕو گەورەیە
پڕە لەنووسینی خۆش
کانگا ناخی دێنێتە جۆش
نرخی کەمە ، هاوڕێمە
ڕۆشنی چرای ڕێمە
-شلێر- سەیری ئەم وێنە
چەند جوان‌و دڵڕفێنە ؟
ئەها، ئەها ئەم کارە
چەند چاو زیت‌و هەستیارە
گۆڤارەکە شیرینە
پڕی وێنەی ڕەنگینە

ئەم مریشکە چوار قاچی هەیە]؟

لە کێڵگەی میرەدی ، کە یەکێکە لەکێڵگەکانی پەروەردەکردنی مریشك لەسلیمانی ...

ئەم مریشکە چوارقاچەی تیا پەروەردەبوو ، شایەنی‌باسە ، کەبەرێکەوت ئەکەوێتە بەرچاوی خاوەن کێڵگە کاتێ مریشکەکان جیا ئەکاتەوە تەمەنی ئەم مریشکە تەنها « ٤٥ » شەوە .

ئێستا لەسەر ئەو چوار قاچە ئەڕزا ؟!

هاوکاری
دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی
شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی
تەلەفۆن
٨٧٥٧٩٥
٥ خەت

Institut Kurde de Paris

ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی نه‌نجومه‌نی کارگێری و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جلالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری

التضامن

ڕۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
● زۆربه‌ی باس و بابه‌ته‌کانی ئه‌م ژماره‌یه‌ ته‌رخانه بۆیادی ڕۆژی شه‌هیدانی نه‌مری ڕێگه‌ی سه‌رکه‌وتنی عیراقی مه‌زن .

پێنج شه‌مه ١٩٨٤/١١/٢٩ ژماره ٧٦٤ | ١٢ لاپه‌ڕه | به ٥٠ فلسه | الخميس ١٩٨٤/١١/٢٩ العدد ٧٦٤

خوێنی شه‌هیدان ئاڵای سه‌رکه‌وتنه

هه‌ڵمه‌تی دلێرانه‌ی هێزه‌کانمان ترس و له‌رز ده‌خاته دڵی دوژمن و بنکه‌و سه‌نگه‌ره‌کانیان وێران ده‌کا

به‌ خۆ ڕاگرتن و وره‌ی به‌رزو ئازایه‌تی بێ وێنه‌ عیراقیه‌ دلێره‌کان داستانی سه‌رکه‌وتنی هه‌میشه‌یی گه‌له‌مه‌زن و ره‌وته‌ سه‌رفرازه‌که‌یان ده‌نووسنه‌وه‌ هه‌مو ڕۆژێ له‌ ناو عیراقدا بینایه‌کی نوێی پێشکه‌وتن داده‌مه‌زرێنن و له‌به‌ره‌ی جه‌نگیش ، له‌ ڕوو به‌ ڕووبوونه‌وه‌ی دوژمنایه‌تی ناره‌وای ڕژێمی خومه‌ینی داخ له‌دڵدا هه‌مو ڕۆژێ سه‌رکه‌وتنی گه‌وره‌ به‌دی ده‌هێنن و لێدانی توند ناراسته‌ی سه‌ر سه‌ری هێزه‌کانی دوژمن ده‌که‌ن .

به‌یاننامه‌کانی سه‌رکردایه‌تی گشتی هێزی چه‌کدارمان ڕای گه‌یاند که له‌سه‌ره‌تای ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا هه‌ڵمو ئازاکانی هێزی ئاسمانی دلێرمان ئاگری توره‌یی عیراقیه‌کانی ڕشت به‌سه‌ر دوژمنداو زۆر بنکه‌و مولگای دوژمنی ویران کردو زیانی سه‌روو ماڵی زۆری پێ گه‌یاندن . له‌ ڕۆژێکا ٧٣ هه‌ڵمه‌تی سه‌رکه‌وتوویان برده‌ سه‌ر بنکه‌کانی دوژمن و دوایی هه‌ر هه‌ڵمه‌تی سوپاس بۆ یه‌زدان به‌ سه‌لامه‌تی و سه‌رکه‌وتن ده‌گه‌رانه‌وه‌ .

بنکه‌ تۆپه‌کانمان له‌به‌ره‌کانی جه‌نگ ئه‌م هه‌فته‌یه‌ ده‌وری باڵایان بینی له‌ لێدانی دوژمنداو زۆر بنکه‌و سه‌نگه‌ری دوژمنیان تۆپ باران کردو و ڕاسته‌وخۆ نیشانه‌کانیان پێکاوه‌ .

ده‌وریه‌ جه‌نگاوه‌ره‌کان ، ئه‌م هه‌فته‌یه‌ له‌ زۆر قۆڵه‌وه‌، هه‌ڵمه‌تی دلێرانه‌و سه‌رکه‌وتوویان بردۆته‌ سه‌ر سه‌نگه‌ره‌کانی دوژمن له‌ به‌ره‌کانی به‌رامبه‌ر هێزه‌کانمان و زیانی سه‌رو ماڵی زۆریان به‌ دوژمن گه‌یاندو و ترس و له‌رزیان خستۆته‌ ڕیزه‌کانیانه‌وه‌ .

● **جه‌نگی ته‌فرو تونا کردنی دوژمن :**

له‌ ناوه‌راستی ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا قسه‌که‌ریکی عه‌سکه‌ری به‌رامبه‌ر به‌قسه‌ سه‌رشێتانه‌ ناره‌واکانی ناوبراو به‌ره‌فسه‌نجانی ڕای گه‌یاند که‌ جادووگه‌ری بێ قیمه‌تی وه‌ك ره‌فسه‌نجانی چه‌ند ناماقوڵیه‌کی کردوه‌ که‌ پێویسته‌ به‌رامبه‌ری بڵێین وادباره‌ حوکم‌را نه‌فامه‌کانی ئێران بیریان ته‌سکه‌و زوو شتیان له‌بیر ده‌چێ ، با ئه‌و جادووگه‌رانه‌ بزانن ئه‌مجاره‌ هه‌ر جوڵه‌یه‌ك بکه‌ن ده‌یکه‌ینه‌ جه‌نگی ته‌فرو تونا کردنی خۆیان و هێزه‌کانیان و جارێکی تر خاك پڕ ده‌که‌ین له‌ لاشه‌ی سه‌ربازه‌ به‌زیوه‌کانیان و وزه‌و توانای پیاو به‌ کرده‌وه‌ تاقی ده‌کرێته‌وه‌ نه‌ك فشو هوری جادووگه‌ره‌ نه‌فامه‌کان .

هه‌ر له‌م هه‌فته‌یه‌دا له‌به‌ره‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی به‌سره‌، هێزه‌ دلێره‌کانمان چه‌ند نیشانه‌یه‌کی دیاری کراوی دوژمنیان تبك و پیك داو زیانی سه‌رو ماڵی زۆری لێدان .

دیارده‌ی ڕاکردنی سه‌ربازه‌ ئێرانیه‌کان له‌ریزی هێزه‌کانیان و خۆ دانیان به‌ده‌ست هێزه‌کانمانه‌وه‌ ئه‌م هه‌فته‌یه‌ش به‌رده‌وام بوه‌و ژماره‌یه‌کی زۆریان له‌ دۆزه‌خی خومه‌ینی خۆیان ڕزگار کردوه‌و هاتوونه‌ته‌ ئه‌م دیو سنوورو له‌لایه‌ن هێزه‌کانمانه‌وه‌ ڕه‌وانه‌ی هیله‌کانی پشته‌وه‌ی جه‌نگ کراون .

عیراق داوا له‌ حکومه‌ته‌کانی جیهان ده‌کا بێزاری خۆیان به‌رامبه‌ر کرده‌وه‌ جانه‌وه‌رانه‌کانی ئێران ده‌ربڕن

وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ ئێواره‌ی دووشه‌مه‌ی ڕابوردوو سه‌ره‌کی ده‌سته‌ دیپلۆماسی به‌عه‌ره‌بی و بێگانه‌کانی بانگ کرد که‌ له‌ به‌غداد و یادداشتێکی ڕه‌سمی پێشکه‌ش کردن له‌باره‌ی کرده‌وه‌ جانه‌وه‌رانه‌کانی ڕژێمی تاوانباری ئێران به‌رامبه‌ر به‌ودیله‌ عیراقی‌یانه‌ی که‌ له‌ ئێراندا به‌ندن .

یادداشته‌که‌ داوای له‌م حکومه‌تانه‌ کرد بێزاری خۆیان ده‌ربڕن به‌رامبه‌ر به‌م کرده‌وه‌ جانه‌وه‌رانه‌یه‌ که‌ ناگونجن له‌گه‌ڵ ڕێکه‌وتنه‌کانی جنیف و ساکارترین پێڕه‌وی خوو ڕه‌وشت و کاربه‌ده‌ستانی تاران ناچار بکه‌ن ڕێزی به‌ڵێنه‌ جیهانی‌یه‌کان بگرن .

ئه‌م یادداشته‌ کاتێ پێشکه‌شی سه‌رۆك ده‌سته‌ی وڵاته‌ هه‌میشه‌ ئه‌ندامه‌کانی ئه‌نجومه‌نی ئاسایشی نێوده‌وڵه‌تان کرا که‌ به‌ڕێز طه‌ یاسین العلی جێنشینی وه‌زاره‌ت پێشوازی کردن .

هه‌روه‌ها به‌ڕێزان سه‌ره‌کی دائیره‌ی سیاسی یه‌که‌مو دووهه‌مو دائیره‌ی عه‌ره‌بی له‌ وه‌زاره‌تدا چاویان به‌ باڵیۆزو سه‌رۆك ده‌سته‌ دیپلۆماسی‌یه‌کان که‌وت که‌ له‌ به‌غداد بۆ هه‌مان مه‌به‌ست .

بڕیاردان له‌سه‌ر بودجه‌ی ئاسایی ده‌زگاکانی ئۆتۆنۆمی ناوچه‌ی کوردستان

له‌ دوا کۆبوونه‌وه‌ی ئه‌نجومه‌نی پاسدانانی ئۆتۆنومی ناوچه‌ی کوردستانداکه‌ به‌سه‌ره‌کایه‌تی به‌ڕێز احمد عبدالقادر نه‌قشبه‌ندی سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌ن به‌سترا ، بڕیار له‌سه‌ر بودجه‌ی ئاسایی ده‌زگاکانی ئۆتۆنۆمی بۆ ساڵی داهاتوو درا .

دوکتور سعدی اسماعیل به‌رزنجی ئه‌مینداری گشتی کاروباری ئابوری و دارایی ئۆتۆنۆمی ناوچه‌ی کوردستان به‌شه‌کانی بودجه‌که‌و ئه‌و بنه‌ره‌تانه‌ی ڕوونکردنه‌وه‌ بودجه‌که‌ متمانه‌یان ده‌کاته‌ سه‌ر .

ئه‌م بودجه‌ پێشنیار کراوه‌ ڕه‌وانه‌ی لایه‌نی به‌رپرسیاری مه‌رکه‌ز ده‌کرێ بۆ ئه‌وه‌ی بخرێته‌ ناو بودجه‌ی گشتی ده‌وله‌ته‌وه‌ .

ئه‌نجومه‌ن موافقه‌تی له‌سه‌ر پێشنیاری ئه‌ندامیکی کرد ده‌رباره‌ی دروستکردنی سێ لیژنه‌ له‌ پارێزگاکانی هه‌ولێرو سلێمانی و ده‌وك بۆ به‌دوادا چون و چاودێری خزمه‌تگوزاری شاره‌وانی له‌و پارێزگایانه‌و پێشکه‌ش کردنی ڕاپۆرتی ده‌وری به‌ئه‌نجومه‌نی یاسادانان یان ئه‌مانه‌تی گشتی کاروباری شاره‌وانی بۆ ڕایه‌راندنی هه‌ر پێشنیارێ په‌ره‌پێدانی ئه‌وه‌و خزمه‌تگوزاریانه‌ زامن ده‌کا .

هه‌روه‌ها ئه‌نجومه‌ن گوێی گرت له‌ ڕاپۆرتی لیژنه‌ی کاروباری کشتوکاڵ و هه‌ره‌وز کاریه‌کان .

پاسدارانی خومه‌ینی

تاران : ئادع : ڕادیۆی باخته‌ران (کرماشانی ئه‌وسا) دانی به‌ کوشتنی چوار له‌ سه‌رکرده‌کانی پاسدارانی خومه‌ینی‌دا نا که‌ به‌ ده‌ست هێزه‌ ئازاکانمانه‌وه‌ له‌ که‌رتی ناوڕاستی به‌ره‌ی شه‌ڕدا کوژراون .

ڕادیۆکه‌ وتی کوژراوه‌کان ئازه‌ر موختاریان و عیسی و جواد علي اشرف و محمد رضا کارخانی بوون .

چالاکی تازه‌ی شۆڕشگێره‌ کورده‌کان له‌ سه‌رده‌شت

تاران : ئادع : شۆڕشگێره‌ کورده‌کانی سه‌ر به‌ ڕێکخراوه‌ی موجاهیدینی خه‌ڵقی ئێرانی به‌رهه‌ڵستیکار توانی‌یان ئوتومبیلێکی جێپ تێك‌بشکێنن و ژماره‌یه‌کی زۆر له‌ پاسدارانی خومه‌ینی بکوژن و بریندارکه‌ن له‌ ناوچه‌ی سه‌رده‌شتی ئێراندا .

به‌یاننامه‌یه‌کی سه‌رکردایه‌تی شۆڕشگێره‌ کورده‌کان که‌ ئێستگه‌ی موجاهیدین بڵاوی کرده‌وه‌ وتی شۆڕشگێره‌کان چه‌نده‌ها جار به‌ تۆپی هاون داویانه‌ له‌ بنکه‌و ناوچه‌ی جوولانه‌وه‌ له‌ سه‌رده‌شتداو ژماره‌یه‌کی زۆر له‌ پاسدارانی خومه‌ینی‌یان کوشتوه‌و بریندارکردووه‌ .

ڕێکخراوی خاچی سووری ده‌وڵه‌تان داوای سزادانی ئێران ده‌کا

ڕێکخراوی خاچی سووری ده‌وڵه‌تان داوای له‌و ده‌وڵه‌تانه‌ کردوه‌ که‌ به‌یه‌مانی جنیف‌یان سه‌باره‌ت به‌ دیله‌کانی جه‌نگ، مۆر کردوه‌ سزای ئابوری به‌سه‌ر ڕژێمی ئێراندا فه‌رز بکه‌ن دوای ئه‌وه‌ی ته‌فه‌للاکانی ئه‌م لیژنه‌یه‌ بۆ ڕزگارکردنی دیله‌عیراقیه‌کان ئه‌نجامێکی نه‌دا به‌ده‌سته‌وه‌ .

ئاژانسی ده‌نگوباسی کوه‌یت ڕای گه‌یاند که‌ سه‌ره‌کی ڕێکخراوه‌که‌ داوای له‌ ئه‌له‌مانیای ڕۆژ ئاوا کردوه‌ سزای ئابوری ئێران بدات به‌و ناوه‌وه‌ی گرنگ ترین شه‌ریکی بازرگانی ئێرانه‌و چونکه‌ ڕێکخراوه‌که‌ که‌ به‌شتۆته‌ ئه‌و قه‌ناعه‌ته‌ی هێزی دیلوماسی نه‌یگه‌یانده‌ هیچ ئه‌نجامێکی ئیجابی ده‌رباره‌ی باری دیله‌عیراقیه‌کان .

به‌یامنێری ڕادیۆی ئه‌له‌مانیای ڕۆژئاوا وتی ڕێکخراوه‌که‌ ئاسایی به‌ناباته‌ به‌ر ڕای گشتی جیهانی کاتێ ئه‌بێ باره‌که‌ بگاته‌ ڕاده‌ی ناچاری و ڕێکخراوه‌که‌ هیچ ڕێگایه‌کی تری ئاسایی به‌ده‌سته‌وه‌ نه‌مێنێ .

چیان له‌ ئێران بینی ؟!

ئێران به‌ره‌و وێرانبوونی ته‌واو ده‌ڕوا

ئه‌نقه‌ره‌ : ئادع ژماره‌ی ئه‌و ئێرانیانه‌ی که‌ له‌ده‌ست جه‌وروستمی ڕژێمی ئێران هه‌ڵدێن و ڕوو ده‌که‌نه‌ تورکیا له‌ زیادبوونایه‌ . هاوولاتی‌یه‌کی ئێرانی که‌ له‌م دواییه‌دا گه‌شتوته‌ تورکیا وتی ڕژێمی ئێران وڵات به‌ره‌و وێرانی‌یه‌کی ته‌واو ده‌با و ئه‌مه‌یش نه‌خشه‌یه‌کی ئیمپریالی‌یانه‌یه‌ ڕژێم جێبه‌جێی ده‌کا .

ئه‌م هاوولاتی‌یه‌ که‌ نه‌یویرا ناوی خۆی ده‌رخا وتی ئه‌م هێزانه‌ مه‌لاو ده‌ست و دایه‌رانه‌یانی هێناوه‌ته‌ سه‌ر حوکم بۆ ئه‌وه‌ی به‌ناوی ئیسلامه‌وه‌ فێڵ و ته‌له‌که‌بازی به‌ هه‌مووی ئێرانا بڵاوکه‌نه‌وه‌ .

به‌رهه‌ڵستکارانی ئێران به‌رده‌وامن له‌ ڕیسواکردنی ڕژێمی خومینی

٥٥ ئێرانی له‌م مانگه‌دا له‌ سێداره‌ دراون

کۆمه‌ڵه‌ی قوتابیه‌ موسڵمانه‌کانی ئێران که‌ لایه‌نگیری ڕێکخراوی موجاهیده‌کانی خه‌ڵقی به‌رهه‌ڵستکاره‌ له‌ به‌ریتانیادا، ناڕه‌زایی خۆی ده‌بڕی به‌رامبه‌ر به‌و کرده‌وه‌ ترسێنه‌ر و داپڵۆسینه‌ی ڕژێمی خومه‌ینی دژبه‌ئێرانیه‌کان که‌ له‌گه‌ڵ ساده‌ترین مافی مرۆڤداناگونجێ .

هه‌روه‌ها کۆمه‌ڵه‌که‌ به‌رده‌وامه‌ له‌ چالاکیه‌کانی خۆی بۆ ڕیسواکردنی ڕژێمی خومه‌ینی خوێن ڕێژو ناساندنی کرده‌وه‌کانی به‌رگری ئێرانی له‌ ناو خۆدا ، که‌له‌لایه‌ن هه‌مو ڕێکخراوو بزوتنه‌وه‌ رامیاریه‌کانی جیهاندا باڵپشت و لایه‌نگیری ده‌کرێ.

هه‌روه‌ها ووتی ڕژێمی خۆمه‌ینی له‌ مانگی تشرینی دووه‌مدا ٥٥ ئێرانی له‌سێداره‌دا که‌ سه‌ر به‌ ڕێکخراوی موجاهیده‌کانی خه‌ڵقن

له‌لایه‌کی تره‌وه‌ ڕێکخراوی موجاهیده‌کانی خه‌ڵق ژماره‌یه‌کی تایبه‌تی ، که‌باسی چالاکیه‌کانی به‌رهه‌ڵستکارانی ئێرانی ده‌کات و هه‌روه‌ها چه‌ند ڕاپۆرتێکی به‌وێنه‌و نه‌خشه‌ی جۆجۆڵی سه‌ربازی دژ به‌ که‌سانی خومه‌ینی‌و ده‌زگاکانی تێدایه .. وه‌ئاشکرابه‌ له‌م ڕۆژنامه‌یه‌ له‌سه‌رباکی جیهانی‌دا بڵاو ده‌کرێته‌وه‌ .

وته‌ی « هاوکاری »

گیانی شه‌هیدان ڕووناکی‌ی ڕێگه‌ی سه‌رفرازیمانه

دوو سبه‌ی ، ڕۆژی شه‌مه‌ ١ی کانوونی یه‌که‌م، ڕۆژی شه‌هیدانه‌ ، ئه‌و نه‌مره‌ شکۆ دارانه‌ی گیانی خۆیان کرده‌ قوربانی تا گه‌ل و وڵاتی عیراق نه‌بێته‌ پاروی ئاسانی قورگی درنده‌کانی ئێران ، ئه‌وانه‌ی گیانی پاکی ئه‌وان هه‌موو ڕۆژی هانده‌ری خۆ ڕاگرتن و پاڵه‌وانیه‌تی زیاتری گه‌له‌ مه‌رده‌که‌مانه‌ که‌ زیاتر سوور بێ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی نه‌یه‌ڵێ دوژمنی نامه‌رد پێ بخاته‌ سه‌ر زه‌ره‌یه‌ك له‌ خاکی عیراقی سه‌ر به‌رز .

ئه‌وا پێمان نایه‌ پێنجه‌م ساڵه‌ی ئه‌و شه‌ره‌وه‌ ، ئه‌و دوژمنه‌ داخ له‌دڵانه‌ سه‌باندیان به‌سه‌ر مانا ، له‌م ماوه‌ دوورو درێژه‌دا ، گه‌له‌که‌مان ڕۆژ له‌ دوای ڕۆژ زیاتر سووره‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی ماوه‌ی هیچ که‌له‌به‌رێ به‌ به‌دی هێنانی خه‌ونه‌کانی دوژمن نه‌درێ ، بێگومان ئه‌مه‌ به‌ خۆ ڕاگرتنی جه‌نگاوه‌ره‌ مه‌رده‌کانمان به‌دی‌یه‌ت ، به‌ ژیری و ئۆهاتوویی سه‌رکرداید‌ه‌تی ڕه‌وته‌ مه‌زنه‌که‌مان و له‌پێشیه‌وه‌ سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌ صدام حسین ، به‌ڵام له‌هه‌مووی زیاتر به‌و گیانانه‌ی خۆیان کرده‌ قوربانی و له‌شیان کرده‌ شووڕای پۆلاینی سنووری ڕۆژهه‌ڵاتمان و سه‌رکه‌وتنیان به‌گیانی شیرین و خوێنی گه‌شیان پاراست و بوونه‌ شه‌هیدی ڕێگای سه‌ربه‌رزی گه‌ل و خاکه‌که‌یان و به‌وه‌ بوونه‌ شکۆدار ترین له‌ هه‌مووان و گیانی نه‌مریان هانمان ده‌ده‌ن که‌ زیاتر خۆ ڕاگرتو بین .

له‌ڕۆژی شه‌هیداندا : سڵاوو ڕێز له‌ گیانی پاکی هه‌موو ئه‌و ڕۆڵه‌ مه‌ردانه‌ی به‌ خوێنی گه‌شیان سه‌رکه‌وتنی عیراقیان نووسی . ئه‌وانه‌ی به‌ ئازایه‌تی و پاڵه‌وانیه‌تی بێ وێنه‌یان خه‌ونه‌کانی دوژمنیان گۆڕ کرد ...

به‌ڵێن به‌گیانی پاکیان که‌ خوێنیان به‌فیڕۆ ناروات و ڕه‌وتی سه‌رکه‌وتوومان ناوه‌ستێ و چه‌سپاندنی سه‌رکه‌وتنی ته‌واوه‌تیمان نزیکه‌و بۆ پێشه‌وه‌ .

Institut kurde de Paris

لە کونگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن دووپاتی دەکاتەوە

تاوانەکەی رژێمی ئێران دژی دیلە عیراقیەکان نیشانەی باریکی ترسناکە لەپەیوەندی جیهانی و مرۆڤایەتی

بەریز لطیف نصیف جاسم وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن دووپاتی کردەوەکە رەت کردنی تاوانە درندانەکەی رژێمی ئێران کە کوشتنی دیلە عیراقیەکانە بەبێ بەرەنگار بوونەوەی جیهانی و مرۆڤایەتی نیشانەی باریکی ترسناکە لەپەیوەندی جیهانی و مرۆڤایەتیدا دەخاتەوە .

وەزیری بەریز لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا کە ژمارەیەك رۆژنامەنووس و پەیامنیری رۆژنامەو ئاژانسەکانی عەرەبی و جیهانی تیا ئامادە بوون ئەو بارە گران و ناهەمواری رووکردەوە روو بە رووی دیلە عیراقیەکان دەبێ و دەستی بۆ ئەو نووسراوە راپۆرتانە کێشا کە رێکخراوی خاچی سووری دەولەتان و لایەنە بەر پرسیارەکانی تر پێشکەشیان کردوەو وتی : ئەوەی بەسەر دیلە عیراقیەکاندا دێ لە مامەلەکردنی سەختی و سیاسەتی نارەوا هەستی رای گشتی مرۆڤایەتی لای هەموو خێر خوازانی دنیا دەهەژێنێ .

دام و دەزگاکانی راگەیاندن و پیاوانی فیکر و رێکخراوە دەولەتیەکانی بانگ کرد بۆ رسوا کردنی ئەم کارە نارەوا ناشیرینەی رژێمی خوێن رێژی ئێران و کار بکرێ بۆ سزا دانی .

وەزیری بەریز لە کونگرەکەدا دوو بەلگە نامەی گرنگی دەربارەی باری ناهەمواری دیلە عیراقیەکان دابەش کرد کە یەکەمیان هی رێکخراوی خاچی سووری دەولەتان بووەو دووەم لەو مەعلوماتانەوە ئامادە کراون دەست سەرچاوە عیراقیەکان کەوتووەو لەدەم ئەو پەك کەوتە عیراقیانەی لە ئێرانەوە هاتوونەتەوە سەرەرای بەنابەرە ئێرانیەکان کە هاتوون بۆ عیراق .

لە بەر روونای رووداوەکاندا

تاوانێکی بێرەوشتانە

ئەوەی سەرنجی راپۆرتەکەی خاچی سووری دەولەتان بدات ، بۆی دەردەکەوێ ، ئەوانەی حوکمی ئێران دەکەن ، تا چ رادەیەك خلیسکاونەتە شیوی بێرەوشتی و دڕندایەتی نامەردانە کە لەلای هەموو خاوەن ویژدانیك لەم سەر زەمینە شایانی تف و ئەنەفرەت لێکردنن .

دیسان ، ئەم راپۆرتە بەلگە نامەیەکی ترە لەو بەلگە نامانەی رۆژ لەدوای رۆژ ساغی و راستی باری سەرنجی عیراق ـ گەل و سەرکردایەتیەکەی ـ بەرامبەر ئەو تاقمە درندەیە دەردەخات کە هەر لە دەست کردنیان بە دوژمنایەتی بۆ سەر سنووری ولاتەکەمان ، بەدنیامان راگەیاند ئەوانەی حوکمی ئێران دەکەن لە بێرەوشتی و درندایەتی و دوژمنایەتی کردن نەبێت بەرامبەر هەموو دبارەیەکی پێشکەوتوو و مرۆڤایەتی هیچ شتێکی تریان مەبەست نیەو دوژمنایەتی کردنیان بەرامبەر عیراق دەرگا کردنەوەیە بۆ بەدی هێنانی هەموو نیەتی رەشبانی ، بەلام نازایەتی رۆلەی عیراق توانی خۆیان و نیەتی رەشبان لە قورو چلپاوی سەر شۆری بنێ .

ئەو کردەوە بێرەوشتانەیەی خوێن رێژەکانی ئێران لە ئوردوگای گورگان بەرامبەر دیلە عیراقیەکان کرا یەکەم تاوان و دوا تاوانی ئەو درندانە نیە بەرامبەر ئەو دیلە بێ دەستەلاتانە ، بەلکو خوی بەردەوامیان بووە چونکە هەر درندە بوون ، ئەوە بوو بۆ یەکەمجار هێزی بەرهەلستکارەکانی ئێران پەردەیان لەرووی تاوانێکی نامرۆڤایەتی تری وای درندەکانی ئێران لادا کە کوشتنی دیلە عیراقیەکان بوو بە دەست بەستراوی لەبەردەکانی جەنگ ، هەروەها راپۆرتەکەی خاچی سووری دەولەتان ئاشکرا دەلێ کەباری دیلە عیراقیەکان زۆر لە مەترسیدایەو بەلگەیان لابە کە رژێمی ئێران بەردەوام بووە لەو مامەلە نامرۆڤایەتیانەی بەرامبەریان .

بەرامبەر بەم بارە . هەموو شەردفمەندێکی سەر رووی زەمین بەرپرسیارە لەتواندنی هەلویستی بەکار بۆ رسوا کردنی ئەو درندە بێردوشتانە .

بەم بۆنەیەوە جێی خۆیەتی بلێین :

ئایا ئەو کەسانەی خۆیان لەژێر زۆر پەردەی رەنگاو رەنگ و دروشمی مرۆڤایەتی و پێشکەوتخواردا شاردۆتەوەو مەرایی درندەکانی ئێرانیش دەکەن . ئیتر کاتی ئەوە نەهات رەش و سپی لەیەك جیا بکەنەوە . بان وا دبارە ئەوانیش شەریکی دزن و خلیسکاونەتە کۆماوی بێ رەوشتی ... !

سالار

دژی تاوانەکانی رژێمی ئێران پیاوانی ئاینی لە هەولێر نارەزایی دەردەبڕن

زانا بەرێزە ئاینیەکانی پارێزگای هەولێر بەیاننامەیەکیان دەرکردوە بەتوندی نارەزایان دەربڕیوە بەرامبەر تاوانی نامرۆڤایەتی و دوور لە نەریتی ئیسلامی پیرۆز کە رژێمی ئێرانی داخ لەدل بەرامبەر دیلە عیراقیەکان دەیکاو داوایان لە رێکخراوە موسلمانەکان کردوە دەنگی نارەزایی خۆیان دژی رژێمی ئێران بەرز بکەنەوە .

کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر

سەر لە بەیانی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢١-١١-١٩٨٤ وەبەچاوەدێری بەریز یحی محمد رشید جاف پارێزگاری هەولێر دەست کرا بە کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر لە هۆلی بەریوەبەرایەتی چاوەدێرکردنی زانستی .

لە کۆنگرەکەدا کە بەریزان رازکری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە هەولێر و مامۆستا محمد امین محمد ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان و مامۆستا مصلح جلالی بەریوەبەری گشتی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ئامادەی بوون چەند ووتارێك خوێنرایەوە ..

لە سەرەتادا بەریز دوکتۆر ابراهیم عزیز سەرەکی لیژنەی ئامادەکەری کۆنگرەی دامەزراندنی لقی هەولێر ووتارێکی خوێندەوەو تیایدا پەنجەی بۆ رۆلی نووسەرو ئەدیبانی کورد درێژ کرد لە ئەرەو پێشەوە بردنی بزووتنەوەی رۆشنبیری داو بۆ دیارخستنی پشتگیری گەورەی نووسەرانی کورد لە پاراستنی رەوتی سەرکەوتن و جەنگی رەواماندا و بەجێ هێنانی ئەرکی بەرەو پێشەوە بردنی ئەدەبی کوردی ... هەروەها بایەخی دیاری کۆنگرەکەی روون کردەوە لە باری ئێستادا کە وولاتەکەمان جەنگی چارەنووسی دەکێڕێ .

ئەنجا بەریز پارێزگاری هەولێر ووتەیەکی پێش کەش کردو دەربارەی بایەخی بەستنی کۆنگرەی لقی دامەزراندنی لقی هەولێر بێتە هەنگاوێکی نوێ لە خزمەتی باری یەکێتی یەکەدا کە ئەمرۆ ئەرکی مێژوویی دەکەوێتە سەر ئەستۆ لە قوولکردنەوەی گیانی برایەتی دا .

ئەنجا ووتاری لقی کوردستان لە لایەن دوکتۆر نافیع ئاکرەیی خوێنرایەوە .. وەپەنجەی بۆ ئەو بوارە فراوانە درێژ کرد کە لە بەردەم یەکێتی نووسەرانی کورد کراوەتەوە لە هەردو لایەنی دارایی و بایەخی فراوان لە سەرگرتنی پەیامەکانی یەکێتی نووسەرو ئەدیبانی کورد .

ئەنجا چەند بروسکەیەك لە لایەن دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی و نەقابەی رۆژنامە نووسانی ناوچەی کوردستان خوێنرایەوە ...

پاشان دەست کرا بە هەلبژاردنی دەستەی نوێی لقی هەولێر کە ئەم بەریزانە دەرچوون :

کاك سعید یحی خطاط ، کاك احمد تاقانە ، کاك عبد الخالق سەرسام ، کاك مفید سوران ، کاك جمال علي ، کاك پیربال محمود ، کاك ئازاد عبدالواحدو برایان د. ابراهیم عزیز وناظم دلبەند بە ئەندامی ئیحتیات دەرچوون

لقی هەولێر : شێرزاد

کۆنگرەی ئەدیبو نقیسەقانی کورد تایی دهوکی

لسپێدەیا رۆژا ٢٢-١١-١٩٨٤ کۆنگرا دامەزراندنا ئێکی یا ئێکەتیا ئەدیبو نقیسەقانێن کورد تایی دهوکی هاتە گرێدان لژێر دروشمی (لویلویا پێنقیسی و تفەنگی ئێکە) .

بەریز جێگری پارێزگەری دهوکی گوتارەك بکوردی خاند تیدا دەستنیشانا قوماندریا مێژوویا سەرۆکی قوماندار صدام حسێن کر دەست پێکی پێتەبەکی تایبەتی دەدەتە رێکخراوێن جەماوەری لدەفەرا ئوتونومی .

پشتی هنگی گوتارا لیژنا خۆ ئامادەکرنێ و کۆتارا ئەدیب و نقیسەقانێن کورد تایی دهوکی هاتە خاندن تیدا دەست نیشانا گرنگیا تەرخان کرنا هەمی پێنقیسێن خێرخواز کر ژبۆ خزمەتا جەنگا پیرۆزو پارتی و شۆرەشا ١٧-٣٠ تیرمها نەمر .

هەروەسا دفێ کونگرێدا دەستەکا رێڤەبەر یا تایی ئێکەتیێ هاتە هەلبژارتن و ونەف رێزدارە هاتنە ژی گرتن :

احمد عبدالله زەرۆ	سەرۆك
انور محمد طاهر	سکرتیر
رشید فندی	ئەندام
نزار محمد سعید	ئەندام
حجی جعفر فارس	ئەندام
مصطفی حسین	ئیحتیات
وەصفی حسن ردێنی	ئیحتیات

یا هەژی گۆتنێیە لڤێرە کو سەیدا محمد امین محمد ئەمینداری گشتی یێ رەوشەنبیری و لاوان یێ دەفەرا کوردستانێ ئامادەی فێ کۆنگرێ ببو دگەل هەفال جێگری رازگری شوعبا دهوکی یێ پارتا بەعسا عەرەبی یا هەیشکی و هژمارەکا هەفالان ئەندامین شوعبێ و نینەرێ ئێکەتیا گشتی یا ئەدیب و نقیسەقانێن عیراقی وهژمارەکا بەرپسیارێن پارێزگەها دهوکی ولدویماهیێ بەشدارێن کۆنگرێ بروسکەیەك بەرز کرن بۆ سەرۆکی قوماندار صدام حسین تیدا ئەهدا دلسۆزیێ و وەفاداریێ نوی کرنەڤە بۆ بەرەڤانی و پارازتنا ئاخا پیرۆزا عیراقی ژهەمی تەماعکارو دوژمنان .

● یەکێتی یەکانی ناوخۆ دەورێکی گرنگ و کاریگەریان هەیە لە سەرکەوتنی هەلمەتی نیشتمانی فراواندا بۆ زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی عیراقی یەکان . بۆ ئاگاداری پەیداکردن لەبارەی ئەم دەورەوە چاومان بە سەرەکی یەکێتیی کرێکارانی تەئمیم کەوت و ئەویش وتی :

یەکێتی یەکەمان هەولی ئەوە دەدا دروشمەکانی هەلمەتەکە بە تەواوی بێنێتە دی و رادەی نەش و نوما کردن و زیادبوونی بەرهەم و دەسنیشانکەرەکانی رادەی بەرهەمهێنان رەچاو بکا بۆ پشتگرتن و یارمەتیدانی ئەو کۆششانەی لەم رێگایەدا نەقابی یەکان و بوونی نوێنەرانی کرێکاران لە دەستەکانی راوێژکردندا کارێکی وایان کردووە گومان لەوەدا نەبێ کە هەلمەتی نیشتمانیی فراوان دەربچێ بۆ زیادکردنی رادەی بەرهەمهێنان و بارێکی بەیەکەوە بەسترانی گرنگیان دەدرێن و بۆ ئاراستەکردنی ئیش و راستکردنەوەی هەر لەرێلادانێ کە ئەگەر بێ . هەروەها یەکێتی یەکەمان دەورێکی کاریگەری هەیە لە پتەوکردنی پێوەندیی مرۆڤایەتی لەنێوان ئێشکەراندا بە جۆرەها پلەیانەوە .

بوونی زیندووی رێکخراوەی نەقابی لە کارگاو دەزگاکانی بەرهەمهێنانماندا یەکێکە لە دبارترین دەستکەوتەکانی شۆرشی ١٧-٣٠ی تەمووزی پیرۆزو بوونی لیژنە خولقاندووە لەنێوان رێکخراوەی نەقابی و دەزگا ئیداری یەکانا و هەموویانی کردووە بە یەکەیەکی بەیەکەوە بەستراو لەپێناوی ئیشی راستەقینەو هێنانەی ئامانجەکانیا .

بەکێتی یەکەمان لە تەئمیم هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی هەلمەتەکەوە لەناو نەقابە لقەکانیەوە بە کیانێکی بالاو سووربوونێکی کەوردوە کە بگاتە رادەی هیوای حزب و شۆرش و پشەوا پێشوازی هەلمەتی نیشتمانی زیادکردنی بەرهەمیان کردووەو کرێکارەکانمان لە یەکەم چاوبێکەوتنەوە خێرا بەرەو هەلمەتەکانی کاری میللی پۆیشتن و پارەیەکی زۆریان پاشەکەوت کرد بۆ دەزگاو کارگەکانمان و خزمەتکوزاری و بەتایبەتی لە کەرتی نەوت و کشت و کال و میکانیك و بیناداو کرێکارەکانمان دەستکەوتی کاریگەریان وەدەست هێنا وەك :

أ ـ رێگا قیرتاوکردن .

ب ـ دامەزراندنی برجێك لە رۆژاوای تکریت لە بەشی بیرهەلکەندندا بە پارەیەکی کەمتر لەوەی بیشتر .

جـ ـ ناردنی ٩٦ کامیۆنی لوولە بۆ بارێزگای بەسرە .

د ـ کونکردنی لوولەیەك کە قەدەکەی ٣٢ گێ بوو لە هێلی نەوتی عیراقی تورکیدا بۆ زیادکردنی بەرهەمی کە لەودپێش بسپۆرد بێگانەکان دەبانبرد بە رێوە .

هـ ـ چاودێری و بەتەنگەوەبوونی یەکە گازی یەکان لەلایەن کرێکاران و هونەرمەندەکانمانەوە کە کۆمپانیا بێگانەکانی بەسەردودبوو .

و ـ ئیشکردنی کرێکارەکانمان رۆژی ٤ سەعات زیادە بۆ کواستنەوەی کۆگاکانی دەزگا بۆ باردکا تازەکەیان .

هەروەها نەخشەیەکیش لە بواری راهێناندا دانرا بۆ سالی ١٩٨٤ لە شوێنەکانی ئیتدا ابەشێوەی لەکەلدابوون او لە مەلبەندی راهێنانی بیشەیداو لە ئەنجامدا (٢٣١) کرێکاری پیاوو (٤١) کرێکاری ئافرەت راهێنران لە ماودەکداو لە بواری دەوردی تایبەتی شارەزابیشدا ئەم دەورانە کرانەوە :

دەوردی کاردباو لەحیمحی یەتی و دارتاشی و ئوتومبیل و تۆرنەچی .

سەردکی یەکێتی ی تەئمیم قسەکەی بەمە تەواوکردو وتی : بەرهەمە دیارو خولقێنەرەکانی کرێکارەکانمان یەکێکن لە ئەنجامەکانی هەلمەتەکەو لە ئەرکەکانمانا بەردەوام دەبین بۆ جێبەجێکردن و سەرخستنی هەلمەتەکە لەپێناوی گەل و عیراقی مەزنی سەرکەوتوومانا .

هەلمەتی نیشتمانی زیاد کردنی بەرهەم مەبەستە دیاری کراوەکانی بەدی هێنا

Institut Kurde de Paris

بەهەلکەفتنا رۆژا شەهیدی

دەمێ گیان بۆ وڵاتی ئەرزان دبیت

● مختار فائق ●

نە تشتەکێ وەتۆف بساناهی یە دەمێ مرۆڤ گیانێ خۆ وروحا پێش چاڤێت خۆو دزانیت کو ئەو یێ دچیتە شەری .. شەرەکێ گرانو قورس ..

نە تشتەکێ بساناهی و ئاسانە مرۆڤ مالو حالێ خۆ بهێلیت و بچیتە شەری داکو بەرسینگێ دژمنەکێ نەفامو نەزان بگریت .

لێ ئەڤ کارێ هۆ سەختو بزەحمەت گەلەك سڤك و بساناهی دبیت .. دەمێ مرۆڤ .. ئەو مرۆڤێ براستی دلسۆژ بۆ وەلاتێ خۆو مللەتێ خۆو دلسۆژ بۆ پاشەرۆژا مللەتێ خۆ .. دبینیت کو وەلاتێ وی .. وارێ بابو باپیرێت وی .. تەعدادیا لێ دهێتە کرن .. ودەست درێژی یێ لێ دهێنە کرن ژ دەرڤە .. ژ ژبیا .. فورسێت عەجەمێت سەرەڤو مەژی هشك .. بێت کو دڤێن دەستێ خۆ درێژکەنە سەر شەرەڤو کەرامەتا مە ..

دەمێ مێرخازێ عیراقی یی دلسۆژ بۆ وارێ خۆ .. دلسۆژ بۆ وەلاتێ خۆ .. دلسۆژ بۆ بیرو باوەران .. دەمێ بزانیت کو تەمەتی بهوستەکێ دەستدرێژی یا هاتیە کرن بۆ سەر ئەردێ وی .. هنگی ئەو عیراقی یێ دلسۆژ چ کوردبیت ئان عەرەب ئان ژهەر کەمایەتی یا دی بیت .. غیرەتا وی قەبویل ناکەت .. ئەو ل مالاً خۆ پال بدەت ئو برایێت وی بەربنە شەری .. سینگێ خۆ بدەنە ئاگری .

نەخێر .. هەر عیراقی یەکێ دلسۆژ دەمێ دبینیت کو دەستدرێژی یا هاتیە کرن بۆ سەر ئەردێ وی یێ پیرۆز .. قەت . رازی و قایل نابیت بڤێ سەر شۆریێ .. و بزەلیلی بژیت ژبەر هندێ ئەم دبینین کو مێرخازو فیرسێت عیراقی بهەزاران . وبسەد هزاران نە مال لبیرا وان دمینیت و نە حال لبیرا دمینیت و دەر حال دێ چەکی هەلگرن و بەرێ خۆ دەنە شەری .. ئەو شەرێ ئەڤە سەرێ پتر ژ چار سالانە رژێما حومەینی فەرز کری لسەر عیراقێ داکو ئارمانجێت خۆ یێت تەماعکار بجهێ بینینیت دعیراقێدا ..لێ وێڤەو کیفە .. رژێما حومەینی و دویقەلانکێت وی قەتو قەت نەشێن وان تەماعی یێت خۆ دعیراقێ دە بجهێ بینن .. چنکو توخیبێ عیراقی یێ دهندە دەستێت ئەمیندار دا .. دلو هناڤێت وان دپرن ژ باوەریێ بسەرکەفتنا مەزن .. ژ بیرو ژ باوەریێ مکوم و راستو زەوان ..

هەر وەسا ئەڤە نەتشتەکێ دویرە ژ کورێت مللەتێ مە بکوردو عەرەبو هەمی کەمایەتی یێت خۆڤە .. بێ ترس و لەرز بەرێ خۆ بکەنە شەری .. بەرێ خۆ بکەنە ئاگری .. ووان بریارا دویما هیکێ یادای بسەرکەفتنا مەزن .. لێ گرنگ نینە بێتەڤە یان نە هێتەڤە .. یاگرنگ لدەڤ شەرکەرێ عیراقی ئەوە سەرکەتنا مەزن بدەست بێمنیت .. چ ئەفرو بیت .. ئان سوباهی بیت .. ئان هەر دەمەکێ هەبیت .. چنکی هەکە عیراقی بریارەکێ ددەت ئارمانجا وی دێ هەر بجهێ هێت هەکە خو کەنگی بیت ئەڤجا مللەتێ عیراقی یێ قارەمان دگەل سەرۆکێ خۆیێ خەباتگیر صدام حسین بریارا سەرکەفتنێ یادای و دێ هەر سەرکەڤیت .. چنکو مللەتەکێ پالەوان .. صدام حسین سەرکێتیش بیت دێ هەر سەرکەڤیت ..

نێدی سلاڤ و هزار سلاڤ لگۆرێ وان شەهیدێت روحا خۆ پێش کێشی وەلاتی کرین و وەلات ژ هەر تشتەکێ دی گرنگتر دانایو ببەهاتر دانایو ..

هاوکاری لە گەڵ بەڕێز وەزیری نەخشەکێشان

نەخشەی گەشەپێدان بە جۆرێ دارەنرێ لە گەڵ ڕەوتی ئابووری وڵاتدا گونجاوبێ

نەخشەی پەرەپێدان لە عێراقدا بە شێوەیکی خێرایی لە گشت بوارەکاندا بەرێوە دەچێو لەگەڵ واقیعی ئابووری نوێدا دەگونجێ کە هەموو کۆمەڵ بە گشت بەشەکانیەوە تێیدا دەژین هەر لە بەرپابوونی شۆرشی ١٧-٣٠ تەمووزەوە .

لەم چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ بەڕێز دکتۆر سامال مجید فرج وەزیری نەخشەکێشان دەربارەی نەخشەی پەرەپێدانی ئێستاو دوا ڕۆژ بە شێوەیکی فراوان لەم بارەیەوە قسەی کرد ، دەربارەی بەرزترین نیشانەکانی ئەو پەرەساندنەی کە بەدی هاتووە ئەمەش تەواوی کفتوگۆکەمانە لەگەڵ بەڕێز وەزیری نەخشەکێشان :

پرسیاری یەکەم :

ئەو خۆ ئامادەکردنانە چین دەستی پێکراوە بۆ ئامادەکردنی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوایەتی لە وڵاتدا بۆ ساڵانی داهاتوو ؟

وەڵام :

ئێستاکە وڵات لە چوارچێوەی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی ساڵانی (١٩٨١ - ١٩٨٥)دا دەژێ ، بێگومان دەزگا بەرپرسیارەکان لە چوارچێوەی نەخشەی ساڵانەی (پرۆگرامی بەرهەمهێنان)ی ساڵی ١٩٨٤ کار دەکەن لە کاتێکدا ئێستا دەستو برد دەکرێ بۆ ئامادەکردنی نەخشەی ساڵانەی ساڵی ١٩٨٥ ، کە بریتیە لە پرۆگرامی بەرهەمهێنانی دوایین لە نەخشەی ناوبراودا .

وەزارەت زۆر ئاگاداره لە دانانی نەخشەکانی ساڵانە وئامادەکردنی بە شێوەیەك لەگەڵ بەشاری ئابووری عێراقو کاروانی پەرەپێداندا بگونجێ ، لەبەر سێبەری ئەو بارودۆخە نائاسایەی کە وڵاتەکەمانی پێدا تێپەڕ دەبێ وروو بە رووی دەسدرێژی فارسە داخ لە دڵەکان دەبێتەوە . لەگەڵ رچاوکردنی ووردلە لێکۆڵینەوەی پێشنیارەکانی ئەم نەخشەیە ، بە ئامانجی چەسپاندنی ناوەڕۆکەکانی بە گوێرەی چاکترین شێوەی واقیعیو زانستی لە چوارچیوەیکی ئابووریو پەرەپێدانێکی هاوسەنگدا .

بەڵام ئەوەی سەبارەت بە نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی داهاتووی ساڵانی (١٩٨٦ - ١٩٩٠) کار کردن بۆ ئامادەکردنی ماوەیەکە دەستی پێکردوەو بەرنامەیێکی تایبەتی بۆ ئامادەکراوە ، پشت دەبەستی بە بیرو باوەڕەکانی ئابدۆلۆژی گشتیو ئستراتیژیە چەسپاوەکان ، بە شێوەیەك ئەو بارو زرووفە لاوەکیانەی وڵاتی پێدا تێپەڕ دەبێ رچاو بکرێنو کە دەبێتە مسۆگەرکردنی چەسپاندنی ئابووری نیشتمانی وەدەسهێنانی پێشکەوتنو پەرەسەندنی زیاتر لە هەموو بوارەکاندا خالەکانی پرۆگرامەکەش بەسەر هەموو ڕێکخراوو دەزگاکانی وەزارەتدا بڵاو کرایەوە، ئەرکی هەر یەکێك لەوانە دیار کرا لە چوارچیوەی خۆیدا ، هەروەها سەربانێکی کاتی بۆ دیاری کرا بۆ تەواوکردنی هەر یەکێك لە خالەکانی پرۆگرامەکە . بێگومان زۆر لەو ئیش‌وکارانە تەواوکران کە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ی بۆ کاتی تەواوکردنی بۆ دیاری کرا .

پرسیاری دووەم

ئایا چ خاسیەتیەك لێرەدا هەیە کە جیاوازی تافیکردنەوەی عێراق بێت لە بواری پەرەپێداندا ؟

وەڵام

ئەوانەی تاقیکردنەوەکەمان جیا دەکاتەوە لە بواری پەرەپێدان ئەمەیە :-

١ - تاقیکردنەوەکەمان جیاوازە بەپێی ئەوەی کاروانی پەرەپێدان پشت دەبەستێ بە رامیاریەکی نیشتمانیو نەتەوەیی ئاشکراو سیمایێکی دیاری کراوو دوور لە خۆبەستنەوەی ئابووریو رامیاری .

٢ - نەخشەکانی پەرەپێدان هەوڵ دەدات بۆ پتەوکردنو پەرەسەندنی کەرتی سۆشیالیستی لە هەموو کەرتەکاندا لەگەڵ ڕێگەدانێکی ڕوون بە چالاکیەکانی تایبەتی کە بە رۆلی کاریگەری خۆیان هەلسن لە پرۆسێسی پەرەپێداندا .

٣ - بەگرتنە دەستی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرکردایەتی کاروانی پەرەپێدان کە خاوەنی هۆشیاریەکی تووڵە کە لەسەر پرۆسێسی پەرەپێدان ڕەنگ دەدانەوە ، بە شێوەیکی تووندو نۆڵو قەشەنگ ئەوەی دابین کرد کە ناوی بنرێ بە (پەرەپێدانێکی پاك) .

٤ - سروشتی نیشتمانیو سۆشیالیزمانەی پرۆسیسی پەرەپێدان لە عێراقداو بەستنەوەی بە ئامانجەکانو بەرژەوەندیەکانی نیشتمانیو نەتەوەیی وای لێکرد سیمایێکی فراوان وەرگرێو هەموو لقەکانی ئابووریو بوارەکانی ژیانی فراوان کرد وگشت ناوچەکانی وڵاتی گرتەوە .

٥ - سروشی سۆشیالیزمانەی نەخشەی پەرەپێدان لە عێراقو ئێشکگرتنی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بۆ بەرژەوەندیەکانی گەلو ژیانەکەی، بوە هۆی بایەخدانێکی راستەقینە بۆ کەمکردنەوەی ئەنجامە زیان بەخشو سلبیەکان ، کە ئەنجامی پرۆسێسی پەرەپێدانێکی گەورەیەو بەتایبەتی دیاردەی ئاوسان (التضخم)و هەروەها ئەو ئەنجامە ئابووریانەی زیانێکی زۆر بە زۆربەی خەلکی میللەت دەگەیەنن .

پرسیاری سێیەم :

سەبارەت پرۆژە بەرهەمهێنەرەکانی ئەمسال چیهەیە ؟

وەڵام :

نەخشەی بەرهەمهێنانی ساڵی ١٩٨٤ دەسەی چوارەمی نەخشەی پێنجینەی پەرەپێدانی نەتەوەیی ساڵانی (١٩٨١ - ١٩٨٥)ە بە شێوەیکی تایبەتی بایەخ دەدات بەگەشەسەندنی کەرتە جۆر بە جۆرەکانی ئابووریو بەرهەمهێنان لە پاڵ ئەوەش بەردەوام بوون بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی خزمەت دەگەیەنن‌و پێویستیە بنەرەتە راستەوخۆیەکانی دانیشتوان دابین دەکات وەکو خزمەتەکانی فێرکردنو تەندروستیو رۆشنبیریو ئەوانی تری .

هەروەها ئامانجی نەخشەکە تەواوکردنی پرۆژەکانی پیشەسازیو کشتوکاڵیو ئاودێریە مەزنەکانە کە پێش چەند ساڵێکە دەستیان پێکراوە. لەوانەیە زۆربەیان تەواو بکرین‌و بکەونە قۆناغی بەرهەمهێنانی ساڵی ١٩٨٦وە ئەم پرۆژانە دەبنە هۆی یارمەتی دانی پەرەسەندنو پتەوکردنی ئابووری عێراق ، بەشداریەکی گەورە دەکەن لە زیادبوونی شێوازەکانی پەرەپێدانێکی بەربڵاوە وڵاتی عێراقدا.

پرسیاری چوارەم :

عێراق لە زۆر رووەوە پەرەسەندنی بەخۆیەوە بینی ، ئایا نەخشەکێشان رۆڵێکی کاریگەری هەیە لەم پەرەسەندنەدا ؟

وەڵام :

بێگومان نەخشەکێشان دەورێکی کاریگەری هەیە لەو پەرەسەندنانەی عێراق لە مەیانە جۆرە بە جۆرەکاندا سەرکردایەتی حزبو شۆرش پشتی بەست بە ڕێبازێك بۆ نەخشەکێشان لە پێناوی پەرەپێداندا‌و بۆ بەدیهێنانی پەرەسەندنێکی خێراو بەڵاو لە گشت بوارەکانی ژیان لە کۆمەڵگای عێراق لە گشت ناوچەکانی وڵاتدا .

ئامانجی نەخشەکانی پەرەپێدانی نەتەوەیی ئەوەو عێراق بگوێزێتەوە بەرەو بارو دۆخێکی پێشکەوتوو کە بتوانرێ ڕوونەکانی ئابووری نیشتمانی پەرەو گەشەسەندنو دابین دەکات لەگەڵ دابین‌کردنی هۆیەکانی کۆمەڵێکی هاوچەرخو شێوازە چەسپاوەکانی بۆ خۆش‌گوزەرانی گەل ، ئەمەش بێگومان ئەنجامی رایەڕاندنی نەخشەکانی پەرەپێدان دێتە کایەوە کە پاش شۆڕش دانرانو دەرامەتی نەتەوەیی بەرز بۆوە لە (٨١٢٫٥) ملیۆن دینارەوە ساڵی ١٩٦٨ بۆ (١٢٣٣٤٫٦) ملیۆن دینار ساڵی ١٩٧٢ دوا بە دوای ئەوە درامەتی ناوەندنی تاکە کەس زیادی کرد لە هەمان ماوەی ناوبراودا لە (٩١٫١) دینار بۆ (٨٧٤٫٣) دینار ئەمەش تاکە نیشانەیەکە بۆئەوەی بەراوردکردن . بەراوردی زۆرتر هەیە دەتوانرێ پێش چاو بخرێ وەکو پێوەرێك بۆ رادەی ئەو پەرەسەندنو پێشکەوتنەی لە وڵاتدا بەدی هاتووە ئەنجامی پەرەوکردنی ڕێبازی نەخشەکێشانێکی زانستیانەی دروست لە گشت کەرتەکانی کشتوکاڵو پیشەسازیو گواستنەوەو هاتووچۆکردنو بنیاتنانی خانووبەرەو خزمەتگوزاریەکانو هەموو لابەنەکانی تری ئابووری .

پرسیاری پێنجەم :

ئەو پەرەسەندنە بەرزانە چین کە وەزارەتی نەخشەکێشان بەدی هێناون لە گشت بوارەکاندا ؟

وەڵام :

لە سایەی ئەو سەرپەرشتیو پاڵپشتیە بەردەوامەی دەزگاکانی نەخشەکێشانی مەرکەزی لە لایەن سەرکردایەتی حزبو شۆڕشەوەو لەسەروبانەوە بەرێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین ،وەزارەتی نەخشەکێشان پێشکەوتنێکی دیاری کراوی وەدەستهێنا لە زۆربەی لابەنەکانی کارەکردنەکەیداو دەتوانین دیارترین ئەو لایەنانەی پێشکەوتن بەمەی خوارەوە پوختە بکەین :

١ - ڕێکخستنو بەرەپێدانی قەبارەی ریکخستنی وەزارەت .

٢ - پەرەسەندنی ڕێبارەکانی کارکردنی وەزارەت .

٣ - بەکارهێنانی دەزگای نوێو پرۆگرام لە کارکردندا .

٤ - فراوانکردنو پەرەسەندنی بنەمای دیموکراتی و کۆمەڵی لە کارکردندا .

٥ - بایەخدانێکی تایبەتی وورد بۆ ئامادەکردنی نەخشەکانی پەرەپێدان بەپێی چاکترین ڕێبازو بنەڕەتی زانستی لە بارو هەوڵدان بۆ تەواوکردنی زۆربەی لایەنەکانی نەخشەکێشانو ئەمەش ئەنجامی بابەخدانی تایبەتی بە نەخشەکانی پێنجەیو رووکردنە ئامادەکردنی چەند نەخشەیێکی دوورخایەن لە هاوشانی نەخشەکانی ساڵانەو بایەخدانێکی ئاشکرا بە نەخشەکێشانی هەرێمیو لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی نەخشەکانی پەرەپێدان .

٦ - پەرەپێدانی پرۆسێسی چاودێری‌کردن بە ئامانجی ناساندنی واقیعی راپەراندنی نەخشەکان لە ئاستی ئامادەکردنی نیشانە تایبەتیەکانی ئەم واقیعەو هەڵسەنگاندنی رایەڕاندنی هەموو نەخشەکان .

٧ - دانانی نەخشەکانی ساڵانە بۆ لێکۆڵینەوەو دەستپێکردن لە ساڵی ١٩٨٣ لە ئامادەکردنی ئەم لێکولینەوانە چەند توژێنەوەرێك لە ناوەوەو دەرەوەی وەزارەت بەشداری دەکەن بە ئامانجی خۆقلاندنی بنەمایێکی فراوانی زانیاریو راستیەکانی بزوتنەوەی ئابووریو کۆمەڵ بۆ ئەوەی ئامادەکردنی نەخشەکانی پەرەپێدان واقیعی وزانستیانە بێت .

٨ - مەشق‌کردنو پەرەپێدانی کادرەکانی نەخشەکێشان وپەرەوکردنی ڕێگاو ڕێبازی جۆراو جۆر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی پەرەسەندن و بتوانرێ ئەرکەگەورەکانی کاری نەخشەکێشان بگرێتە خۆی .

٩ - پەرەپێدانی کاری سەرژمیاری وەکو ڕێبازو ناوەڕۆك وخێراییو ووردی هەبێ لە دەرهێنانی ئەنجامەکان وبەکارهێنانی کۆمپیوتەری پەرەسەندوتر بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ پێکهێنانی بانقێکی زانیاریەکان کە نەخشەکێشەرەکان وبڕیار دەرەکان دەتوانن بە درێژی زانیاریان لێوە وەرگرن دەربارەی سەرجەمی چالاکیە ئابووریو کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵ لە شیوەی زنجیرە کاتێك زۆر یارمەتی دەدا بۆ ئامادەکردنی نەخشە جۆر بە جۆرەکان.

١٠- پەرەپێدانی پەیوەندیەکان لەگەڵ دەزگاکانی نەخشەکێشاندا لە وەزارەتەکان بە ئامانجی دۆزینەوەی بە یەکە چوونێکی ئیجابی بە پێت لە نێوان ئەو دەزگابانەو دەزگای نەخشەکێشانی مەرکەزیدا ؛ وکارکردن بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیمان لەگەڵ ئامرازەکانی نەخشەکێشان لە وڵاتانی تری جیهانداو بایەخدان بە شێوەیێکی تایبەتی بە ئامرازەکانی نەخشەکێشان لە وڵاتانی عەرەبدا بە ئامانجی گۆڕینەوەی شارەزاییو تاقیکردنەوەو پتەوکردنی پەیوەندی هاریکاری لە چوارچێوەی بوعدێکی نەتەوەیی پرۆسێسی نەخشەکێشان .

ئەمە بەرزترین نیشانەکانی پەرەسەندنە کە لە وەزارەت هاتۆتە کایەوەو بە شێوەیێکی کورت باسی ئەو لابانانە بوو .

ذکریات محمد حسن

ئێران لە ناوەوە

● فؤاد حسین ●

زیاتر لە [٣٢٣] بەندیخانەی لێدانو ئازاردان لە ئێراندا هەیە .. ئەم ژمارەیە کشت بەندکراوەکان ناگرێتو بەسیان ناکات .. ئەوەی ئاشکراو ڕوونەو گەلانی سەرزەمین ئاگابان لێیە رژێمەکە زیاتر لە [٥٠] هەزار ئێرانیی لە رۆژی نیوەڕۆدا لەسێدارە داوە .. ژمارەیەکی کەش گەلێك لە ژمارەکانی پێشوو زۆرترە لە ژێر لێدانو سزادانو ئازاردا بە شوێنیان قەسەم ، حالی حازریش زیاتر لە [١٢٠] هەزار کەس بەسەر بەندیخانەکاندا دابەش کراونو دیسان کەسو کاریان ئاگایان لێیان نییە .. جا لێرەدا مرۆڤ ناچار دەبێتو بەسەرسورمار نێکەوە پرسیارێکی ماقول بکات .. ئایا ئەم ژمارەیە چۆن جێگابان بۆ دەکرێتەوە بەتایبەتی ئەوەش دەزانین لە کۆڵانو شەقامەکانی ئێراندا هەر رۆژ خۆپیشاندانو دەنگی ناڕەزایی بەرز دەبێتەوە لەگەڵیشدا گرتن بەردەوامە .. ؟؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لە نامەکەی «مسعود رەجەوی» سەرکردەی ڕێکخراوی موجاهیدی خەلق کە ئاراستەی ئەمینداری گشتی ئەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە کە باسی زیندانەکانی ئێرانی کردووە ووتوویە «هەندێ لە زیندانەکانی ئیڤین لە تاران زیاتر لە سێ کەس ناگرێت ئەمە لە حالێتێکی ناچاریدا. بەڵام رژێمی خومێنیرژێ لە قوم زیاتر لە چل‌کەس تیاباندا دەخات ..» مسعود رەجەوی لەسەر قسەکەی بەردەوامەو دەڵێ : «یەك هەر ئەمەش بەڵکو هەر بۆ ئەوەی ئیهانەی ئێرانیەکان بکات کەلێ جێگای پیس‌و پۆخڵ وەکو تەوبلە کردونیەتە بەندیخانەی ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتانی تیاباندا بەند کردووە وەکو ئەوەی لە کەرجدا هەیە» .

ڕژێمێك ئەمە ڕەفتاری بێت بەم چەشنەو بەر جۆرە درندەیی‌و نامرۆڤایەتیە مامەلە لەگەڵ گەلەکەیدا بکات ..ئایا کۆتاییەکەی چۆن دەبێت ..!! ئایا خومەینی بیری لەوە کردۆتەوە کە هێز بی‌یە دژ بەئێرادەو وبستی گەلان بوەستێت ..!!

کەر ئەو هێزەش لەبەر هەندێ هۆ لە قۆناخێکی مێژوویدا سەری‌هەڵدایەوە ، ئەوا بێگومان ئەمەنەکەی کورت دەبێتو سەرکەوتن هەر بۆ گەلان دەبێتو خۆری ئازادی هەڵدێتو تاریکیو نووتەکی لەناودەبات ..

جا دەبێ خومەینی‌و تاقمە کەوجەکەی ئەم راستیانەی مێژوو بەرچاو خەنو بزانن رۆژی کۆتاییان نزیك‌بۆتەوە .. ئەو رۆژەی گەلانی ئێران بەپێڵاو سەروپۆتەلاکیان پان دەکەنەوە .. و گشت بەسەرفرازی دەژین و مافی رەوای خۆیان وەردەگرن ..!!؟

بژی سەرکردە .. بژی بەعس .. بژی گەل .

شەهیدانی قادسیە .. نیشانەی سەربەرزیو سەربڵندیمانن .

عیراق هەر بەبەهێزی دەمێنێتەوە

عیراق سەر بەکەس نابێت بەڵکوو پێشەنگو چرای هەق دەبێت

Institut kurde de Paris

بەهاو

ڕەفتارە نوێکانی کۆمەڵگای عێراق

د. حمید مجید

سەرەکی فەرمانده صدام حسین دەڵێ : « ڕوانەتە تازەکانمان ئەوەن سووربین لەسەر لە بەجێهێنانی ئەرکەکانمان و وردو ئەمینداربین . »

ماوەیەکی دوورو درێژ نیشتمانی عەرەبی لە ژێر دەستەڵاتی بێگانەدا مایەوە لەو کاتەوە کە خەلافەتیی عەباسی لە بەغدادا ڕووخا ئەو کاتەی کە تیشکدانەوەی شارستانی و ئەفراندنی بیرکاری نەتەوەی عەرەب برایەوەو لە جێیا ئیمپریالیزمی بێگانەو دەستەڵاتی بێگانە هاتە کایەوە کە بە تەواوی نەفامی و دواکەوتنی پشت گرت و هۆکارەکانی بێ هێزی و داڕزاندنی لە کۆمەڵگادا چاند لەگەل ڕاکردن لە ئەرك گرتنە ئەستۆو هەستنەکردن بە هاوولاتی بەتی و ڕێزنەگرتن لە ئادەمیزادو ئەفراندنەکانی .

ئەم ماوەیە کارێکی گەورەی کردە سەر دەروونی هاوولاتی و نقومی کرد لە نەفامی و دواکەو لە ڕێ لاداندا کە هێشتا تا ئیستا شوێنەواریان ماوە هەر چەند زۆربەی وڵاتانی عەرەب سەربەخۆ بوون چونکە ئیمپریالیزمی ئەورووپایی ، پاشماوەی ئیمپریالیزمی عوسمانی بەردەوام بوو لەسەر تێکدانی دەروونی هاوولاتیی عیراقی و سەر بێشۆڕکردنی و بە زۆر وای لێکرد کە دیلی داب و نەریتە ڕزیوەکان بێ و دوای بێگانە بکەوێ تا توانای خولقێنەری نەمێنێ و ئازادیی بیرو باوەڕی و هەڵمەتی بەرەو پێشکەوتن و پەرەسەندن لا بەوەتێ .

هاوولاتی عیراقی زۆری چەشتوە بە دەست ئەو شەخسیەت دامالین و جەورو ستەمەی کە لە سێبەری دەستەڵاتی بێگانەو حکوومەتە کۆنەپەرستە بەکرێ گیراوەکانا دبویەتی و ئەو بیروباوەڕانەیان تیا بڵاو دەکرایەوە کە ئادەمیزادیان تیا بێبرخ دەکرێ و نرخی لکانی بە خاك و نیشتمانیەوە تیا دەشکێنرێ و دوو دلی تیا دەچێنرێ بەرامبەر بە بوونی نەتەوایەتیی نەتەوەی عەرەب و هۆکارەکانی پچڕپچڕی و داڕزانی تیا پەرەپێ دەدرا لە کۆمەڵگادا ، بە هۆی هاندانی تایە فەچیەتی و تیرە پەرستی و پتەوکردنی بیرو باوەڕی دواکەوتوو وکۆن لەبەر ئەمە بوو کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست پەیدا بوو کە مەترسیی یەکانی بیرو باوەڕو تێڕوانینە بڵاوەکانی ناو کۆمەڵگای ئاشکرا کردو بەها شۆرشگێڕیی یەکانی ئازادکردنی هاوولاتیی دووبات کردەوە لەم هەموو بیروباوەڕانە کە ناوی « نەخۆشیی یەکانی کۆمەڵگا » یا « واقیعی بۆگەن »ی لێنان .

قۆناغی پێش شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووز بە قۆناغی تێکشکان و تێکچوونی شەخسیەتی عیراقی دادەنرێ ، لەبەر ئەو ستەمی سیاسی و چەوساندنەوەی ئابووری و دواکەوتنی کۆمەڵایەتیی یەی کە تیایا دەژیا . لەگەل شۆرشیشدا شەخسیەتی تازەی عیراقی لە دایك بوو وردە وردە لەگەل بەردەوامی شۆرشدا پەرەی سەندو خۆی گرت و ڕێبازە شۆرشگێڕانەکەیی بێشکەش دەکرد لە ژێر سێبەری ئەو ئاوو هەوا شۆرشگێڕانەی کە شۆڕش ڕەخساندوویەتی و بە هۆی پتەوکردنی ڕێبازو ڕەوتی لە هێنانەدی ئامانج و بیروباوەڕیا . بەم جۆرە شۆڕش دەورێکی کاریگەری گێڕا لە بنیاتنانی نیشتمانپەروەری عیراقی و چەسپاندنی بنجە نەتەوایەتیی یەکەیا ، چونکە ڕێبازی شۆرش ڕێبازێکی شۆرشگێڕانەو خەباتکارانە وپەروەردانەبە، لەبەر ئەوە نیشتمانپەروەرایەتیی عیراقی و شانازیکردن بە خاکی عیراقەوە تێکەل بوون لەگەل ئینتیمای نەتەوایەتی و دووپات کردنەوەی ئەوەدا کە تێکۆشانی نیشتمانیە روەرانە تێکۆشانێکی نەتەوە پەرستانەیە لە پێناوی یەکێتی نەتەوەی عەرەب و سەربەخۆیی .

ئەو شۆرشەی کە بە سەرەکایەتیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەرپاکرا هەر بریتی نەبوو لە گۆڕانێکی سیاسی لە شێوەدا بەڵکو بریتی بوو لە گۆڕانکاریی یەکی سەرانسەر لە ڕیشەوە بۆ بنیاتنانی ئادەمیزادی عیراقیی تازە کە لە کۆمەڵگایەکی تازەدا دەژی و ، ئادەمیزادی تازەو کۆمەڵگای تازە لە دەستکردی ئەو شۆرشەن کە گۆڕانێکی گەورەی هێنا بەسەر بەرنامەو کردەوە خەباتکارانەکاندا کە لەوەو بەر ئادەمیزادی عیراق نەژبا بوو تیایاناو ، بەم جۆرە شۆڕش دەرگایێکی فراوانی کردەوە لە بەردەم ئەفراندنی ئادەمیزادانەدا بۆ پاراستنی شۆرش و بەرەوپێش چوونی لە ژێر سێبەری سەرکردایەتیی بە مێژوویی یەکەی سەرەکی فەرمانده تێکۆشەر صدام حسین دا ، ئەو سەرکردە پێویستەی کە نەتەوە لەم ماوە ناسکەی ژیانیا بوویەتی و ، دەنگدانەوەی گۆڕانی شۆرشگێڕانە ئاشکرا بوو لە یاساو قانوون و کردەوە شۆڕشگێڕی یەکاندا لە هەموو بوارێکداو ، بەتایبەتی گۆڕانکاریی یە کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیری و ئابووری یەکان .

یەکێ لە ئامانجە سەرەکییە گرنگەکانی شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووزی پیرۆز ئەوە بوو کە گەلی عیراق بە شێوە نەتەوایەتیانە ئامادە بکا کە باوەڕی بە ئینتیماکردن بێ بۆ نیشتمانی عیراقی و نەتەوەی عەرەب ، بە شێوەیەکی ئازاد لە بیرو باوەڕی شعووبی و دوورەپەرێزی یا هەڕێمانەو ئاوچە پەرستانە ، لەبەر ئەوە سەرکردایەتیی گرنگیی یەکی زۆری داوە بە بنیاتنانی ئادەمیزادی عیراقیی تازە ، لەبەر ئەوەی کە ئامانجی شۆرشەو هۆیەتی بنیاتنانی عیراقی مەزن و پێشکەوتن و گەشەکردنی ، چونکە ئەم بنیاتە هەڵناستێ بێ گوێدانە ئادەمیزادو هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی پلەی بیرو ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی و ئابوریی چونکە ئەو ئامێری شۆرش و ئامانجیەتی .

شۆرشی نەمری ١٧-٣٠ی تەمووز ئادەمیزادی بە بەهایەکی بڵاو ئامانجێکی بەرز داناوەو هەوڵی خولقاندنی دەدا لە پێناوی بنیاتنانی کۆمەڵگای سۆشیالیستی دیموکراسی یەکگرتووداو خەباتکردن بۆ لە ناوبردنی هەموو ئەو بەهاو بیروباوەڕو کردەوە زیانبەخشانەی کە پێش شۆڕش لە کۆمەڵگادا بڵاو بوون .

ئەو ئادەمیزادە تازەیەی کە پێوەندی بە دروستبوونی ئەقڵیەتی یەکێتی پەرستی و دەروونی سۆشیالیست و دروستکردنی ئادەمیزادی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕی باوەڕدار بە پێوەندی دیالەکتیکی نێوان یەکێتی و ئازادی و سۆشیالیزمەوە هەیە ئەو ئادەمیزادە تازەیەیە کە سەرکردایەتیی شۆڕش هەوڵی خولقاندن و دروستکردنی دەدا .

تەواوکردنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری دەتوانرێ ماوەیەکی دیاری کراوی بۆ دابنرێ لە ناو هەندێ بەرنامەی نەخشە بۆ کێشراودا ، وەك چۆن عیراق کردی کاتێ کە نەوتی خۆمالی کردو دەستی گرت بەسەر دەستەڵاتی مۆنۆپۆ لە جیهانیەکانا ، بەڵام چاندنی بە هاو بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە لە ناو کۆمەڵگادا کارێکی گرانترو ئاڵۆزترەو ماوەیەکی درێژی دەوێ لەگەل کۆششێکی زۆرو بەردەوامدا بۆ ئەوەی سەرکردایەتی بگاتە خولقاندنی ئادەمیزادی تازەی باوەڕ دار بە شۆرش و بە بنیاتنانی سۆشیالیزم . لەبەر ئەوە کاتێ کە سەرکردایەتیی حزب و شۆڕش دەچوونە جەنگی بڕیاردەرو بڕندەوە لەگەل هێزەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و پیلانگێڕان و مۆنۆپۆلەکانی جیهاندا هەوڵی ئەوەی دەدا هاوولاتیی عیراقی بخاتە ناو ئەم جەنگانەوە بۆ ئەوەی توانای تاقی بکاتەوەو هەستی شۆڕشگێڕانەی بجووڵێنێ بۆ بەرکری کردن لە عیراق و بۆ خولقاندنی بەهای خەباتکارانەی تازە تێیداو لە پێش هەموویانەوە بەها نیشتمانی و نەتەوایەتیی یەکان و ، بەهای ئازایەتی و قوربانیدان و لە خۆ بوردن وبە جەرگی و ، هیوا بوون بە باشەڕۆژی ڕووناکی پرشنگدارو بەهاکانی ئینتیما بۆ نیشتمان و ئینتیما بۆ نەتەوە کە بەهایەکن بە درێژایی ڕەوتی شۆڕش خۆیان چەسپاندووەو دەورێکی گەورەیان هەبووە لە بێگەیاندنی شەخسیەتیا چونکە باوەڕو نیشتمان پەروەری و ئازایەتی و بە جەرگی و قوربانیدان لە بەها گەورەکانی ژیانی ئادەمیزادی عیراقی و لەوانەن کە دڵسۆزیی بەرەو مەسەلە گەورەکانی ژیانی ئاراستە دەکەن بەرەو بنیاتنانی عیراقی مەزن .

پرۆسێسی گۆڕانی شۆڕشگێڕانەو فەوتاندنی داب و نەریتی ناو کۆمەڵگا پرۆسێسێکی گران و ئاڵۆزە لەبەر ئەوە ماوەیەکی زۆری ئەوێ بۆ ئەوەی بیرو باوەڕ وتێڕوانینی شۆڕشگێڕانەی تازە بچێندرێ و ئەمە بە تێکڕای ڕەوتی شۆڕشەوە بەستراوەو بەو سەرکەوتنانەوە کە لە بواری نیشتمانی و نەتەوایەتیدا وەدەستی هێناون لەگەل دەستکەوتە دیموکراسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی و سیاسی یەکانا .

ڕوو بە ڕووبوونی هێزە ئیمپریالی و زایۆنی یەکان وەك خۆمالی کردنی نەوت و بەشداری کردن لەشەڕ تیشرینی ١٩٧٣داو ، نەخشەی پەرەسەندنی تەقاوەو چارەکردنی گیرو گرفتە هەرێمایەتی یەکانی ناوخۆ وایان کردوە کە هاوولاتیی عیراقی متمانە بە خۆی بکاو شانازی بکا بەخۆیەوەو بەوەی کە سەر بە نیشتمانەکەیەتی و شانازی بکا بە شۆڕشەکەی و دلنیابێ لە شوناسنامە نیشتمانی و نەتەوایەتی یەکەی و سەرکردایەتی حزب و شۆرشیش توانایەکی بڵاو وردبینی یەکی بەرزی ئیسبات کردووە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا .

گرنگترین و گەورەترین دەستکەوتێ کە سەرکردایەتی حزب و شۆڕش کردیتی ئادەمیزادی تازەی عیراقەو ، هەر وەك سەرەکی فەرمانده تێکۆشەر صدام حسین دەڵێ « ئەو سەرەنجامی دوایی هەموو دەستکەوتێکە لە بواری ڕۆشنبیری و سیاسی و زانیاری و تێکنۆلۆژی و ئابووری و کۆمەڵایەتیداو پلەی ئەم دەستکەوتەو سروستیشی لە دوو شوێندا ناسراوە لە شوێنی بنیاتنان و بەرەو پێش چوونی زانیاری و تێکنۆلۆژی » .

لەبەر ئەوە سەرکردایەتی حزب و شۆڕش باش گوێیان دایە باری زانیاری و ڕۆشنبیری و نەخشەو بەرنامەکانی دانا بۆ لەناو بردنی نەخوێندەواری و ، هێنانەدی بە خۆرایی خوێندن و ، هێنانەدی خوێندنی تەورێمی .

ئەمەیە دەستکەوتی جوان و گرنگ کە دەیەوێ ئادەمیزادی هۆشیاری باوەڕدار بە ئامانج و بیروباوەڕەکانی بنیاتنێ بۆ دەرچوون لە سالانی دواکەوتن و نەفامی .

پرۆسێسی لە ناوبردنی نەخوێندەواری بە دەستکەوتێکی شۆڕشگێڕانەی ئاباب دەژمێردرێ و بە هەنگاوێکی پێشکە وتوو دادەنرێ بە ڕێگای بنیاتنانی کۆمەڵگای عیراقی تازەداو ، بەڵکو ئەم بنیاتە دانامەزرێ ئەگەر بە تەواوی نەخوێندەواری لەناونەبرێ کە لە ناو جەماوەرێکی زۆری گەلی عیراقدا بڵاوە .

خوێندنی تەوزیمیش هەنگاوێکی تەواوکەری لە ناو بردنی نەخوێندەواریەو قانوونی خوێندنی تەوزیمی ئەرکی ئەوەی خستوەتە سەر کەس و کاری ئەو منداڵانەی کە تەمەنی شەش ساڵیان تەواو کردووە کە بیانخەنە قوتابخانەی سەرەتاییی و ، لەگەل ئەمەیشدا خوێندن بە خۆڕاییی بە بۆ ئەوەی هەلی خوێندن بدرێ بە هەموو عیراقیی یەکان تا بەشداری بکەن لە بنیاتنان و پێشکەوتنی عیراقدا .

ماویەتی



دەنگی گیرەکاجەنگی

خالد حسین

وەلات هاتم بهێزو دل
ب ڕامو سم چاقێ ب کل
بپارێزم دەشت و چیا
ب پارێزم
بپشەنگ و چل
گافا دژمن
هزرەك بر یان
هزرەك ئبنا
وی ناهێلین هەر ب ئێك پل
خاکا وەلات هند بیروزە
کو بخوینێ ئەم بکین شل
لەوا مە سینگ
دایە بەری ..ڕێکا دژمن
ئەف دژمنێ برسی و چل
نە مە کوتە
هەرکەس دبێ
کەسێ بیت یارێ دژمن
هەرێ ڕویسە
بێ کوم و چل
کەسێ دەسێ نە راکەتن
ل سەر دژمن
سەرێ وی هەر بێ ل بەر پل
لێ ڤیانا شیرین وەلات
دێ پالدەتن .
بهێز بکرین
کوزك سەنگەر
هەر گافەکێ ژ ئاخا وەلات
بکین گورەك
لێ.. لناف دەبنین
گەلەك دژمن
دا بزانن بیانی و گەل
کو ئەم هەر ئەو
مێرێت دل کەل
وەکی گوتی
بلنگن شکلێ انسانی
حەرام پاش ود میرانی
وە نانێ بتوبزی خواری ،
لەوا مایەو
دێ هەر مینت
روژا مە هەل
روژا مە هەل

نەهێشتنی نەخوێندەواری

هەنگاوێکی ئیجابی یە

ئەحمەد اعیل رسول

ئاشکرایە کە نەخوێندەواری بە خراپترین نەخۆشیی یەکانی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ کە تووشی کۆمەڵگا دواکەوتوەکانی جیهانی سێیەم دەبێ . دیسانەکە ڕوانەتێکە لە ڕوانەتەکانی دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ی ئەم دەولەتانەو کۆسپێکی بنەڕەتی یە لە بەردەم بەرەوپێشچوونی لە گشت بوارەکانی ژیانیداو گەشتنەکاروانی شارستانیەتی جیهانی ئێستا ، کە شورشێکی زانستی و تەکنەلۆژی بەرفرەوان دەبینی و بەردەوام ڕێبازی بەرەو پێشچوونی جیهانی دەگۆڕێ .

وەنەبێ بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیی یە دیاردەیەکی ڕاگوزاری بێ ، بەڵکو بوزانینی هۆیەکانی دەبێ سەرەنجێ بدەینە ڕێرەوی مێژوویی ئەم دەولەت و میللەتانەو دیراسەتی ئەم کۆمەڵگایانە لە قۆناغە هەمە جۆرەکانی بکەین . لای هەمووزانایان ڕوونە کە نەخوێندەواری ، پاشمەوەیکی مێژوویی یە ، میللەتان بە درێژایی سەردەمانێکی دوروو درێژدا بە کۆڵی خۆیاندا داداوە ، لەو کاتەوە کە تاریکایی باڵی بەسەر هەموو لایەکی ژیانی کۆمەڵایەتی و بیری دادەهێنا ، بەهۆی ئەو ڕژێمە چەوسێنەرانەی کە یەك بەدوای یەکدا دەهاتن و خۆیان بەسەر میللەتاندادەسپاند ، کە لەبنەڕەتدا نوێنەری ڕاستەقینەی بەرژەوەندی چین و توێژالە چەوسێنەرەوەکان بوون ، ئەوانەی دواکەوتن و نەفامی و نەخوێندەواری میللەتانیان کرد بۆ ئەوە هۆیەکی ڕاستەقینەی مانەوەیان و بەردەوام بوونی چەوساندنەوەیان لە قۆناغەکانی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و تا دەکاتە قۆناغی پەیدا بوونی سەرمایەداری . کۆلونیالەت و ئیمپریالیزمی تازەش لەو وڵاتانەی کە لە ژێر دەستیان مابوونەوەو بەدرێژایی سەردەمەکانی ڕابوردوو ، هەمیشە لەسەر ئەم ڕێبازە دەڕۆیشتن و بە هیچ جۆرێ دەستی یارمەتییان بۆ ئەم میللەتانە درێژ نەدەکرد ، کەلە تاریکایی نەخوێندەواری بیاتهێننە دەرێ . چونکە ئەوەی مەبەسیان بوو تەنیا ڕووتاندنەوەی ئەم وڵاتانەبوو ، تاڵان کردنی سەروەت و سامانیان بوو ، لە نەوت و کەرەستە خاوەکان و بەروبومی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و هێزی بارووی کریکاری هەرزان ، بۆ زبرۆژە بیشەسازیکانیان ؛ بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەبان پشتیان بە خاوەن مولکە دەرەبەکەکان و چینی بورجوای گەورەو داروودەستەو نۆکەرەکانیان دەبەست ، بۆ درێژەدان بە چەوساندنەوەبان و زاڵبوونیان بەسەریاندا .

گەلیی عیراقیش بەعەرەب و کوردو کەمە نەتەوایەتیەکانیەوە لە چوارچێوەی ئەم دیاردەیە دەرنەدەچوو .

هەر لە سەردەمی عوسمانلی یەکانەوە تا دەگاتە حوکمی یاشایەتیی سەر بە ئیمپریالیزم . کە حوکمێکی نیمچە دەربەگایەتی و ئیستعماری بوو . تاریکایی نەخوێندەواری جەهالەت . هەموو ڕێگایەکی پێشکەوتن و بەردوپێشەوەچوونی بەرامبەر میللەتەکەمان بەست بوو . لەبەر ئەمە ئەرکی قەڵاچۆکردنی ئەم دەردەپیسە : ئەرکێکی مێژوویی سەرشانی میللەتەکەمان و هێزە سیاسی یەکان بوو . کە لە پێناوی بنیات نانی کۆمەڵگایەك . بەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری تێیدا جێگیر بێ . خەباتی دەکردو نەهێشتنی نەخوێندەواری دەخستە پێشەنگی بروکرامەکانی .

پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و زانستی لە هەر وڵاتێکدا لەبنەڕەتەوە پشت بە میللەتێکی هۆشیار و تێکەیشتوو چەکدار بە

بڕوانە ل ١١

Institut kurde de Paris

سلیمانی چۆن یادی ڕۆژی شەهید ئەکەنەوە

دەستەی ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سلیمانی بەرنامەیەکی فراوانی بەبۆنەی ئەم ڕۆژە پیرۆزەوە ئامادەکردوە . . . کە تیایدا بەشێوەیەکی گشتی هەموو ، فەرمان بەرایەتی و کەرتەکانی کارکردن و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریەکان بەشداری تیدا ئەکەن .

دروشمی « شەهیدان لەئێمە شکۆدارترن » ، لە ڕۆژی ١ی کانوونی یەکەمی/ ١٩٨٤ کە نیشانەی واتەی قوربانی دان و خۆبەخت کردنەلە پێناوی شەرەفو ئەکەرامەتدا لە جەنگی قادسیەی صدامی پیرۆزدا بە بەردەم فەرمان بەرایەتیەکاندا بەرز ئەکرێتەوە .

ئەم ڕۆژە کە دەورێکی مەزن و مێژووی هەیە ، لە عێراقی خۆشەویستماندا ، بەتایبەتی ئەو بایەخدانە پڕ لە شانازیەی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرەکی فەرماندە بەخشیوبانە بەشەهیدو ئەوپایە بلندەی کە پێی دراوە ، لە دڵدانەوەو ڕێزگرتنی خێزانی ئەو پاڵەوانانەی لە هەموومان بەرێزنزن ، هەردەم نیشانەی سەربەرزین لە عێراقدا .

کات ژمێری یەکەمی دەوامی هەموو فەرمانبەرایەتی و دامودەزگامیری و ڕێکخراوە جەماوەریەکان لە ڕۆژی ١-١٢ دا تەرخان ئەکرێت ، بۆ باس کردنی پاڵەوانێتی و قوربانی و شوێنەواری شەهیدان ، کە لەبەرگری کردنی خاکی نیشتمانەدا خوێنی پاکیان ڕژاوە . وتاری دەستەی ڕاوێژکاری و ڕاگەیاندنی سلیمانی ئەخوێنرێتەوە ، بۆو ماوەی ٥ پێنج خولەك لەکات ژمێری ٨ ی ئەو بەیانیە ، هەموو جولانەوەیەك وهاتوو چۆیەك لەسەرتاپای پارێزگادا ئەوەشێنرێ لە ڕێزو نوازشی بەخشینی گیانی پاکی شەهیدانماندا . لە مزگەوتەکاندا نوێژی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قادسیەی صدامی پیرۆژ . جگە لەبەرز کردنەوەی دەنگی بانگ دەرەکانی مزگەوت و زەنگی کلیسە ، لە مەلبەندی شارو گشت قەزاکاندا . بۆ گیانی پاکی ئەو نەموانە لە مزگەوتی کاك احمدی شێخ کۆڕی ماتەمینی ساز ئەکرێ . بەو بۆنەیەوە دەستەی ڕاوێژکاری و ڕاگەیاندنی پارێزگا پێشنگایەکی تایبەتی پۆستەری سیاسی ، لە هۆڵی موزەخانە ئامادە ئەکات ، کە تیایدا قوربانی و پاڵەوانێتی شەهیدان و تاوانەکانی ڕژێمی ئێرانی داخ لەدڵ پیشان ئەدرێ و ، شایەنی باسە کە ئەم لایەنانە بەشداری تیدا ئەکەن . . . یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران ، یەکێتی نیشتمانی قوتابیان و لاوان ، یەکێتی ئافرەتان ، بەرێوەبەرایەتی لاوان و کۆمەڵی هەرەوەزی جوتیاران و بەرێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر ...

کۆمەڵی هەرەوەزی نیشتەجێ و دابەشکردنی زەوی ، نانی نبوەڕۆ بۆ خێزانی شەهیدان ئامادەئەکا ، لە هۆڵی ئوتیلی سلێمانی گەشت و گوزار ، بە هاوکاری یەکێتی نیشتمانی قوتابیان و لاوان و نەقابەکانی کرێکاران . تیایدا بەرێز مامۆستا شێخ محمد عمر قەرەداخی وتارێکی ئایینی ئەخوێنێتەوە ، بەرێز فائق طاهر ووتاری ئەنجومەنی گەل ئەخوێنێتەوە .. کۆمەڵی لەپێشەوان و پێشەنگان گوڵ ئەبەخشنەوە بەسەر ئەوخێزانانەدا ، پاشان بەڵگە نامەیەکی بەخوێن نوسراور لەلایەن خێزانی شەهیدانەوە ، پێش کەشی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین ئەکرێت .

وە لە هەموو قوتابخانەکانی شاردا ، ئاهەنگ و کۆڕ ئەکرێت و لەلایەن ڕۆڵەی شەهیدانەوە ئاڵا بەرز ئەکرێتەوە ، وانەی یەکەمی خوێندنی ئەو ڕۆژە تەرخان ئەکرێت بۆ لیدوان و لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لە گرنگی مەزنی ئەو ڕۆژە پیرۆزە ، بەرێکخستنی نێوان بەرێوەبەرایەتی پەروەردەو نەقابەی مامۆستایان پێشنگایەکی تایبەت ئامادە ئەکەن ، تیایدا ڕوی تاوان کاری ڕژێمی ئێران دەرئەخات بەرامبەر کوشتنی دیلە عێراقیەکان ، جگە لە سەردانی خێزانی شەهیدان . هەروەها دەزگای نیشتمانی دابەشکردنو ئاگاداری بلاوکردنەوە ، پێشنگایەکی تایبەتی کتێب ئەکاتەوە تیایدا کتێبەکانی لەبەرزی ئەوڕۆژە پیرۆزە بەنرخی داشکاوی ٢٠٪ و ٣٠٪ ئەفرۆشێت .

هەر لەو ڕۆژەدا یەکێتی ناوخۆیی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی ، سێ کۆڕی فراوان ، ئامادە ئەکات ، تیایدا چالاکی ئەو ڕۆڵە بەشەرەخانە دەست نیشان ئەکرێت ، کە دژ بە ڕژێمی خومەینی کۆنەپەرست ئەجەنگێن ، بۆ بەرگری لە نیشتمان و شانازی کردن بەو ڕۆژە پیرۆزەی کە ڕۆژی شەهیدانە خوێنی پاکیان بەنیشتمان و گەل و خاك بەخشیوە ، هەرگیز لەیاد ناچن ، هەروەها سەردانی خێزانی شەهیدان و ڕێز لێنانیان ، جگە لەسەردانی نەخۆشخانەی سەربازی و دیاری پێش کەش کردن بە بریندارەکانی جەنگ .

یەکێتی ئافرەتانی سلیمانیش .. بەشداری ئەم یادەئەکەن ، جگە لەوەی بەشداری پێشنگای تایبەتی پۆستەری سیاسی ئەکەن .. ڕێزی منداڵانی شەهیدان ئەگرن ، وەرێزی ئەو دایکانە ئەگرن کە لە شەهیدێك زیاتریان بەخشیوە لەڕێگای قادسیەی صدامدا ، کە لەبانگ کردنێکی تایبەتدا ڕێزبان لێ ئەگیرێت .

یەکێتی نیشتمانی قوتابیان و لاوان ... بەکۆڕی ماتەمینی بەشداری لەیادی ئەو ڕۆژەئەکەن .. پەردە لە سەر وێنەیەکی سەردکی فەرمانده لا ئەبرێت ، جگە لە سەردانی خێزانی شەهیدان و دیل و وون بوو بریندارەکانی جەنگ .. ڕێزلەو پێشڕەوو ناوجەوانانە ئەگرن کە ڕۆڵەی شەهیدن ، بەشداری قوتابخانەکانیان ئەکەن لە ئامادەکردن و پێش کەش کردنی پێش بڕکێی وەرزشیانەو قیستفالی خوێندنەوەی ووتارو شیعر لەسەر شەهیدبوون . کردنەوەی پێشنگای هونەری پێشڕەوان و پێشەنگان ، هەر بەم بۆنەیەوە بەرێوەبەرێتی لاوان بنیای تازەی مەلەندی سەرپەرشتی زانیاری ئەکاتەوە ناوی « شەهید »ی لێ ئەنێن . پێشانگایەکی هونەری تەشکیلی و یەکێتی زانیاری لە هۆڵی موزەخانە ئەکرێتەوە . جگە لە سەردانی خێزانی شەهیدان و پێش بڕکێی تیر ئەندازی و بەستنی کۆڕی تایبەت .

یەکێتی یاساناسانی سلیمانیش . لەیادی ڕۆژی شەهیدا ، کۆڕێکی فراوان ئامادە ئەکەن بۆ باس کردن و لێکۆڵینەوە لەو یاسایانەی سەرکردایەتی پارت و شۆڕش بۆ ڕێزلێنانی شەهیدیان هێناوەتە بەرهەم . شی کردنەوەیان .

جگە لەباس کردنی ڕەوشت نزمی ڕژێمی ئێران لەلادانی لەپەیمانی دەوڵەتان و شکاندنی بەرامبەر دیلەکانی جەنگ .

وە لەگشت دەزگا ڕەسمی و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیەکاندا ڕێزی کەس و کاری شەهیدان ئەگیرێت . هەر یەکە لەبەشی خۆیدابایەخ بەم ڕۆژە پیرۆزە ئەدەن ، پارێزگای سلیمانی ئاوا ڕۆژی ئەوانە یاد ئەکەنەوە کە لە هەموومان بەنرختر و شکۆدارترن .

لقی سلێمانی

بۆگیانی شەهید

— .. نەء شەهید .. نەء تۆ نامری
ژ مرنێ .. ب هێز تری ... —
ڕاستە ئەی شەهید — خوگوری کەر — ێ وولاتی —
تۆ نامری .. ژ مرنێ ب هێز تری »

کو ئەفرۆ تە خوینا خو یا سوور ڕێژتی یە ل چوار کنارێن — وولاتی ب هوست ... ب هوست ، خوینا تە هاتی یە خەملا ندن ل ئاخا زێرین ل نهال و چایێن کوردستانێ و باژێرێن مللەتێ عێراقا خوشتفی و ناڤدێر .. ژ شەخمەراتی یا — پارازتنا مێرگ و کوندر شارێن وولاتێ شەهسوار — ژ دەست دەژمنێ تاوانبار ...

ڕاستە خوگوری کەرێ وارگەهێ سپەهی و ناڤ — لێ چوری ، تەحوکری یە مومەکا گەش درێ یا کاروانێ — شورەشگێری یا وولاتی دا بۆ دەست نیشان کرنا پاشەڕۆژەکا — ژبنەکا سەربەخوو دیموکراتی و ئازادو سەربەست بۆ — ڤەژینا عێراقەکا نوی و گەشدار ...

ڕاستە ئەی خوگوری کەرێ وولاتی تو بێ مری ب گیانی — بەلێ تو هەر یێ ساحی ب ناڤی ب خزمەت و خەباتو خەباتا تە پێشکێشکری . بۆ نیشتمانێ خویێ خوشتفی .. بۆ ڕزگارکرنا وارێ قەشەنگ — ژ دەست نەیارو دوژمنی .....

دەما فەهماو هایش دونیایێ بووی ل دنێو ژینا — شورەشگێری .. هەتا تە خاتر خواستی و وەغەرکری ژ — مللەتی ب ڕێکەکا پاقژو ناڤ دێر ل دیروکا وولاتی ... مینا کوردان پەبقەك قەشەنگ ، گوتنەك بها ژ وەدا گوتی یە ... ژ مرۆڤێن پاك و شورەشگێرو خودان هزروبیرو — مەبدەء — پێش کێش کری ژ گیانێ وەدا کو هوین هەر دەم د بزاڤا پێشڤەبرنا — مللەتی دابون بۆ ژینا سەراز و کاروانێ شورەشێ .. دەما دبێژن :

مرۆڤ دچیت ... ناڤ دمینیت ....
بەفر دچیت ... چیا دمینیت ....

مە سوز بەبمانەو سوینده خوینا هەوە ئەکەین ئەی — ئەی خوگوری کەر — شەهید — ێن عێراقا نەمر .. کو هەوە ب گیانێ شورەشگێری ڤی چەرخێ بیستێ خو کری یە چەپەرو پیلاو شێرو پلنگ و شە هسوارو عەگید ب چ ڕێکا شورەشگێراتی یێ چ (ڕەوشەنبیری ب هەمی لافە .. ئانکو چەکداری) — بیت هەڤبەری ئەژ دەهاکی چەرخێ بیستێ ڕاوەستاین بووینە کاوەیێ چەرخێ بیستێ ل هەر چوار کنارێن وولاتی شەهیدێن وولاتی .. دەما مە گوتی هە سوینده تول — ڤەکەرێیس هەوەینە و جهێ هەوە مە گرتی یە چ بزاڤو خەباتا شورەشگێری ژ مە بهێینن کێماسی یێ نەکەین ئەم ئەڤرۆ مللەتێ عێراقێ ڤێکرا ڕابوونە ب کوردو عەرەب و — کێماتی بێن دی .. ڤە .... ب گیانەکێ شورەشڤانی هەمبەری دوژمنی ڕاوەستاینە بۆ ستاندنا مافێن خو — ژ دوژمنێ چەپەلو ماف لەخواری .. داکو بزانن مللەتێ شوخو شەنگ و ڕەند نەمری یەو نامرینن — .. هندی چبکەکا خوینێ دلەشێ مە — ما بیتن دێ خزمەتا مللەتی کەین ب چ ڕێکا هەی لدویف شیانێن خو ... ب ڕێچەکا نیشتمان پەروەری : ... خوێندەڤانێ هێژا ، من وەسا ب مفا — زانی ڤێ پاراچە هۆزانا بەلافکری بینمە خوار داکو — هێش رامانا دباری یا مە بو شەهیدا بەرفرەهتر — بیت .. لێ بەری هۆزانێ پێشڤی یە بێژین — هزار سلاڤ ل گورێ شەهیدا — خوگوری کەرا — بن کو بوینە — فەنەر بۆ گەش بۆنا چرا باشەڕۆژێ ب گیانەکێ نشتمان پەروەرانە ب چ ڕەخێ هەی ...

— شورەشو شەهید —

شەرە ... شەرە
شورەشەو لویلی دکەلن
ئاخو ئاڤ تێکدا بوون ئاگر
چەپەر هەمی
ئێتوینو پەلن
ڕوژهەلاتو یا دێم سورە
من زانی کو ...
پێلێت دەریایێ چاڤێت وێ
هەمی خوبنە
« شەهید » تێدا ڕێربرێز مەخەلن
ل عەسمانێ مە ئێڤاری
قازو قولنگا گوڤەند بەست بوو
سپێدێ نێراین
هەمی « ڤانتوم »و قومبەلن
شەرە .... شەرە .
شورەشەو لویلی دکەلن
لهەر چوار توخبیێت وەلاتی
ئاوازێت « شەش خانا » دەنگ دا
با — یفێت وان بزوتو مەشخەلن
کەڤیا بەفرێ دێم نازکە
خوینو بەفر هۆ د تێکەلن
.... هۆ د تێکەلن
خوینا گەرمەو بەفرا سار
ژ بربنێت « شەهیدا » خوین زا
ژ عەسمانا باری بەفر
سەنگەر هەمی
نەهەرفتن بوونە کەڤر
ناڤێ شەهیدی ل سەر چەپەرا
... لسەر سەنگەرا
هات نڤیسین قەت ژبیر نەکر
نە شەهید نە
تۆ نامری
تۆ شورەشی و ئاگری
تۆ ستێری و ...
ژ هەمی ستێرا گەش تری
تۆ چیایی و ...
ژ هەمی چیا بلند تری
تو نامری و ... تۆ نامری و ... تۆ نامری

ئەی شورەشڤانێن .. ڕێڤینگێن کاروانێ ڕەوشەنبیر و ئەڤیندارێن پەیفا ڕەسەن .. لفیرە ئەڤ دوو پرسە دهێتە ڕێدا ..

پ — ئەرێ گەلو ئەگەر ل ئاڤ بەرا مە نێکەنی هەبیتن ... — نێك دلو ئاحفتن بین .. چەوا ژ دوژمنێ خوین مێژ — ڕزگار نابین ... ؟ ؟ ؟

ئەرێ گەوا ئەگەر ئەخوشی و کوشتن و ماندبین و — خوهـ بارا مەبیتن .. مەزناتی ل ئاڤ بەرا مە نەبیتن — ئەم هەمی ژ ئەلدێ تا نێڤاری حزمەتو خەباتێ — بکەین بۆ باشەڕۆژەکا نێریك پر هویفی و نومێد و — دا خوازا مافی بکەین یێ دل دخوازیت ..... — ئەرێ چەوا ژ دوژمنێ مێژفاندار هەر دەم تو — ل سەر خوینا گەنجێن عێراقێ دژین .. ڕزگار نابین ... ؟ ؟ ؟

● من ئەڤ پارچە هۆزانە یا ژ — ڕابەرا قسیفالا عوبەرو — ڕەوشەنبیری یا کوردی .. دەرئێخستی کو ڕۆژێن — ١٢-١٩-١٩٨٢ — ل مەقلیرێ هاتبووکرن .. هۆزان یا — هۆزانڤانێ گەنج — نەجیب سالح بالایی — یە .. عەروەسا — خاند بوو د قستیفالێ دا ....

● شفان عەلی نادەم ●

ئامادەیا پێشەسازی یا دهوکێ

ئومێدەك گەشە

بازێرێ دهوکێ ڕۆژ ب ڕۆژ پێنگاڤێت مەزن و درێژو بەرفرەه دهاڤێژێت بەرەڤ پێشڤە . هەمی تشت لدهوکێ بەرەڤ گوهرینە ، ژ نەخوشخانا و کازگەها بگرە ، هەتا گەڕ دگەهێتە ڤوتابخانێت نەنادمیی و پیشەیی .

دەمێ مرۆڤ ژ مویسلێ دێت و دگەهتە گرێ مالطایێ ، کو گرەکێ کەفنەو فە دگەرێنە سەر دەمێ ئاشوریا ، ئا ، لفیرە هەکە تو ل سەر ملێ ڕاستێ بزڤری دێ چاڤێت تە ب شکەفتا شندۆخاو هەلەمەتا کەفیت کو شوینوارێت ئاشوریانە ، لدەمێ سنحاریب ٦٨١-٧٠٥ پ.ز بەلێ هەکە تو ل سەر ملێ چەپێ زڤری ، گرێ مالطایێ و گوندێ مالطایێ دێ کەفتە بەر چاڤێت نە کو ئەفە ژی ژ شوینوارێت ئەشوریا دێتە ژمارتن . لپشت ڤی گری ئامادەیا پیشەسازیا دهوکێ وەکو برجا بەلەك خویا دبیت . ب ڕاستی مرۆڤێ بیانی قەد باوەر ناکەت کو ئەڤ ڤوتابخانە فیرگەهەك ئامادەیە ، بەلکو مرۆڤ وەسا تێدگەهێت کو کۆلیجەکە ، یان پەیمانگەهەکە ! ژمێژەوەرە مە دڤیا تشتەك ل سەر بزاڤێت فە ڤوتابخانێ بێتە نڤیسین ، لێ ئەڤ داخوازە نە هاتە جهی ، لەوما مە ڕۆژەك ژ وەختێ خو بۆ دیتنا ڕێڤەبەرو مامۆستاو بەرپرسیارێت ڤێ ڤوتابخانێ مەزاخت . سپێدەك درەنگ ، ڕۆژێ خو بلند دکرو سیبەرا چیا دپالدە بۆ پاشڤە ، خەباتو بزاڤا ڤوتابیان و مامۆستایان هەمی گولو گیپاو دارو بەرێت ڤوتابخانێ هوشیار کر بوون ، بایەکێ سڤك و خوش سەرێ دارا دهژاند بێدەنگیێ پەرێت خوە ب سەر هەمی ئاڤاهیێ وێدا کێشایە هەر ئێك ب کارێ خۆڤە مژیلە ، باغچەڤان ب باغچێ خۆڤە ، قوتابی ب دەرسا خۆڤە ، مامۆستا ب کارێ خۆڤە ، کرێکار ب کارێ خۆڤە ، ڕێڤەبەروهاریکارێت وی ب وەرگرتنا قوتابێت ئەڤ سال دێن دمژیلن ...

هەتا مە خۆ گەهاندەرێڤەبەری ئەم حەیران و مەست بوین چونکی ب ڕاستی کێم قوتابخانە هەنە هۆ دپاقژو جوان و ڕێك و پێك ، باغچە دێ بێژی باغچێ ئێرەمە ، عەرەدێ قوتابخانێ و حەوشا وێ دێ رونی لێ فرکەی !

هەمی تشت لهرە ب تەدگەنیت . دەمێ چاڤێت ئەندازیار (جبرائیل حسن) ڕێڤەبەری ئامادەیا پیشەسازی یا دهوکێ ب مەکەفتی کەنی و گوت :

بەس ئەدبی و نفیسەڤانژ مە دکێمن ! ئەم شیاین ڤان پرسیارا ژ هێژا ئەندازیار (جبرائیل حسن) ڕێڤەبەرێ قوتابخانێ بکەین ، وی ژی ب سینگەکێ فرەه بەرسڤا مە دا :

■ سەیدایێ هێژا مەدڤێت بزانین ، کا ئەڤ قوتابخانە کەنی هاتیە دانان ، ئۆ ئارمانجا وێ چی یە ؟

— سالا ١٩٧٤-١٩٧٥ ئەڤ قوتابخانە هاتیە ئاڤاکرن ، بەلێ ڤی دەمێ ئەم لهرە نەبووین ، ئارمانجا سەرەکی ژ ڤێ قوتابخانێ دەرئێخستنا کادرێ ئافنجی یە ، چونکی ب ڕاستی هەرێما مە پێتڤی ڤی کادری یە .

■ قوتابی لڤێرە چدخوینیت ؟

— چوار پشك دڤێ قوتابخانێدا هەنە :

پشکا میکانیکی و ئەلکتریك و ئوتۆمبیلاو مەعدەنا قوتابی ل سەر نەمرا ئەختیاراتادابەش دبن ل سەر ڤان چەند پشکا و فێری ڤان صنعەتادبن ، ژبلی هندێ کو زمانێ عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی دخوینن دبسان ماتماتیك طبیعیاتا ژی دخوینن . .

■ سالێ چەند قوتابیاهنگ دشێن وەرگرن ؟

— ئەم دشێن (١٥٠) قوتابیا وەرگرین ، بەلێ ئەڤ ساله (١٩٥) قوتابی ب ڕێکا (انسبابێ) بۆ مە هاتینە ، ئەڤە ژی پشتی وێ بریاراهاتیە دان ، کو هەیڤانەیا — دەرچۆیێ ئامادەیا پیشەسازی دڤیا هندی هەیڤانادەرچۆیێ پەیمانگەها بیت . بەعنی دەرچوویێ ئامادەیا پیشەسازی دێ ب (٧٥) دینارا دامەزریت .

■ ئەو قوتابیێت دەردکەڤن بۆ کیڤە دچن ؟

— هندەك ل کۆلیجو پەیمانگەها دێنە وەرگرتن ، بۆ نمونە ئەڤ ساله (١١) قوتابی ل زانکوا تکنولوجیا هاتنە وەرگرتن . هندەك ژی دبنە مامۆستا ل ئامادەیێت پیشەسازی ، هندەك ژی ل کارگەها دێنە دامەزراندن .

■ پلا دەرچوونێ لڤێرە چەوایە ؟

— ئەڤ سالا بوری کو سالا ١٩٨٣-١٩٨٤ بو پلا دەرچوونێ (نسبه النجاح) ٨٣٪ بو .

■ باشە ، ل ئامادەیێت دی کچو کوڕ پێکڤە دخوینن ، چما ئامادەیا هەوە تێکهەل نینە ؟

— ب ڕاستی بەری نهۆ مە کچ وەرنەدگرتن ، بەلێ ئەڤ ساله چوار کچا (تقدیم) کربە و مە ژی هەر چوار وەرگرتن ل سالێت داهاتی دا دێ پترا وەرگرین ، چونکی ژن پەرەکێ کۆمەلێیە د ڤیا پشداریێ د هەمی ڕەخو ڕویێت ژیانی دا بکەت .

■ بەشێ نافخۆیی هەوە هەیە ؟

— بەلێ هەر سال ئەم نزیکی (٤١) قوتابیا وەردگرین ئۆ نهۆ ئاڤاهیەك تازە و جوان هەر دناڤ قوتابخانێدا ژ بۆ قوتابیا هاتیە ئاڤاکرن .

■ چ ئاستەنگ هەوە هەیە ؟

— دەولە سەرێ شورشا ١٧-٣٠ تیرمەهێ مە چ ئاستەنگێت وەسا نینن ، ژبلی چوونو هاتنێ پیچەك ب زەحمەتە و ئۆتۆمبیل ژی دکێمن ، چونکی قوتابخانە با ژ باژێری دویرە ، ڕێژیا نەخۆشە بەلێ مە شارەوانیا دهوکێ ئاگادار کریە کو قێ دێ چاك بکەت . پشتی مە تیرکێ خۆ داقوتایی مە دەستوبربا خۆ ژ سەبدایی وەرکرتو خواترا خۆ ژێ خواسبت .

حجی جعفر
ئەڤ چاڤ پێ کەفتنە کریە

Institut Kurde de Paris

بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدەوە

دەنگی ئالای شکۆمەندی ،
بانگی کردیت ،
گۆزێك گۆڕەی خونچە تەڕت
بەجێهێشتو
لەبەردەمی ئەستێرە زۆر گەشەکاندا
لە باوەشی سەنگەرە پڕ گرەکاندا
گیرسایتەوە !!
خوێنت .. گڕبوو
وورەی گیانو دلت .. چڕبوو
دەنگت .. ڕێگەو قۆناغبڕبوو !!
لە ئاسمانی بەجەرگیدا
کاروان کوژەی بەیانی بوویت ،
بەخوێنی خاك . .
ڕووایتەوە !!

× × ×

خەونت دەدی ،
«گۆران» دەستی لە گەردنی
یاریی مندالانی گەرەك دەگرد !
«سۆلاف» ماچی سەوزی
بۆ دوو گۆنای سروود دەبرد !
دایكو خوشك ..
لەبەر دەرگای چاوەڕوانیو لێپرسینیدا
پشتی بازووی هێزیان دەبەست ..
بزەی سوار ..
لەسەر لێوی بڕوای تیژت
دادەگیرسا !
خەونو گێڕانەوەی خەونت ..
لەبەردەمی نەبەزیندا . .
دەبوونە سەد هەزار پرسیار !

× × ×

خەونەکانت نەبڕزگابوون ،
بیرەکانت ..
نەسووتابوون !
جلەوی ئەسپی سپیی بڕوات
لەدەستابوو !
ڕووەو کینەو ڕقی ڕەشی دوژمن دەچوو ..!!
تیریکی ڕەش
لەسەنگەری خاك و وولاتپەروەریدا . .
دوژمنانت .. ڕاچەنەکاند !!

× × ×

«سۆلاف» دەڵێت : باوکم چووە ..
بووکە شووشەی دوو چاوشینم
بۆ بکڕێت !
«گۆران» دەڵێت : باوکم ڕۆیشت
دووفرمێسکی پڕ ئەسرینم
بۆ بسڕێت !!
خەونو نانو سروودی نوێ ..
لە بازاڕی سەربەرزیدا . .
بۆ هەموو انبێنێتەوە !!
«سۆلاف» دەڵێت :
باوکم ڕۆیشت ..
هەر دێتەوە ..
هەر دێتەوە
بۆپێشوازیی دەمو چاوی خۆڵئێنیشتووی ..
دەرگای ماڵمان ..
دەکرێتەوە !!
سروەی خۆشکم ..
سەری شادی لەسەر ڕانی دەنێتەوە !!

× × ×

تۆ ئەو سوارە بەتاوە بوویت
کە جێتهێشتین ،
تیشکی خۆری چاوەکانت ..
پرشنگی نوێی ..
بەدل بەخشین !
کە جێتهێشتین . .
ئەو خەونە بوویت ،
لەسەر پەڕەی ئەندێشەمان . .
توند توند چەسپایت ..!
ئەو ئەستێرە پرشنگدارەی
نێو بواری تێگۆشان بوویت ..
لە ئاسمانی نیشتماندا ..
دانەچۆڕایت !!

١٩٨٤-١-٨

تێبینی :
سۆلاف ، گۆران ، سروە : مندالانی شەهیدن، هێشتاکە تازە پشکووتوونو ، زمانی مندالیان ژاکاوە .

« بۆ شەهید ئەحمەد ، کە لە کەرەتی
مەندەلی ، لە جەنگی پیرۆزی قادسیەی
صەدامدا ، شەهیدبوو »

ئەستێرەی دانەچۆڕاو

موکەرەم ڕەشید تالەبانی

هاتو دڵی خونچەی زامدارکردیت ،
گوڵی خاکت
بە چۆڕاوگەی خوێنو باوەڕ
تێر ئاو کردو
لەسەر ئەسپی خاکی خۆتدا ..
گلاتیە خوار !
وەکوو پەڵەهەوری بەهار ..
سێبەرێك بوویت ،
کۆچی گڕی سوورت کردو
لەئاو پەڕەی دەروونماندا ..
بوویتە یادگار !

× × ×

تاجی زێرت ..
لەسەر پۆپەی گەرەك کردو
سەری هەمووت
لە فەرهەنگی ڕێزدا ڕووواند!
تەرمی گەورەی ڕەنگاو ڕەنگت ..
شکۆیەکی زۆر مەزنی خستە دڵی
گشت دایکێکی ئوقرەگرو دڵسۆزەوە !
مستە کۆنەی دڵتەزێن بوویت ..

Institut Kurde de Paris

خویشکا شەهیدی

بدل‌ڕفو مزوری

دڕێقە چونێ دا خەما خو تێ ئالاندبو
ئەو پرچا خەناکری خو دهەلاڤێت
دبەلاڤبو ...
ئەرێ ئەو چ ردنگە گرتبو ؟...
ردنگەکێ زەرو پێتیبو ...
ئەو شەپالا بنێرگزا ناڤ نڤیسیبو ...
ئەفرو . . .
ئەو براین قەهرەمان لێ شەهیدبو

★ ★ ★

ئەرێ ئەفرو ....
سترانا دفەهینینو دبێژێتن
ژ بایێ ئەوان ئاخینکێت کویر
خەونێت خوشو هیڤێیت شرین
لپێش چاڤا باربونو بونە روندکێت سویر
نەگری جانێ ... نەگری نێرگز
ئەرێ شرین نامینن ئەو روژێت مەبێت سویر
لە سوزە ئەو روندکێت تە باراندین
بنە پەیدابونا شورەشگەرا ودێ مینێت شیرێ مە شیر

★ ★ ★

ئەرێ سوباهی لگەل ئەلندێ
سترانەك بو روژدکا نوی
هەلاڤێتنا گرنژینەکێ ل ئەسمانا
یا دبێژیت ....
هەر ئەزم یا زاروکەکێ ژارو سێوی
مەڕ لسەر ملێت کورێت میللەتێ من
بو مەکرناو پەیدابونا جوکەکا نوی
بڤردکێ تویژ لناڤ ئەفان دەستێت من دا
بو برینا داراو چێکرنا لاندکا
بو زاڕوکێت وەلاتێ من

★ ★ ★

نەکو بێژی .... نەکو بێژی
برایێ دەلال ژنی وارێ
جوان مشەختبو ....
لناڤ ئێ جیهانا مەزن
هاتە ودرپێچانو نێ بەرزدبو ...
جلو بەرێت رەش دور مان دوری خو
نە ئالینە ....
نێ ئەم دزانین ئەگەر ژمە نە شەهیدبن
چەوا دێ چێکەین هێلینە ....

★ ★ ★

برایێ تە نێ دەنگێ سەربەستێبو
دەنگێ هەژارابو ...
دەنگێ سەرژێکرنا مروڤێت چەپەلبو
دەنگێ ماچیکرنا خاکێ وەلاتیبو
لەوما شرین ئەم دێ بێژین
مە نەڤێتن دەفتە بمینن رەنگێت خەمگین
ناڤێ برایێ تەیێ شەهید دێ نڤیسین
لسەر نێرگزو ردیحانو بەیبین
لسەر نێرگزو ردیحانو بەیبین

شەهیدان

گیانی سەرکەوتنیان پاراست

سمیرە محمد علی

بە درێژایی ئەم چەند سالەی جەنگی ڕەوامان هێزە پاڵەوانەکانمان پاڵەوانەکانی قادسیەی صدام سەرکەوتن دوای سەرکەوتنیان تۆمارکردووەو لە هەموو بەرەکانی جەنگدا هەرئالای عیراق بەرزەو سەری عیراقیەکان بەرزترە بەدەستی پێڵاپینیان دوژمنی ئێرانیان ئەنجن ئەنجن کردووەو لاشەکانیان لە بەرەکان جەنگدا بۆگەنی کردووە دەبێ ئیتر وازبهێنن- حوکمڕاکانی قومو تاران کە چاوبان بەم زەرەرپێ- گەیاندنە دەکەوێت دەبێ چاوبان بشکێتەوەو پەشیمانی ناودڵیان بخواتەوە تۆزێ بەزەییان بە ڕۆڵە بەدبەختەکانی ئێران بێتەوە، بیابپارێزنو بە سەرنگەرەکانیان نەنێرنو تەفرو توانایان نەکەن بەڵام بە بێ هودە دەجالەکانی قومو تاران لە سەر مل هورێتیو کەنلەرەقی خۆیان ماونەتەوە و هیچ دەرمانێك چارەیان ناکات مەگەر هەر بە دەستی عیراقیە نەبەردەکان لە ناو بچنو بنە بڕبکرێن ئەوانەی گیانی شیرین خۆیان بەخشی و دەبەخشن لە پێناوی خاکی عیراقو گەلی عیراق سەربەرزو نەهێڵن دوژمنان لە سنووری عیراق نزیك بینەوە سنوریان لێکردنە ئاگرو پیانی سووتاند لەم چەند ساڵەی جەنگدا چەند ڕاستیەکی گەورەمان هاتە پێش‌چاو لە پێشەکی ئەوڕاستیانە .. پێگەیشتنو چەسپاندنو توانایی بینای شۆڕشگیری کەوا شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەموزودەری خستو هەموو خەوو پیلانو نەخشەیەکی پروپوچی ئیمپریالیزمی پووچەڵکردەوە تاقیکردنەوەی جەنگ ئەوەی بۆ دەرخستین کەوا قوربانیدانو فیداکردن ڕۆژلە دوای ڕۆژ ئەم بارو دۆخەی ئێستا تێدا دەژین زیاتر عیراقی بەعس ، عیراقی کوردو عەرەب ، عیراقی مەزنی لە ڕەگەوە پتەوترو گەشەسەندووتر کردووەو بە درێژایی مێژوو خوێنی شەهیدان -خوێنی پاکی ڕۆڵە ئازاکانمان هەموو کێنگەیەك ئاو دەدات بۆ ئەوەی هەمیشە سەوزو درەوشاوە بێت بۆ ئەوەی زەردەخەنەی سەر لێوی مندالان نەکوژێتەوە ،کیانی پیرۆزی خۆیان دانا چونکە هەموو سەرکەوتنێك ئەگەر قوربانیدانو فیداکردنی تێدا نەبێ کەوا شەهیدان ئاسمانی‌سافی دەرازێنەوە سەرکەوتنو دەستناهێنرێت .

سەیرە ، وا دیارەحەکایەتخوانی تامەودای (ئاینە)ش لەگەل هونەری‌شەقڵداری کورد ڕێوڕێ هەنگاو دەنێ ، لە هەندە جێگاهونەر دەکەوێتە ژێر سمی (سەربوردە)و لە هەندەشوێنی تردا هونەری شکاوو خەوشدار دەرگا لە تابلۆدەگرێ .

عباس عبدالله یوسف

ئێمەی بینەر ، چبکەین ، (اسماعیل خەیات)و (محمد عارف) دەیانەوێ شتێك بگێڕنەوە . ئێمەی بینەریش درێژ دادڕانە ، ئاخاوتنەکە بە پێزتر دەکەینو خۆمان دەکەینە لاسەنگێك لە (بەهاناسی) و (جوانتاسی).. وا دیارە تابلۆی خامۆشو تابلۆی داخراو نابینین . ئەم اسماعیل خەیاتە حەکایخوانە چیت پێ نەڵێ . ئەمەندەت پێ دەڵێ : چۆن بیری لێ دەکەیتەوە ڕاستەو وایە . مەبەست لەم چەند ووتەیە: خراب نیە تابلۆ ئەمەندە قسە بکات بەڵام زۆر چاکیش نیە زێدە ڕۆیی بکات چونکە دەکەوێتە باوەشی داستان بێژیەوە . هەروەها مەترسی ئەوە دەنێشتە سەر دل ئەوەك ئەم (زمان کردنەوە) لە سنوری تابلۆ هەنگاو بنێو خۆی لە هونەر نەناس بکات.

— ٢ —

وا تێنەگەی ئەمە دیوی ناوەوەی شتە ئەمە تەنیا شتێکە کەوتۆتە نێوان دەرەوە وناوەوە سەیری دەوروبەری خۆت بکە تەنیا قەپێلكو ترێکی شت هەڵدەرەوەو بەس یەکسەر دەکەویە جیهانی اسماعیل خەیاتەوە ، سروشتو شتو مرۆڤ لەم پلەیەدا ڕاستەقینەیی دەنوێنێ مرۆڤ بە پێداویستێکی کۆمەڵ بەندیەوە جلوبەرگی هێنا کایەوە . لە قۆناغێکی تردا شتێکی تر ڕوو دەدا ، بەڵام (شتەکان) بە شەرمەوە قەپێلکیان کردە بەر وبوون بە پۆشتە . ڕووتکردنی شت خۆی لە خۆیدا پیشاندانی ڕووبەردێکی نوێیە . چونکە هونەرمەند کرداری ڕووت کردن دەکرێتەدەست . ئێمەی‌بینەر ڕاپێچ دەکا بۆ ئەم جیهانە تازەیە ،ئەم جیهانە نوێیە لە هونەردا دەکەوێتە نێوان(ڕووتایی)و دەربڕینو دەربڕەراندنی بارو دۆخی‌سایکلۆژی . بێگومان پێدانان بە حەوشەی تابلۆ ئاسانەچونکە دەروازەکە والایە بەڵام لێرەدا وونکەی هەزار وبەکدالانت لە پێش دەمدا ڕادەخا ،کامیان بەردو خانەی ئامانجدەتبا ئەمە کاری ئێمە نیە کۆش هەولێك بدە . لەهەوالنامەی هونەردا ، اسماعیل خەیاتی خاکپەرستدێتەدەرێ. (شاکر حسن آل سعیدای دیواربەرستو(محمود صبری) جەوهەر پەرستی زاناپەرودر هەڵبەتهەر ئەوەندە نیە . زیاتر بشتی بە (خوان‌سیرۆ) و(هونەری چینی) ئەستورە .

— ٣ —

چەرخی نوێو ئاوەژوو بوونی هەموو شتو نیوە چڵی هەموو بیرێك ، ڕێزێرین پیشانی سەرتابێی زەمینی نشینان دەدات.و ئەو ڕۆژەی کە (ئەندرێ برتیۆن) باسی لێوە دەکا کە هەموو کەس تیایدا دەبێ بە شاعیر، هەمان ڕۆژە کە هەموو کەس دەبێ بە نیگارکێشو بەیکەرتاش ، وودرزشکار وفۆناغ دیار بکات لە ئێستای هونەری خەباندا (خاووس) دروشمەو مەبەستەو کانگایە ئەم (خاووسە) سەردتا ودك فەیلەسوفانی یۆنانی کۆن باسیان لیۆە کردووە سکرایی ئەمرۆبە . چۆن ئێستا لە کوئاسنو مادەی ناریك شتی ڕێکو بێك ساز دەکرێ ئەوها (اسماعیل خەیات) خاووس ڕێك دەخاتو ودك بیردۆزێکی کارامە لە بەرو باتالی کۆنینە وزانا .. هتد. بەڵام لە ئاو حەشامەتی هونەر دۆستانی گەردوون کامیان ڕێچکەیێك دەدۆزێتەوە گەرەکم نیە وەڵامی پرسیاری وەها بدەمەوە چونکە وەڵامی لا بەلا زۆرە ، بەڵام خەراب نیە ئەگەر پرسیاری ئەوها هەمیشە کوتەك بە دەست بێ

چەند وردە سەرنجێك

قەبێلك شکێنێ

رایەخێکی جوان دەچنێ؛ ئەم کەڵوپەل لێك‌گرتنەو لێك خستنە پیشەی جوانکارانە.ئەم سکرایانە ودك‌شتی بێ قەپێلك وان چونکە ژیان ؛کارەسات هەر چش نا؛ (باو باران‌و تیشکی هەتاو) بەمملانیێکی نەمردود دەیانخاتە ئەو بەری ڕووباری دبارده. اسماعیل خەیات ودك پیرەژنەکە قلەکانی کۆدەکاتەودودەبانکا بە جنراوێك : بە ماندووبوونو جووڵە جووڵدەبێ سەیری بکەین . ونەختێك بێی بدوێین .بەپێچەوانەی (مالفیچو بیت مۆندریان) کە لاکێشو بازنەوجوار گۆشەو هەندە جەستەی ئەندازەیی مان بۆڕادەخەن تا بە ودستاوی بیر بکەینەوە اسماعیل خەیات کەڵو پەلی خاووس ڕێك دەخاتو بە ئەفسونی‌سەربور دەگێڕانەود . چاو ومێشك لە خشتە دەیات‌ودەبانخاتە بەر (ئەبێ)و نەبچرانی خۆ دواندنەود ؛بێگومان نەخش‌کردنی خاووس‌و پۆشتەکردنیان‌ئافەرینێکی دەوێ . چونکە کارێکە لە قورکاری گەلێك‌قورستر جەندی لە لام ئاشکرایە بینەری گەمژەل لەدڵی خۆیدا دەڵێ (خۆ منیش ئەوەی دەزانم) بە بەلکەیەکی‌ئاسان ودك ئاو بێی دەکۆتری (بۆحی نایزانی !!) بەڵێ‌تۆش هەر نیگارکێشی .

— ٤ —

گرتنی ئەم خاووسە بە قەلەمی ردنگاو ردنگ (هەر تابلۆیێك بە یەك تاقە ردنگ‌سارکراود) بە مندالکارانەی بیر کردنەوەی اسماعیل‌خەیات ئەنجام دەدرێ . وا مندالە زەلامەکە خەریکی‌بوکۆکە رسکاودکانی خۆیەتی. با لەلێك دەرهاتوودکان دەکابە هاوسێی بەکتر .ئەنکیش نیە کەر سنوریان بۆ بکێشی.بەڵام بە هێمنانە ساغەکانیش ووردو خاش دەکات تایبەکسان بن. ئەم خاووسەی خەیات سەربەستیێکی شاراودی تیایە . چونکە ئەکەر شاراود نەبێ ئەودبێ‌کومان فرتەنەبێك

بروانە ل ١١

بە سەرکردنەوەی کەس وکاری "شەهیدان" لە

ڕۆژی شەهیدا

حمە صالح عزیز ، کە ئەندامێکی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانە . . بەم شێوەیە باسی ڕۆژی شەهیدی کرد :ـ

ڕزگاری وسەرکەوتن بەسەر ڕژێمی ئێرانی کۆنەپەرستا لە هەموو بەرەکانی جەنگدا

● هەر لە بارەگای پارتی شورشگێڕی کوردستان لقی صدام حسین ئەفەرموێت شەهیدانمان لە هەموومان شکۆدارترن .

● خێزانی شەهید ابراهیم نجم محمد ..

لە بارەگای لقی پێنجی پارتی شۆڕشگێڕ لە سلیمانی چاومان کەوت بەو جەنگاوەرانەی کە بەلێهاتوویانە و کۆنەدەرانە بەشداری جەنگی « قادسیەی صدام » یان کردوە ، ئەوبەرێزانەی شەهیدیان بەخشیوە بەو جەنگە ، لە یادی ڕۆژی شەهیداووتیان : ـ

● بەرپرسیاری لقی پێنج بەرێز احمد سعید محمد بەم جۆرە هەستی پیرۆزی خۆی دەربڕی :ـ

بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدەوە کە پیرۆزترین ڕۆژە لە مێژووی گەلی عێراقی خۆشەویستماندا ، سەر خۆشی لە هەموو بنەماڵەیەکی شەهیدانی قادسیەی صدام ئەکەین وە پەیمان نوێ ئەکەینەوە کە هەردەم سوربین لە پێناوی تۆلە کردنەوەی شەهیدەکانمان لە ڕژیمی ئێرانی ڕەگەزپەرست . وەگشت کات براین بۆ برا کوژراوان وە کوڕین بۆ کوڕ کوژراوان، لەبەر ئەوەی پەیمانمان داوە وەك ئەندامێکی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان کە عێراق بە خوێن بپارێزین وەك پاراستومانە وە خوێنی هەموو شەهیدێك وەك خوێنی شەهیدان حسین امینو افراسیاب عبداللەو خلیفەرمزا سەیر ئەکەین .

پارتیمان بەتەنگ دڵی ئەم بنەماڵانەوە دێ وەگشتکات سەردانیان ئەکەین ، بەتایبەتی لە ڕۆژە پیرۆزەکاندا ، تا خێزانو ڕۆڵەی ئەو شەهیدانە هەست بەبۆشایی نەکەن لە بنەماڵەکەیاندا. لە کۆتایدا سلاو ڕێزم بۆ هەفالی تێکۆشەر صدام حسین کە بەتایبەت بەتەنگ شەهیدانەوەیە لە خزمەتی کەسو کاریاندا هەروەکو فەرموبەتی « شەهیدان لە هەموومان بە نرخترن » سلاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قادسیەی صدامو پارتیمان .

● جەنگاوەر سەردار عزیز مصطفی کە خاوەنی دوو شەهیدە بەم شێوەیە لەیادی ڕۆژی شەهیدا دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی برا شۆڕشگێڕەکانی :ـ

من کە یەکێکم لە ئەندامانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان وەخاوەنی دوو شەهیدم کە لە جەنگی قادسیەی صدامی پیرۆزدا گیانیان فیداکردوە ، لێرەوە پەیمانو بەلێنی نوێ ئەکەینەوە ، بۆ خزمەتی خاکی وولاتی ، هەتا شەهیدبوون ، کە خۆبەختکردن لەپێناوی عێراقی خۆشەویستماندا فەرزەو ئەرکی سەرشانغانە .. یادی شەهیدانمان ئەوانەی ڕێگای سەربەخۆیی و نیشتمانیان بۆ ئازادی هەڵبژاردو بونە مۆمو خۆیان سوتان لەو ڕێگایەدا کە بۆ ئێمە مەشخەڵت ، وەئامادەم وەك سەربازێکی تێکۆشەری صدام حسین هەموو کات لە خەباتدابم وەلە تێکۆشان کۆڵ نەدەم .

● هەروەها جەنگاوەر سلێمانی چاومان کەوت بە جەنگاوەر بەرێز کاك محمد احمد محمد کە لەپێناوی جەنگی ڕەوای « قادسیەی صدام » دا شەهیدی داوە بەم شێوەیە ڕای خۆی دەربڕی :ـ

من خۆم جەنگاوەرم وە لە پێناوی خاکو وولاتدا لە جەنگی «قادسیە صدام»دا شەهیدم داوە ، کە گشت کات خۆم بەسەر بەرزو بەختیار ئەزانمو ، هەمیشە ئامادەم ، نەك خۆم بەلکو کوڕێکی ترم هەیە ئەویش لەپێناوی عێراقی خۆشەویستماندا ، گیانمان بەخت کەین ، چونکە ئەو کەسەی خاوەنی شەرەف بێت گومانی نیە لەوەی کە بۆ نیشتمان خۆی بەختکات هەروەکو سەرەکی فەرمانده

بەرێز بدریە غریب قادر، لە گەرەکی مەنکەندی لە یادی ڕۆژی شەهیدا ووتی :ـ

من کە خێزانی شەهید جەنگاوەر «ابراهیم نجم محمد»م خاوەنی چوار منالم نبیلو نجلاءو فؤادو سەوسەن هەموو کاتێ ئەو ڕاستیە بۆ مناڵەکانم ڕوون ئەکەمەوە ، کە باوکیان لە پێناوی پاراستنی شەرەفو خاکی وولاتدا شەهید بووە، شەهید بوونی جێگای سەربەرزی خۆمو منداڵەکانمە ئەویش لەپێناوی بەجێهێنانی ئەرکی سەرشانی خوێدا بەجەرگانە ، کە جەنگاوەرێکی ئازاو نەترس بوو .. شەهیدبوو .. ناوی بەرزەو یادگاری شیرینە لەناو ماندا خوا بەهەشتی پیرۆزی پێشادکا ، منیش ئەرکی سەرشانمە لە پەروەردەکردنی منداڵەکانمدا ،هەرگیز ئەو زانیاریە مەزنە لەبەرچاویان وون نەبێت ،کە ئەرکی سەرشانمانە بەرامبەر خاکو وولاتەکەمان دلسۆزبین ،سەرکردایەتی شۆڕشو بەتایبەتی سەرەکی فەرمانده صدام حسین بایەخێکی گەورەیان داوە بەنبەماڵەی شەهیدان خوابیان پارێزت بۆ عیراقمان ، سەرکەوتن هەر بۆ ئێمەیە بەپشتی یەزدان ، چونکە لای هەموو عالەم ئاشکرایە کە ئێران دەست درێژ کەرە بۆ سەر وولاتمان ، وە ئەوان لە هەموو عادەتێکی وولاتانە لابان داوە ئەگینا کەی بیستراوە ، دیل لە جەنگدا بەدیل بگیریو بکوژرێت ، ئەگەر ئەمە تاوان نەبێتو دژی ئایینی پاکی ئیسلام نەبێت .. چی تاوانە ؟! ڕێزم بۆ هەموو شەهیدانی قادسیەی صدام کە گیانیان بەختکردوە لەپێناوی وولاتدا .

● هەر بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدەوە بەرێز باوکی شەهید محمد نەورۆز مامۆستا ڕووف سعید ، باسی دەسکەوتەکانی شۆڕشو ڕۆژی شەهیدو شەهیدبوونی بەم شێوەیە بۆ کردین :ـ

پێش ئەوەی بینە سەر باسی ئیشو کاری ئەو دڵسۆزیەی کە سەرکردایەتی شۆڕش دەربارەی ڕۆڵەکانی گەڵ داویانە ، ئەوانەی کە لەپێناوی پارێزگارکردنی نیشتمانو گەلی عیراقدا ، قوربانیان‌داوە گیانی پاکیان بەخاکی پیرۆزی نیشتمان سپاردووە .. ئەلێن سەرکردایەتی گەلی عێراقمان بەرێز سەرەکی تێکۆشەر کاك صدام حسین ، سەرکردایەتیەکی ژیرانەو بەتوانای گرتۆتە دەست ، وەخۆی تەرخان کردوە بۆ خزمەتی نیشتمانی پیرۆز کە بریتیە لەعیراق و خزمەتی نیشتمان ، ئەمەش کەمن ئەیڵێم ، ئەوە نیە کە تەنها ئێستا کاروبارێکی ڕێكو پێك لە فەرمانبەرایەتیەکاندا بۆ بنەماڵەی شەهیدەکانمان جێبەجێ ئەکرێت ، بەڵام بەپێی فەرمایشتێکی پیرۆزی پێشەوای ئیسلام محمد(ص) کە فەرمویەتی «قل حق ولو علی انفسکم» ئەم ڕاستیانە باس ئەکەم ، کەلای مرۆڤی ڕاست شاراوەنیە ، دان بەو ڕاستیەدا ئەنێت ، بۆ ئەوەی زیاتر بزانین ئەڵێم هەر لە زەمانی تورکەوە تائێستا سەرکردەیەکی وا دڵسۆز نەبوە ، لەگشت ڕویەکەوە کە دلسۆزە بەرامبەر گەڵو نیشتمان ، بۆ نموونە واچوارساڵ زیاترە وولاتەکەمان لەجەنگدایە ، لەگەڵ پێنجهەم سوپای جیهانیدا ـ کەئێرانە ـ ئەجەنگێ ، سوپاسی نەبەزی ئێمە بەبەشێکی زۆر کەم دائەنرێ لەجاو سوپای ئێراندا ،بەڵام ڕاستیو کارامەیی سەرکردە کە بە چالاکی

بڕوانە ل ١٢

ـ لقی سلێمانی ـ

ڕۆژی شەهید

ڕۆژی قوربانی وسەرکەوتنە

● لە هەولێر ●

لە لقی هەولێرەوە :

لە ڕۆژی شەهیددا ، بەشانازیو نوازشتو گەورەیی ، بەرامبەر بەو سوار چاکە گەورانە دەوەستین ، کە لە هەموو شتێ بەنرختر بەخوێن ، زەردەخەنەی سەر لێوی منداڵانی ئەم وولاتە مەزنەیان پاراست ، بۆ ئەوەی لە سەنگەری بەرەنگاربوونەوە ، لە سەنگەری لووتکەی بڕوا بەخۆبوونو گۆرانی وونتن بەباڵای تیشكو سەرکەوتن بەرامبەر بە چاو چنۆکەکانی تاران بەردەوام بن ..

● کاك محمد علی ووتی :

ئەمڕۆ هەموو خێزانێك شانازی بەوە دەکات کە یەکێکی تیدا شەهید بێ کە بەمەش مانای سەربەرزی ئەو خێزانە تۆمار دەکرێ .. هەرچی دەربارەی شەهید بووترێ هێشتا هەر کەمە.. چونکە ئەو لە هەموومان پیرۆزترە ..

● کاك صباح مصطفی ووتی :

شەهیدبوون لە پێناوی وولاتدا مەدالیایەو لەپێناوی ڕێی ڕزگاریو سەرکەوتنە . . بەتایبەتی لە کاتێکا کە وولاتەکەمان دوچاری دڕندەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران بۆتەوە

هەموو نیشانەیەکی سەر بەرزی وەردەگرێ چونکە لە سەنگەری باوەڕو مەسەلەی خاکدا شەهید دەبێو ئەمەش خۆی لە خۆیدا شانازییە .

● کاك ئەروت عبداللە ووتی :

ڕۆژی شەهید مانایەکی گەورەیە .. لە وولاتی سەربەرزی ئێمەدا کە گەل ڕووبە ڕووی جەنگی ڕەوای خۆی بۆتەوە ، مرۆڤی عیراقی لە پێناوی خاکو شکۆمەندیدا گیانی خۆی بەلاوە هەرزانە ... چونکە بەڕواوە دەچێتە بەرەکانی جەنگو خێزانەکەی چاوەڕوانی دەکات بە سەرکەوتن بگەڕێتەوە .

سالآن دێنو دەڕۆن ،داستانی ئەم گەلە تۆمار دەکەن کە ڕۆژانی ژیانیان‌کردە هەموو نیشانەیەکی سەربلندی .

لە هەولێر ، ڕۆژی‌شەهید مانایەکی گەورەی هەیەو وەکو هەموو عیراق‌دەبێتە نیشانەی زیندوو بۆ بەردەوام بوونی‌تیشکی سەرکەوتن .

● کاك اکرم حسین ووتی :

شەهید لە هەموومان‌کەورەترەو بەخوێنو گیانی خۆی ویستی ئەم خاکەپیرۆزە بپارێزێو بەرامبەر بە دوژمنی ئازادی گەلان‌ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکەی ئێران بەمەردانە وەستانوداستانی سوار چاکی خۆیان تۆمار کرد ..

ئەوە زیاتر لە چوارساڵە عیراق لە لووتکەی سەرکەوتن دایەو ئێرانلە شکستی ... بێجگە لە ماڵ وێرانی هیچی بۆنەمایەوە ..

● کاك حاجی سەیدە ووتی ،

ڕۆژی شەهید پیرۆزەبەقەد شەهید خۆی ، کە خۆی دەکاتە قوربانی بۆپاراستنی ئەم عیراقە ئازیزەو لە دەست دڕندەهارەکانی ئێران دەپارێزێ .. ئەمەش نیشانەیەکی گەورەی سەربەرزییە . . چونکە عیراقی‌یە دلێرەکان‌بە سەربەرزیو شکۆمەندی بەناوبانگنو بەردەوامیشدەبن لە تۆمارکردنی سەرکەوتن بۆ ڕاونانیدوژمن .

● خاتوو ئەمیرە حنا ووتی :

کۆمەڵانی خەڵك بەکەورەیی یادی ڕۆژی شەهید دەکەنەوە ، چونکەڕۆڵەی بەجەرگ بوون بۆ پاراستنی خاکو بەردەوام- بوونی بنیاتنان لە وولاتە مەزنەکەمان کە ڕۆژبەڕۆژ ڕووی خۆی لە پێشکەوتنو سەرکەوتنی‌بەردەوام دەکاو هەرگیز ناگەڕێتەوە .

.. کە مرۆڤی عیراقی وا لێ کردووە بەتێکڕایی ئامادەی ئەو قوربانی دانە بن .

● کاك عارەب صالح ووتی :

عیراق زۆر جار دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە ئامادەیە بۆ ڕاگرتنی شەڕ کە پێی نایە ساڵی پێنجەمی.. بەڵام وادیارە ژەندرمە نەزانەکانی ئێران گوێ بۆ هیچ داواییەکی ئاشتی خوازانە شل ناکەن . . . ئەو مرۆڤەی کە لە ئێران بەزۆرەملێ دەئێردرێتە بەرەکانی جەنگ جگە لە مانای ماڵوێرانی هیچی‌تری بۆ نامێنێتەوە . . لێرەش

● کاك سعید عبداللە ووتی :

دەبێ چ شتێك لەوە پیرۆزترو گەورەتر بێ کە مرۆڤ پارێز گاری وولاتەکەی خۆی بکات بەتایبەتی ئەکەر ڕوو بە ڕووی جەنگێکی وەك جەنگی فەرزکراو ببێتەوە کە کاربە دەستە نەزانەکانی ئێران سەپاندبانە سەر وولاتەکەمان .

ڕۆژی شەهید ، لەلای ئێمە ڕۆژی قوربانی دانەو ووردی هاووڵاتیان بەرز دەکاتەوە لەپێناو پارێزگاری عیراقو سەر بلندی‌دا.

شەهیدی پێشبان

گورەکی ل مەهابادی

دایێ نەگری . .
لسەر تەرمێ من
گەر شەهید بم
ڕوندکا نەڕێژی تو بخودێ
لسەر گورێ من
من کفن کە ئو
کەزیێت جانێ
بکەنە داڤو
تەرمێ منێ کفن کری
پێ گرێ دەن
ئو داهێلن
هێدی ..هێدی
لبنێ گوری
لبنێ گوری
شیرەتا من
هێ دەیکامن
لهەوە بیتن ...
من فەشێرن
لژێریا گوندی
لناف نێرگزا
لبن سیبەرا
بەڕی ومازیا ...
وکەر هوین نەچار بوون
فەشێرن
لناف گوندێ مە تەرمێ من
من قرێ کەن
لگەل عەفرا ..
دا فەشێرن
تەرمێ منێ کفن کری ..
لگەل تافیێت بوهارا
هەستیکێت من
داشین ببن
هەمی ساڵا
لناف جنینکا . .
ئو لناف وارا ..
ئەفیندارێد دکوندێ مەدا ..
هەمی جارا ..
هەلمرویسن ..
هەلمرویسن ..

ـ زیاد نقیب ـ

Institut kurde de Paris

لە بیرەوەری ٢٢ ساڵەی

یەکێتی نیشتمانی قوتابیان ولاوانی عیراق

لە یادی بیرەوەری رۆژی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانو لاوانی عێراقدا ، لە بارەگای لقی سلێمانی چاومان کەوت بەبەرێز سەرەکی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانو لاوانو بەرێزان لێپرسراوی رێکخستنو پێشمەنگانو پێشمەرگەوانو ئاروبەاری قوتابیانو رۆشنبیریو راگەیاندن کەوت . لەسەرەتادا بەرێز فؤاد کریم محمد سەرەکی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانو لاوان ووتی :ـ

بیرەوەری دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانو لاوان بەکشتی ، بیرەوەریەکی مێژوویە ، کە بەشێکی زۆر گرنگی لەدەستەیەکی فراوان کەقوتابیانو لاوان ، لە کۆمەڵگای عێراقدا گرتۆتەخۆ .. ئەم بیرەوەریە پیرۆزە دەوری کاریگەرانەی قوتابیانی بەتوانا لەعێراقی خۆشەویستماندا دیاری دەکات . کە لەسەردەمەکانی زولمو زۆرو ستەمکاریدا ، دژی دەستەی ئیمپریالزمی داگیر کەر جەنگاونو رووبەرروویان وەستاون ، کە قوتابیان لەوسەردەمەدا بێبەش بوون لەسەربەستی کارکردنو دوربوون لەوەی مافیرەوای خۆیان بدرێتێ ، بیرەوەری ٢٣ ساڵەی قوتابیانو لاوان بیرەوەری لەخۆبوردنو قوربانی دانی قوتابیان ئەخاتەوەبیر ، ئەوەمان بەیاد دێنێتەوە ، کە چۆن قوتابیان هەڵەمەتیان بردە سەر مۆڵگای زۆرداو کۆنەپەرستانی پێشوو .. تائەو رۆژەی لە گورەپانی کولیژی پزیشکی دەنگی دروستبوونی ئەم یەکێتیبە بەرزبوە ، تاوەکو رێکخراوێکی جەماوەریانە هەستو رای نیشتمانی دەربڕێت بۆ گەلیعێراقو رزگاربوونیان لەدەست ئەو رژێمە چەوسێنەرە تاوانبارانە ، هاوبەشی کردنی قوتابیان لەبەگژا چونی رژێمی کۆنەپەرستی ئێرانو بەشداریان لە جەنگی رەوای قادسیەی صدامدا ، ئەو راستیە دووپات ئەکاتەوە کەقوتابیان هەمیشە قوربانیانداوە ، وە دەورێکی باڵایان هەیە لەجۆشکردنی جەماوەر بۆ ئەم جەنگە وەستان بەرامبەر هێرەشەکانی دوژمن چ لەروی پێش‌کەش کردنی قوتابی بۆ سەربازی یان تطوع لەرێگای هەریمەکانی سوپای میللەوە ، وە یاخود لەرێگای بەرگری میللییەوە ، لەپەرەپێدانی هەستی نیشتمانی هاوڵاتیانو بەرزکردنەوەی رادەی خەباتی سوپای گەلانو بەرگری کردنی هێرشەکانی دوژمن، یەکێتی نیشتمانی قوتابیانو لاوان دەوری چالاکیانبوە ،هەروەها بەشداری ئاهەنگو فیستقالی ووتاروشیعر خوێندنەوەمان کردوە ، کە ئاهەنگی سەرکەوتنە ، لەلایەنی بەشداری کردنمانەوە ، ئێمە لقی سلێمانی خۆمان ئامادە کردوە بۆ نواندنی چالاکی بەپێی نەخشەیەك بۆ یادی ئەم بۆنەپیرۆزە ، کەبریتییە لە خۆپیشاندانی سەرشەقامەکان رۆژی ٢٢ی مانگەوە گیرانی ئاهەنگێکی قەشەنگ بۆ خێزان ٢٣ی مانگ ، کردنەوەی پێشنگای وێنەو پۆستەری سیاسی، هەروەها پێشوازی کردنی لێپرسراوان وسەردانیان لەپیرۆزبایی ئەو رۆژەدا ، جگە لەوەی لەرۆژی ٢٤ی

مانگدا لە هەموو قوتابخانەکاندا بەم بۆنەبەوە ئاهەنگ ئەگێڕێت .. جێگای رێزەکە لەبیرەوری ٢٣ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیماندا رێزی تەواونەبووی خۆمان پێش‌کەشی شەهیدانی جەنگی قادسیەی صدامو قوتابیانی شەهید بکەین ئەوانەی لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتیماندا پێشەنگ بوون گیانی خویان بەخشیوە . هەر بەم بۆنە پیرۆزەوە بەڵێن بۆ سەرکردایەتی شۆڕش‌و فەرماندەی تێکۆشەر صدام حسین تازە ئەکەینەوە ، کە هەمیشە قوتابیانو لاوان سەربازی بەوەفای باراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تموزین بۆ کەلی عێراقی مەزن .

● **هەر لەبادی ئەو بیرەوریەدا بەرێز حسین علي عبدالرزاق لێپرسراوی رۆشنبیریو راگەیاندنی یەکێتی قوتابیانو لاوان لقی سلێمانی ووتی :ـ**

جەماوەری قوتابیانو لاوان لەساڵی ١٩٦١ وە هەموو ساڵێك بادی ئەم رۆژە پیرۆزە ئەکەنەوە ، مەبەست لەدباری کردنی ئەم رۆژە بەتایبەتی رۆژی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانو لاوانی عیراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵوێستەی قوتابیە خوین کەرمەکەمان گرتیان لەخەبات دژی ئەو چەوتیەی کە رژێمی ئەو سەر دەمە کۆنەپەرستە دەیان کرد دژی خواستی گەلو قوتابیانو گورەبانی کولیجی پزیشکی بوە مایەی دروست کردنی یەکێتی .

جەماوەری قوتابیان ولاوان ئاهەنگدەگێڕن بەمەبەستی یاد کردنەوەی ئەو هەڵوێستە ئازایانەی کەبوە مایە هەنگاونانی جەماوەری قوتابیانو لاوان بۆ کۆبونەوە لە دەوری یەکێتیو بەختکردنی چەندەها قوتابیو شەهید بوونیان لەپێناوی ئەم ریبازە پیرۆزەو لەپێناوی جێگیرکردنی دەست کەوتەکانی گەلو جەماوەر .

ئەمڕۆ ئێمە ئاهەنگ ئەگێڕین بەم یادە پیرۆزەوە پاش ئەوەی قوتابیانو لاوان سەلماندیان کە بڵێسەی ئاگرنو دوژمنانی پێ ئەسوتێنن‌و یادکردنەوەی ئەم هەڵوێستە مەزنەی قوتابیان پێویستەوەلەم بارەوە یەکێتی نیشتمانی قوتابیانو لاوان پلانێکی داناوە بۆ ئاهەنگ گێڕان لە هەموو شارەکانی عێراق‌و دەرەوەی عێراق .

● **باشان بەرێز عبدالوهاب اسماعیل لێپرسراوی لیژنەی کاروباری پێشەنگان لە سلێمانی ووتی :ـ**

لەبادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانو لاوان‌دا ئەڵێم ئەم یادە پیرۆزە ئەوەمان بەبیر ئەخاتەوە ،کە قوتابیان هەرگیز لەبەردەکانی پێشەوەی گەلەکەماندا خەباتیان بەردەوام بوە ، بۆ لەناوبردنی ئەو رژێمە بۆگەنانەی کە حوکمرانی گەلیان ئەکرد، بەڵام زۆر دور بوون لەگەلەوە ، وە ئەم یادە ساڵ بەساڵ باڵمان پێوە دەنێ بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە خەبات‌و تێکۆشان ، بۆ سەرکەوتنمان لە جەنگی رەواماندا ، دژ بەدام‌و دەزگای خرمەپنی کرنەپەرست ،هەر بەم بۆنەبەوە پەیمان تازە دەکەینەوە ، بۆ سەرەکی فەرمانده هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین خوا بۆمانی بپارێزی کەپێشەنگان لەشاری سلێمانیدا هەرگیز سەرکەوتوو ئەبن چ لەخوێندنا چ لەبەشداری کردنیان لە جەنگی رەواماندا ، لەلیژنەکانی بەرگری میللی‌و چالاکیەکانی تری جەنگ .. هەر لەم رۆژانەدا کە دێتکەوتی ١ـ١٢ یادی رۆژێکی پیرۆز ئەکەینەوە لەمێژووی گەلەکەماندا کە رۆژی شەهیدە ئەوە شەهیدانەی گیانی خویان لەپێناوی سەربەخۆی گەلو نیشتماندا بەختکرد ، بەخوێنی ئالیان پارێزگاری سنوریان کردوین ، لەدوژمنی کۆنەپەرستی ئێران . ئەو شەهیدانەی کە هەرگیزاو هەرگیز لەیاد ناچن ، لەدڵو دەروناماندا جێگایان بۆ خۆیان کردۆتەوە هەروەکو سەرەکی فەرمانده فەرمویەتی لەهەموومان بەرێزترن .

● **لێپرسراوی کاروباری قوتابیان لیژنەی سانەوەکان بەرێز منذر عبودی سعید ووتی :ـ**

ئەم بیرەوریە شیرینە ، کە لەنارەندی پێچانەوەی لایەرەکانیدا وانەو رەمزی بۆ هەڵگرتوین، کە گیانی ئازایەتی‌و پێشکەوتنی لێوە فێر ئەبین ، لەپێناوی پەرەسەندن بەرایەراندنی بزوتنەوەی قوتابیان‌و بەرەوپێش‌بردنی ، کە بازوی قوتابیانی

بڕوانە ل ١٠

لقی سلێمانی

پێشکەشە بە سەرەکی فەرماندە گاك صدام حسین‌ی تێکۆشەر

پێشرەوی گەل‌و مەیدانی نەبەرد
ئالا هەڵگری دەشت‌و چیاو هەرد
باوکی هەژارو شەهیدی وولات
ئەی باڵەوانی عێراقی بێگەرد

وولاتت پێش خست بە شۆڕشی هەفدە
پاکت کردەوە لە (دوور)و جەردە
کاتی تەنگانە ئازاو بەهیمەت
بۆ نەخشەکێشان کارت چەند وردە

چاوی عەرەب‌و کوردت کردەوە
دەرگای زانیاریت زۆرك خستەوە
زنجیرت بچڕان لە دەستی ڕژێمت
چرای ئازادیت تۆ هەڵ کردەوە

گوڵی بۆن خۆشی نێو باغی ئێرەم
لەسەر وولاتمان کە وەستا بووتەم
تاریك بوو دڵمان تۆ هەڵت کردشەم
لات برد لەسەرمان جەورو جەفاوغەم

باوکی بەڕێزمان سەرەك صدامی
قەڵا بەرزەکەی پڕ کامەرانی
دوژمن شکێنی مەیدانی جەنگی
خوا بتپارێزێ تۆ فارەمانی

علي ابراهیم دەروێش
هەولێر
١٧ـتموزـ١٩٨٤

نیشتمانم عێراقە

★ کەوکەب هەورامانی ★

بەرامبەر دوژمن بوەستم باڵەتڵەتکا کەردنم
نەك سەرشۆڕی تۆ بم وەتەن باشترە مردنم

ژیانم بۆچیە تۆبێ نازبی نازی تۆ ژیانی منە
لەڕێ تۆدا خۆم فیداکەم سەربەرزی تۆ گیانی منە

ئەی وەتەن سوێندبێ بەخاکت
بەئاوو هەوای پاکت

خاکت بەخوێن ئاو ئەدەین
دوژمن دەر بەدەر ئەکەین

لاوی تۆ سەربەست ژیاوە
بە سەربەرزی خۆڵقاوە

هەتاکوو ڕۆڵەت ماوە
بۆ دوژمن دەرزی چاوە

شەهید

عبد الحکیم نادر

ئەڕێ شەهید
با وەر بکە تۆ کەفری
لێ تۆ بە ری
تۆ چ جارا نامی
تۆ ل مرنێ ب هێز تری
× × ×
ئەڕێ شەهید
تۆی تێژ ینکا ڕۆ ژێ
تۆی بهارا بشکو ژێ
با وەر بکە ژ ڕۆژێ
تۆ چ جارا ناچیە دو ژێ(١)
× × ×
چنکی تۆی ڕێکا ژبنا مە
گوری کەرێ وەلاتێ مە
خینا تە ئافا بهارا مە
جاڤێن تە روناهیا دلێن مە
× × ×
ئەڕێ شەهید
تۆی دارا مازبن لچیانە
خینا تە ئافا دارانە
رو یێن تە بەر بەرێن دەفتەرانە
ئەزمانێ تە سەرکێن قەلەمانە
× × ×
ئەڕێ شەهید
شەهیدێ خاکا زێرین(٢)

بڕنێت تە قەدرین
نەمینم بۆ بالگێ بەرین
ژ وەلاتێ را نوی مزگین
× × ×
ئەڕێ شەهید
دەما دبینم برینا
ئەز دمینم وەك دینا
کفنێ تە ژی زی ئینا
ئەوان دایکێت گوهینا
× × ×
شەهید کەفرە ناشکێتن
شەهید بەفرە ناحەلیێتن
شەهید خوینە نارژێتن
شەهید نافە نامرێتن
× × ×
شەهید بینە
شەهید نەمرە
شەهید نەجە
نەجە .. نەجە
شەهیدێ مە
شەهیدێ مە
× × ×

١ ـ دۆز : جەهنەم
٢ ـ خای زێڕین : ئاخا بیروز و بها گران . ئەڤ هوزانە پێش‌کێشە بۆ هەمی باب‌و دای و براو خوشك‌و کەس‌و کارێت شەهیدێت عێراقێ .

Institut Kurde de Paris

گەشتێك بە ناو جەنگەڵ و وەرزەکاندا

د. نافع ئاکرەیی کردویەتی بەکوردی

«چەند پروژەیەکی نوێخوازی لە پێش شیعری نوێدا»

«لێکۆلینەوەی ئەو کارانەی یارمەتی نەشونەمای شیعری ئازادیاندا»

١ ـ هەوڵەکانی نوێخوازی پێش شیعری نوێ :ـ

ئەگەر چەند هەوڵێکی شاعیرانی عەباسی بو نوێکردنەوەی کێشەکانی عەروزی هوزان لادەبن وەکو « أبو نؤاس و ابو العتاهیه » کە لە بەر چەند هویەکی مێژویی و شارستانیەنی و ڕوشەنبیری ئەو کاتە سەرکەوتنیان وەدەست نەهێنا ... کەچی هەوڵی یەکەم کە بەسەرکەوت لە «اندلس» وە هات کە ناویان نا «الموشح» ... بێگومان «جیاوازیەك هەیە لە نێوان قەسیدە و «موشح»دا .. چونکە وەحدەی «موشح» «دێڕ» نیە وەکو قەسیدە ، بەلکو وەحدە بارچەیەکە لە سەر یەك کێشە ... دوور ژی نیە لە سەر دوو کێش بێ چونکە هەر دەنگێك یان ئاوازێك خاوەنی کێشی تایبەتی خۆیەتی هیندەك کێشی نوێ دروست کراون کە لە کێشەکانی کۆن دەرچوون ..»(١) زۆر جار ئەم «موشح»انەی لە سەر کێشی کۆن دەهاتن بە کەمی دەناسران لە بەر ئەوەی «موشح» کێشی تایبەتی خۆی هەیە(٢) لەگەڵ ئەوە ژیدا کە جیاوازیەك هەیە لە نێوان قەسیدەو «موشح» دا لە رووی کێشەکانیانەوە بەڵام «موشح» شورش و یاخیبوونەك نەبوە لە سەر قەسیدەی کۆن وەك دوکتور «عوض» بوی چوە(٣) هەر هینده کە «موشح» پەرەپێدانەك بووە بو کێشە کۆنەکان تا لە دواهیدا خۆشی شێوەو ڕێبازی تایبەتی وەرگرت.. ئەم شتە ژی لە سەر ئاخوتنی دوکتور «عوض» ئاشکرایە : «لە سەرەتادا قەلکەکە حەزیان لە «موشحات» نەکرد .. لە بەر ئەوەی ئەو کەسانەی دەیانووسی لە ژێر کارتێکردن و تەئسیری عەرووزی کوندا بوون و خەڵك پێی رازی نەبوون(٤)» ئەمە ژی وا دەگەینێ کە لە سەرەتادا پەرەسەندنبوو پاشان دوور کەوتەوەو شێوەی تایبەتی خۆی وەرگرت ،کەچی بە پێی پێویستی کە پەیوەندی لەگەڵ ژیانی خوش و دوەلەتمەندیەوە هەبو تا لە دوای دا هەموو خەڵك پێان خوشبوو بو بەرێگایەکی تایبەتی لە شیعردا(٥).

چەندە جیاوازی هەبێ لە نێوان پشکینەراندا لە سەر یەهای «موشحات» یان ئەگەر وا بزانرێت کە رووداوێکی پاشکەوتنبووە(٦) یان تەنها هەوڵێکی شەکیبووە کە نابێ بە ڕێبازێکی هونەری نوێ بناسرێت(٧) یان کاکلی شورشێکی هەمەلایەنەبووە لە سەر وەزعی کۆن لە شیعری عارەبیدا(٨) بە بێ گومان یەکەم هەوڵی نوێخوازی توندو جادد بووە بو دەرچون لە رژێمی کێش و وعەروزدا لە قەسیدەی عارەبیدا کە بارو زروفی شارستانیەتی فەرزی کردن . بەڵام تا چ ڕاردەیەك سەرداران بزوتنەوەی شیعری ئازاد لە عیراقدا سودبان لەم هەوڵە وەرگرتوە ... ئەم مەسەلە هیچ کەسێك دانی بەوەدا نەناوە وەك «نازك» وای بۆ چووە کە ئەم شیعرە درێژیی دیرەکانی یەکسانیان جیاوازە(٩) کە چی بەرای من سود لە «موشح» بە وینەیەکی ناراستەوخو وەرگیراوە لە شیعری مەهجەریدا ، ئەمە ژی لە بەر ئەوەی ئەم شیعرە سودی لە شیعری «اندلس»و شیعری روژ ئاوای وەرگرتوە(١٠) .

لە هەموویان پێشتر بو ئەم ریبازە شاعیرانی «رابطه القلم» بوون لە سالی ١٩٢٠دا چونکە ئەوانە «قوتابخانەیەکی ڕێکخراوی ئەدەبیو هەوڵی ئەوەیان دابو کە کۆمەڵەك لە ئەدیبان دوروست بیو شێوەیەکی تایبەتی لە بیرکردنەوەو دەربڕینیان هەبێ»(١١) لە ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵە «جبران ـ نعیمه . نسیب عریضه، ریحانی» بوون ئەوی شیاوی باسە قەسیدەی «النهایه»ی «نسیب عریضه لە ناو دیوانەکەی «الارواح الحائره» دا ئەوی «میخائیل نعیمه» بە سەریدا دەڵێت «روحێکی پر هەودانەو کە هەموو تەفعیلەکانی روخان وەك تیا دەڵێت :»

« کفنوه
وآدفنوه
هوه اللحد العمیق
واذهبوا لاتندبوه ... فهو شعب
میت لیس یفیق
ذللوه
قتلوه
حملوه ..
فوق ما کان یطیق
حمل الذل بصبر من دهور
فهو فی الذل عریق»(١٢).

دابەشکردنی قەسیدەی « نسیب عریضه » بەم وێنەیە وای لە سەردارانی شیعری ئازادکرد کە بە یەکەم هەوڵی دروست بوونی ئەم شیعرە دابنرێت.. بەڵام ئەوی بە چاکی تەماشای تەقطیعی «عریضه» بکات لەم قەسیدەیەدا چاك بۆی ئاشکرا دەبێ کە ئەو هیچی نەکردوە جگە لە دابەشکردنی چەند بەیتیکی تەواوی بەحری «رمل» ئەبێ بە سەر چەند هێلەکدا چونکە ئێمە ئەتوانین بگەڕینینەوە سەر وێنەی کلاسیکی خوی و ئەم وێنەیە دەگرێت :ـ

« کفنوه ! وادفنوه ! اسکتوه هوة اللحد العمیق
واذهبوا ، لاتندبوه ، فهو شعب میت لیس یفیق
ذللوه ، قتلوه ، حملوه ، فوق ما کان یطیق
حمل الذل بصبر من دهور ، فهو فی الذل عریق»

کە چی ئەو شتەی وای لە « عریضه » ی کردوە کە بەم شێوەیە بنوسێت ئیقاعی بە پەلەیە کە ئاوایەکی تایبەتی دەوێ . هەر ئەم هەوڵە روخساریە بناغەی روخساری ئەوە بوو کە « رئیف خوری » داوای دەکرد کە دیرە شیعری «ابو تمام » «تدبیر معتصم ، بالله منتقم ، لله مرتقب ، فی الله مرتهب »

بەم وێنەیە بنووسرێت :ـ

« تدبیر معتصم
بالله منتقم
لله مرتقب
فی الله مرتهب »

بەم وێنەیە ئەتوانین سیستمی برگەکان دروست بکەین « » کە چی «جبران و ریحانی» لە « رابطه القلم » دا گرینگی ئەوان لە ناو شیعری بەخشاندا کە « ریحانی » دەستی پێکرد و « جبران » تێدا گەیشتە لوتکەی ، بەڵام شیعری « طلق » « بەرەللا » بە ناوی «البیر ادیب » وە هاتوە کە لە ناو کۆمەڵەکەیدا بە ناوی « لمن » هەر وەها « بشر فارس و ثریا ملحس » ژی ئەم ڕێبازەیان گرتوە ، کە چی بە بێ گومان گرینگی شیعری پەخشان و شیعری بەرەللا ئاشکرایە وەك هۆیەکی بیرکردنەوە وئیلهام (١٣) ...

ئەمە ژی ئەوە کە « بلند حیدری » دانی بەوەدا ناوە لە ناو خاتیراتەکانیدا لە کاتی دەڵێت هیندەك شیعرو پەخشانی وەك شیعرمان لە روژ ئاواوە بۆ دەهات .. هەر وەکو خویندنەوەی شاعیرانی عیراقی بۆ شیعری « والت ویتمان » بە زمانی خۆی یان وەرگێراو کە لە شیعری « رەبحانی » دا بو کارێکی گرنیگی کردە سەر شیعریان و ئایندەی شیعری ئازاد لە عیراقدا (١٤) .

شیعری ئازادو شیعری مورسەل :ـ
مەبەست لە شیعری مورسەل ئەو شیعرەیە

کە قافیەی نەبێو بە ئینگلیزی پێ دەڵین « » ، کە چی مەبەست لە شیعری ئازاد ئەوەیە کە گوێ نەداتە ژمارەی تەفعیلات لە دێڕدا چونکە وا دەبێ دێڕەك بە تەفعیلەیەك یان بە دوو تەفعیلە بنووسرێتو هیندەك جار ژی دەگاتە هەشت یا دە یا دوانزدە تەفعیلە لە دێڕەکداو لە عەینی قەسیدەدا ، بەوە شاعیر خۆی ئازاد دەکاو قەڵەمی بەردەداو هیندە تەفعیلە دینێ کە حەزی لێیە ئەمە ژی بە ئینگلیزی پێ دەڵێن « » (١٥). بەڵام سەرەتای پەیدابوونی شیعری مورسەل لە تورو ئەدەبی جیهانیدا دەگەڕێتەوە بو سەرەتای سەدەی شانزدەهەم لە ئیتالیادا هەر وەك « درینی خشبه » دەڵێت : لەو کاتەی شاعیری ئیتالی «ترسیتو» درامای « سوفو نیسبا »ی نووسی لە سالی « ١٥٢٥ » پاشان ئەم جورە شیعرە گەیشتە ئینگلتەرا لە سەر دەمی «هێنری هەشتەم کە « هێنری هوارد » دوو بەشی ئینیادەی فیرجیلی بەم جورە شیعرە وەریگێراو نووسیوە ، پاشان « شکسپیر » لە هەمو داستانەکانیدا بە کاری هێنا .. لە پاش « شکسپیر » زۆر بلندبوونو سەرکەوتنو داکەوتنی دیت ئەم شیعرە تا «میلتون» هاتیو کارە نایابەکەی خوی نووسی بە ناوی « فیردەوسی بزر » ، کە جەنگی نێوان مەسیحو ئەهریمەن وەسف دەکا (١٦) بەڵام شیعری ئازاد لە سالی ١٨٨٨ و ١٨٨٩ بۆ یەکەم جار لەو کاتەدا پەیدا بوو کە « فرانسیس فیلیه کراقن » لە سەرەتایەکدا بۆ «جویسی» نووسی «ئەم شیعرە ئازادە دیسان لەو کاتەدا کە ئیکتور هیجو بەحری ئیسکوتلەندی پارچە پارچە کردو پاشان رەمزیەکان بە دوایدا چوون ... تا گەیشتە ئینگلتەرا کە « ت . ی . هولم » و فلنت و عزرا پاوەند و « ت . س . ئیلیوت » ئەم جورە شیعرەیان کرد بە ڕێبازو لە سەری ڕۆیشتن . ئەو قوتابخانەیەی ئەم شاعیرانەی گرتە باوەش بە ناوی تەسویرەیەتەوە ، ناسرا .. « ت . س . ئیلیوت » بە «لافورج » موتەئەسیر بو بەڵام لە خوی تێپەراند .(١٧)

خیفەی ئەم شیعرە ـ مورسەلو ئازادـ لە عارەبیدا لە سەر دەستی ئەم عبدالرحمن شکری ، خلیل شیبوب ، زهاوی » « سهیر قلماوی » ژی پارچەیەك لەم جورەی هەیە .

سرداری شیعری مورسەل « درینی خشبه » لە سەر سورماندا هێلاوە .. ئایا «عبدالرحمن شکری» یە یان ژی « ابو حدید » ، ئەگەر چی دەڵێت « ابو حدید » شورشگێری یەکەمە چونکە درامایەکی تەواوی بەم جورە شیعرە نووسیوەتی ئەو ژی « مقتل عثمان » ، لە سالی ١٩١٨ کە چی ئەم درامایە تا سالی ١٩٥٦ روناکی نەدیت(١٨) .. بەڵام «عقاد» سەرەتای شیعری مورسەل لە چەرخی نوێی ئێمەدا دەگەڕێنێتەوە بۆ « توفیق البکری و زهاوی و شکری » یەك بەدوای یەکدا (١٩) .... کەچی « ابو شادی » وا دەزانی کە « عبدالرحمن شکری » سەردارو یەکەمە لەم ڕێبازەدا .... (٢٠) هەر کەسەکیان یەکەم بێ ... ئەوە دیارە کە خوێندنی شیعری مورسەلی « ابو حدید » پێویستی بە هەستو وەعیەکی تایبەتی خوێنەر هەیە «.. لە بەر ئەوەی ئەبێ شیعری مورسەل وا بخوێنرێتەوە کە ئاخوتنەکی بە کێشەو لە دوای هێل و دێڕدا دوایی ناهێت بەلکوو لەو کاتەدا دوایی دێت کە مەبەست لە ئاخوتندا نەمینێ .. چونکە ئاخوتن دەروا و غاردەدا « تا گفتو گۆ دەرواو ناراوەستێ جگە لە کاتی تەواوبوونی دیمەنو وەك ئەو شیعری قافیەی هەیە پارچە پارچە ناوەستێت ...(٢١) ئەمە ژی جیاوازە لە گەڵ شیعری ئازاد لە لای «ابو شادی » کە وای کردوە « دێڕەك ببێ بە وەحدەیەك لەو هەموو شتەی نووسیوەتی ..(٢٢)» کەچی « ابو حدید » هێڵو دێری کردوتە وەحدە . لە گەڵ ئەوە ژیدا کە « ابو حدید » شیعری خۆی بە «مورسەل » لە قەلەم داوە بەڵام جیاوازە لە گەڵ ئەوەی « باکیز» نووسیوەتی و ناو ناوە « الشعر المرسل المنطلق» کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن « »(٢٣)و تێکهەلە لە ڕێکخستنی مورسەلی مونتەلیق و ڕێکخستنی ئازاد ، هەر لە بەر ئەوەی مورسەلە لە قافیەداو ومونتەلیقو بەرەللایە لە رویشتندا ، هەر وەها لێرەدا دێر وەحدە نیەو رستەی خاوەن مانای تەواو وەحدەیە کە دوور نیە دوو یا سێ دێر یان زیاتر بخایێنێ . بە بێ ئەوەی خوێنەر لە دوایەکاندا رابوەستێ .. دیسان ئەم ڕێکخستە ئازادە ژی چونکە خۆی بە ژمارەیەکی زانراوی تەفعیلاتەوە ئەبەستیود لە دێڕەکدا.(٢٤)

ئەم جیاوازیە بە چاکی دیار دەبێ ئەگەر ئەم بەتیانە هەر دووکیان لێك جودا بکەینەوە ، «باکیز» لە « رومیو جولیت » دا لە سەر زمانی دایندا دەڵێت کە ئاخوتن لە گەڵ لێدی کاپیولیتدا دەکات لە سەر کچەکەی جولیێت » :

« فی مساء العید تنهی عامها الرابع بعد العاشره
رحمه الله علی موت النصاری .. ! هی فی سن
ابنتی سوزان ، لکن ابنتی راحت لمولاها الکریم .
انها اطیب ان تبقی المثلی .. »ص٤٥ .

« دیسان « ابو حدید » لە تابلویەکدا دەڵێت کە پیاوێکی قەرەچ هەوڵی ئەوە دەدا دڵی کچێکی توخمی خۆی نەرم بکاو ئەو لە بەری هەڵ دێت و دەڵێت :ـ

« لفتی : جرحت فؤادی
بدلال یثیر فی لهیبا
فاعیدی سعادتیو اعیدی
بسمات الرضا ... اعیدی حیاتی

الفتاة : « ضاحکه ساخره » : لیت قلبی یسیر طوعی سمیعا

فیلبی نداء کل شفیع
ان قلبی له هواه فیمضی
حیث شاء الهوی ... جموحا عنیدا..»(٢٥)

ئاشکرایە کە دوو شەتری دوەمو سیەم لە شەترەکانی «باکیز» وەحدەیەك دروستدەکەن یان رستەیەکی ماناو کیش تەواو دیتنە بەرچاو ... کەچی شەترو دێڕەکانی « ابو حدید » هەر یەکەکیان وەحدەیەکە و سەر بەخۆیەو کێشی « خفیف » ه . ئەوی شیاوی باسە دوو ڕێبازو شێوە بو نووسینی شیعری مورسەل هەن ... جۆرێك هیچ جیاوازی نیە لە گەڵ شیعری کلاسیکی تەنیا لە وازهێنان لە یەکەتی قافیەدا نەبێ ... دێر تێدا وەحدەیەکی تەواو مەعنایە ، ئەگەر وا رووبدا هیندەك جار دێڕ وەحدەیەك نەبێ بە لای ماناو ڕێزمانەوە بەڵام بەبێ گومان وەحدەیەکی تەواوو سەربەخۆیە لە رووی ئاوازو موسیقاوە ئەم ئاوازە ژی ناچتە ناو دوو دێڕەوە هەر لە دوای یەکەم دێڕدا بە دوماهی دێت و دووبارە لە سەرەتای بەیتی دووەمدا دەست پێدەکاتەوە ...(٢٦) ئەم هەرەنگە لە شیعری مورسەلدا دیارو ئاشکرابێ بە تایبەتی لە شیعری مورسەلی «زهاوی» دا ، لە پارچەیەك لە شیعری « سهیر قلماوی » یە ناوی «ذو الفاس »ەوە دەڵێت : «متکئا ع الفاس فی انکسار

منحنی الظهر من الهموم
ینظر فی الارض بلا انتهاء
فلیس الا نحوها المصیر
قد اوهنت عظامه السنون
و غضنت جبینه العصور
و قسوه المسعی وراء العیش
قه افقدته جراة الانسانی » (٢٧)

کەچی جۆری دووەم زیاتر پەرەی سەندوە و نێزیك ترە بو شیعری مورسەلی ئینگلیزی هەر وەك لای «میلتون» .. نموونەی ئەم شیعرە شیعری « ابو حدیدو باکیژ » ، چونکە لە سەر وەحدەی دێر هەلناستێ بەلکوو مانایەکان لە نێوان هێلەکانو دێرەکانەوە بازدەدەن و خوێنەر تا دوای رستەی تەواو راناوەستێ کە دوور نیە دوو یان سێ دێر یان ژی زیاتر بخایێنێ(٢٨) ، هەروها ئازادی ئەم جۆرە شیعرە لە قافیە ژیدا دەبینین .. مەبەستو کاری ئەم لایە لە شیعرە مورسەل ئەوە بو ئێنانی بابەتێکی نوێی شیعری بو ناو شیعری عارەبیدا ... « ابو حدید » دەڵێت « ئەگەر هەر

بڕوانە ل ١١

Institut Kurde de Paris

فولکلور

بێ نەکەت ناخوت

دبێژن ل دەمێ بەرێ ،ماڵەکێ کچەك هەبوو ، ناڤێ وێ «نازێ» بوو .. کچەکا گەلەك نازاندی بوو .. چ شول پێ نەدکرن .. فێری چ کارا نە ببوو .. کەسێ چ نەدگوتێ و هەمی دەما یا بکەیفا خۆ بوو . مەزن بوو و هاتە شوێ یا بفی رەنگی .

تبلی صالح موسی

دەما «نازێ» هاتی یە شوی با ، کەلەك کەسا قەستا مالا وان کر بۆ خوازگینی با . کچەکا گەلەك جوان و بەرکەفتی بوو . وەلێ هەر کەسێ دەیکا کچکێ دگوتێ ، کچا مە چ شولا نزانیتو چ ناکەت دا رابن خاترا خۆ خوازن وزفرنە مالێت خۆ .

پیرەمێرەکی کورەك هەبوو ، دەمی با ژنەکێ بۆ پەیدا ب کەت . چوو مالا « نازێ » گوتە بابێ وێ :ـ

ـ ئەزێ هاتیمە خزمانیا هەوە .. کچاتە بخازم بۆ کورێ خۆ .

بابێ کچکێ کەلەك قەدرێوی گرت و کەیفا خۆ پێ ئینا . پشتی دەمەکێ ئاخفتنێ، بابێ نازێ نەزانی یا کچا خۆ بۆ پیرەمێری خویاکر، وەلێ پیرەمێری گوهێ خۆ نەدا نەزانی با کچکێو گوت :ـ

ـ باشە .. مەدقێت ..ئەم درازی نە .

پشتی دەمەکی هاتنە مالانازێ و هەمی بێتفی بێت کچکێ دروست کرن و بیکاخۆ فەگوهاست .

نازێ ل مالی روینشت ..چ کار نەکرن .. خۆ نەکێشا چ شولا . پیرەمێری هەمی مالا خۆ شیرەت کرن و کوتێ :ـ

ـ نەبێژنە نازێ وەرەشوێفێ بخۆ ل گەل مە .. بلا یا برسی بیت و چ نەدەنێ ـ بو دەمێ شویفێ هەمی پێکفە ل سەرسینی بێ کوم بوون . دەست ب خوارنێ کر ،کەسێ نەگوتە بویکێ وەرە بخۆ .. هێلا برسیی وێ رۆژێ . هەمیا دگوت :

ـ بێ نەکەت ناخوت ـ .

نازێ چەند رۆژەکا برسی قەتاند ، وەلێ نەشی با ببەتە سەری . هزرا خۆ ل وان ئاخفتنا کر دەمێ خەزویرێ وێ دگوت : (بێ نەکەت ناخوت.) . رابوو دەستێت خۆ هەلدان . . دەستهاوێتە کارێ مالێ و ل دویف شی بانێت خۆ شول کر و هێدی هێدی خۆ فێری شولا کر .

ئێفاری یەکێ بابێ نازێ لێ بو میڤان ، دیت کچاوی ب تنێ یا ل مالێ «هەمی خەلکێ مالێ بێ دچوویە ئاقاری » . نازێ هەمی شولێت مالێ یا دکەت . ما بەندەهوش .. ژلابەکی ئەگەلەك کەیفا وی هات .

کەیف خوشی یەکا گەرم ل کەل کر .. روینشتە خوارێ ، هەروەسا نازێ بخێر هاتنەکا گەرم ب بابێ خۆ کر . « نازێ دفی یا ئیپراحا بلێنیت بۆ شویفا مالێ » . هەمی تشتێت خۆ کوم کرن . . بەرهەمکرن بۆ لێنانێ .

دەست پێ کر ئیپراحێت خۆودرپێچان . وەلێ گەلەك یا تەنکاف بۆ :چونکی وادزانی کە خەرویرێ وێ ناهێلیت بابێ وێ شویفێ بخۆت . چونکی شول نەکریە . .نەژدل کوتە بابێ خۆ :ـ

ـ ودرە گەل مەن ودرپێچە ئەگەر ئەف مالە ناهێلن تۆ بخۆی . لقێ ا مالێ بێ نەکەت ناخوت). بابێ وێ زانی چەوا کچا وی فێرکریە و هەمی شولا دکەت .

کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد ـ بەشی رەواندوز !

* هەنگاوێکی فراوان بەرەو جیهانی رەنگاورەنگ و بە سۆزی بەهرەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی ...

* رادیۆو تەلەفزیۆن بەرهەمەکانیان تۆمار دەکەن

کاك فواد عوسمانیش کە سەرەکی بەشی مۆسیقای کوردی و تورکمانی و سریانی‌یە وتی :

● لە هەنگاوێکی هونەرمەندانەداو ، بەبڕوا بوونێکی تەو بە توانایان . . ئەمجارە تیپی پاشای گەورەی سەر بە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد بەشی رەواندوز خوێان گەیاندە ستۆدیۆی مۆسیقای دامەزراوی ئیزگەی رادیۆو تەلەفزیۆن لە بەغداو ،بەرامبەر شارەزایانو هونەرمەندە ناسراوەکانی پایتەخت راوەستانو دیاری دەستیان ناسکترینو شیرینترین ئاوازی کوردی رەسەن بوو ، هونەرمەندە طالب قەرەغولی پێی وتین :

ـ بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە هەموو یارمەتی‌یەکی ئەم هونەرمەندانە بدەین کە لە رەواندوزی خۆ شەویستەوە هاتوونو، شنەیەکی بەسۆزی هونەری گەلی کوردیان بۆ هێناوینو ، پێم خۆشە کە پێتانی راگەیەنم کە بەرێز مامۆستا لطیف نصیف جاسم وەزیری رۆشنبیریو راگەیاندن فەرمانی‌دا کە کادیری تەلەفزیۆن بچێتە رەواندوز بۆ ئەوەی هەر لە پال هەندرێنو زوزکدا بەرهەمەکانیان بۆ بینەران بۆ تۆمار بکرێ ، پاش ئەوەی لێرە بۆ رادیۆ بۆیان تۆمار کرا .

دەوتەمەند کردو ...هێشتا چاوەڕوانی بەرهەمی جاکتریان لێ دەکەین .

● لە پاشدا چاومان بە هونەرمەند کاك زرار محمد سەرەکی بەشی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە رەواندوز کەوت‌و دەربارەی تۆمارکردنی ئەم بەرهەمەیان وتی :

ـ ماوەیەکی زۆرە خەرێکی ئامادە کردنی ئەم کۆمەڵە بەرهەمەین ، شتێکی چاکە کە دامەزراوی رادیۆو تەلەفزیۆن بریاری تۆمار کردنی داو سوپاسی هەموو ئەو برایانە دەکەین کە دەوری یان لە جێبەجێکردنی ئەم کارەدا هەبوو .. لێرەشدا پێویستە بڵێم کە هەڵبژاردنی گۆرانی بۆ تۆمارکردن شتێکی وا ئاسایی‌و ئاسان نیە ،بەڵکو دەبێت زۆر بە وریایی‌و کارامانە لە گەڵیدا بجووڵێنەوە ، بەتایبەتی گۆرانی فولکلۆری کەودا سەرچاوەی مۆسیقای رەسەنی کوردەو ، بۆ بەرهەمی ئانیدەشمان بەرنامەیەکی رێك وپێکمان داناوەو لە گەشتێکی تر پێکهاتوە بە ناو گۆرانی فولکلۆری ناوچەکەماندا ،

● کاك ابراهیم محمد امین ئەندام ی‌دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی رەواندوز وتی :

ـ خونچە تازە پێگەیشتوەکانی باخچەی هونەری گۆرانی‌و مۆسیقای کوردی لە رەواندوز ئەم چەند گۆرانی‌یە دەکەنە دیاری خۆشەویستی‌و پەیمان دەدەین کە لە ماوەیەکی نزیکدا بە کۆمەڵە بەرهەمێکی تردەو ببینە میوانی تۆمار خانەی هونەری کوردی .

● کاك احمد محمد شریف ، بەکێکە لە گۆرانی‌بێژەکانی تیپەکەو بە گۆرانی «هەورۆ» و «مەندانە» ناسراوە وتی :

ـ گۆرانی‌یەکانی من لە زەماوەندی کوردەواری‌و بەهاری ئەو چیایانەو جل‌و خۆیمان بۆ بکا لە وەلامدا وتی :

ـ کە وشەی کۆچەر دەبیستین یەکسەر بەفرو کانیاوو هەوای سازگارو جیای بەرزو مێرگی کەسك‌و شینایی کوێستان لەکەڵ ئەو خێلانەی گەرمیان‌و کوێستان دەکەن دێتە یادمان ... کۆچەرێش ناوی ئەو ئافرەتە شۆخ‌و بە توانایەیە کەوا سەر کاروانی خێلەکە دەکات‌و ... ئەم گۆرانی‌یە تابلۆیەکی سروشتی جوانەو شیعرو ئاوازدکەشی کۆنن ..

● هۆی رازو رازۆ لە بنەی رواندزێ بۆنی زۆر خۆشە وەکو نبرگزێ .

ئەمە گۆرانی‌یەکەی هونەرمەند خدر (بیجانی)یە ،لە بارەیەوە وتی :

ـ گۆرانی‌یەکەی من هاواری لاوێکی عاشقە ..بە بەرۆشەوەیە بۆ گەیشتنی بە دڵدارەکەی .. ئەم گۆرانی‌یە لە شایی‌و زەماوەندەدا لە ناوچەی رەواندوز دەوترێ .

● هونەرمەند چەتۆ نەورۆزی .. کمانزدن پەیجە سیحراوی‌یەکەی تیپی پاشای گەورە ... چاوم لێبوو پاش تۆمارکردنی هەر گۆرانی‌یەك لە ستۆدیۆ دەهاتە دەردەودو بە ئیلحاحەوە لە دەرهێنەری گۆرانی‌یەکان هونەرمەند (یحی حمدی) داوای دەکرد کە گوێ لە تۆمارە کە بکرێ. هونەرمەند (یحی حمدی) دەربارەی ئەم ردفتارەی چەتۆ پێی وتم :

ـ من دەرهێنەرم‌و من بڕیار دەدەم کە تۆمارە کە چاکە یان خرابە ، بەڵام ئەو بەهرە بەرزەو ئەو دلسۆزی‌یە گەوردەی لەم لاوە هونەرمەندەدا دیم ناچاریان کردم کە داخوازی‌یەکانی جێبەجێ بکەم وهەموو جارێ تۆمارەکانی بۆ لێبدەمەوە .

● لە کۆرسی تیپەکەدا هەشت کچی خونچە گولی تازە پشکوتوو بە دەنگی ناسکیان گۆرانی‌یەکان دەڵێنەوە ..

امل عبدالخالق وتی :

ـ تەمەنم چواردە ساڵەو لە پۆلی دومی ناوەندی‌دام.. شادومانم بەوەی کە لەم رێگایەوە خزمەتی هونەری رەسەنی کەلەکەم بکەم .

سروە محمد ئەمینیش وتی :

ـ تەمەنم سیازدە ساڵەو لە پۆلی یەکەمی ناوەندی دەخوێنم .. حەز لە فێربوونی مۆسیقا دەکەم هیوادارم لە داهاتوودا ببمە هونەرمەندێکی موسیقا ژەن .

● کاك سید احمد رەواندوزی کە ئورگون ژەنی تیپەکەیە وتی :

ـ لام وایە ئەوی ئەمرۆ بۆ ئیزگەی کوردی تۆمارمان کرد ، کارێکی هونەری بەرزەو هەنگاوێکی چاکە لە سەرەڕێی خزمەتکردنی هونەری گۆرانی‌و مۆسیقای میللیمان .

عبدالوهاب تاڵەبانی
لقی هەولێر

قسەی خۆمان بێ

زۆرو بۆر ...

ئەگەر مەبەست لە پێك‌هێنانی تیپی مۆسیقاو گۆرانی ، پترکردنی رادەی هوشیاری‌و هونەری‌و داهێنانی چەند گۆرانی‌و پارچە ئاوازێکی مۆسیقای نوێ نەبێ ، ئەو هەموو زەحمەتە چنە ، ئەو خوشك‌و برایانە دەیدەنە بەر خۆیان‌و بیرو مێشکی بۆ ماندوو دەکەن ؟!

ئەگەر هەر بۆ ئەوە بێ . خەڵکەکە بڵێن : بەڵێ ئەوانیش تیپی مۆسیقایان هەیە .. یانیش بە چالاکی‌ی لە قەڵەم بدرێ .. ئەوە وا بزانم ، لای ئەوانەی بەرۆشی بەرهەمی مۆسیقاو گۆرانین . هیچ ناکەیینێ !

با ئاهەنگە تایبەتەکانی ناو هۆڵ ، بەلاوەنێین‌و تەنیا ئەوانەی لە تەلەفزیوندا تۆمارکراون‌و بڵاودەکرێنەوە ، بکەینە حەکەم وا لێرەش چەند تیپێکی مۆسیقاو گۆرانی پێك‌هات‌و ئەندامەکانی کۆمەڵێ لاوی تازە پێگەیشتووو خوێن کەرمن.. هەندێکیان تەنیا یەك دوو بەرهەمی تایبەتی خۆیان هەیەو هیچی تر نا .. بەرهەمەکانی دیکە ، هی خەڵکی هونەرمەندی ترن‌و هێشتا هەر زیندوون ، کەچی گۆرانیەکانیان لاسایی دەکرێنەوە ، بێ ئەوەی مافی ئەوەیان هەبێ داوای دراویان لێ بکەن .

بەش بە حاڵی خۆم ، هیچ بەهردیەك لەم کارەدا تابینم !! یەك گۆرانی ، سێ چوار تیپی لێ هاوبەش بن . مانای چیە ؟ چونکە هەر لە ئەساسدا مافی ئەوەیان نیە دووباردو سێبارە بەناوی خۆیانەوە تۆماری بکەن .

قسەیەك بۆ خوا بکەین .. لەو تیپانەدا یەك دووەکیان لە هەوەڵ دامەزراندنیان بەرهەمی بە پێزو خۆش ئاواریان پێشکەش کرد . پاشان نازانم ئەو برادەرانەی سەرپەرشتی چالاکیان دەکردن ، بۆ نەمان‌و زیز بوون ؟ بە قودرەتی قادرەتی قادیر لەگەڵ نەمانی ئەوان تیپیش زەوق‌و شەوقی جارانی نەماو ئیدی ئێستایش هەر هەمان گۆرانی بەر لە چەند ساڵ . کاوێژ دەکەنەودو بوونە بنێشتی ناو زاریان .

هەموو ئاوازێکی مۆسیقا ، بەردێکی بناغەی بینای ئەم کۆمەڵەی خزمانەو هەموو دەنگێکی بەجۆش‌و بەسۆز کە خزمەتی مرۆڤی ئەم رووڵاتە بکا ، شایانی رێز گرتنە .. بەڵام ئەم کردەوەی ئەوان شتێ ناگۆڕێ‌و تەنیا کارتێکردنە سەر زەوقی خەڵکە بە ئەو دیوی مەسەلەکە .. واتا رووە گرژو ترش‌و سوێرەکە.

مەرج نیە ئەو تیپانە سنگ دەرپەڕینن‌و لە خۆبایی بن ، کە ئەڵێ ، بەرهەمیان زۆرن .. نەخێر «زۆر بێ‌و بۆر بێ» ئەنجامێکی باشیان ناداتە دەست‌و یەك زەرە چیە هونەری کوردەواری‌ی پێش ناخەن .

لە نزیکەوە هەندێ لەو تیپانەم بینیوە .. بەداخەوە چەند ئەندامێکیان ئەسڵەن نازانن ئامێرەکەی دەستیان بژەنن !! هەندێ لەوانە کەسانێکیان سەرپەرشتکارە ئەلفو بێی مۆسیقا نازانێ !!.

ئیشاللا وای تێناگەن ، کەمن‌و چەند کەسانێکی وەکو خۆم ؛ (خوانە خواستە)حەز بەوە ناکەین هونەرمەندمان زۆر بن .. بەڵام بەو بەپێ دڵسۆزی دەڵێم : ئەو تیپانەی لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانەدا هەنگاوێکیان نەناودو هەر لە هەمان بازنەو حولی هەوەڵیان گر دەخۆن ، بایدۆزی لێ بکەن گەلێ پیاوانە ترە !! نە مێشکی خۆیان دەبەن‌و نەکەسیش دەکەنە دوژمنی ئەو گۆرانیە خۆشانەی رۆژێ لە رۆژان ؛ جێگای خۆیان لە نێو دڵی ئەم خەڵکە کردۆتەوە ..

سعید ...

سەرنجێك

دەربارەی هەندێ ناوونیشان

★ چەند جوان‌و بەچێژودڵرفێنە ، شارەکانی کوردستانی جوان ـ وەك‌هەندەران ـ بەرەو شارستانیەت تەکان بدەن‌ولە هەموو بوارەکانی ژیانا هەنگاو هەڵێنن‌و قۆناغ‌بێچن‌و سیماو روخساری دنیایەکی پڕ لە پیشکەوتن‌وپڕ لە چێژو پاکی‌و جوانی بەخۆیانەوە بگرن ، تا مرۆڤی‌سەردەمی کورد بە شانازیەوە خۆی پێوەڕانێ‌و لە هەمێزیانابحەسێتەوەو بکەوێتە شیعر ووتن‌و گۆرانی‌و رەشبەڵەك‌وبنیادنانی خەونە سەوزەکانی خۆی ..

محمود زامدار

★ ئەوەی ئەمڕۆ ، چاوێ بەو شارانەدا بگێڕێ ـ سەرباری هەندێ شتی ناهەموار ـ هەمیشە دڵخۆش‌و سەرفراز ئەبێت ، بەتایبەتی کە چاوی بەو ناونیشانە سەیرو دڵرفێن‌و شاچێژو شاعیرانەیە ئەکەوێت ، کە بەر دوکان‌و سەر دەڕابەو ئەپارتمان‌و دەزگاو پرۆژەو کارگەو کۆڵان‌و دیوارو شەقامەکانی تەنیوەتەوە .. بە هەر چۆنی لێك‌بدەیتەوە ئەکەیتە کەلێ ئەنجامی وردەوە ، کە ئەم دیاردە شارستانی‌یە ئەوپەڕی رێزگرتنە لە خودی ئەتەوەو لە کەلەپوورو خاك‌و شاخ‌و ئاو‌و دارو بەرد‌و گیاو گوڵ‌و ئاژەڵ‌و ئاسمان‌و ئەستێرەکان‌و هەموو ئەو شتانەی کە ئەم نیشتمانە بەنگینە .. هەر یەکێکیش لەو کەسانەی کە (ناوێکی جوان‌و شیرینی کوردی) بۆ شوێنی کارو بەرژەوەندیان هەڵبژێرن ، شایانی هەزاران ئافەرینن..!

★ بەڵام ئەوەی جێی هەزار داخ‌و دڵکوشران‌و زۆریش مخابن بێت ـ بەتایبەتی لە هەولێرا ـ پەتای ئەو (گا)یەیە کە هەر بەجارێ تەشەنەی کردوەو شوێن نیە سەرتی پیانەکەی ، چێژوچاوت بە «گا»یەکی سپی یارەش یا زەرد یا بۆر یا سوور یا قاوەیی دانەڕووشێ‌و (حووحە) لە « گا »یەك نەکەیت‌و ئەمیش بەبزەبەکەوە پێت نەبۆڕێ :

(بازارکا ـ وتنەکا ـ خواردنگا ـ میوانگا ـ تۆمارگا ـ مەلەوانگا ـ گا .. گا . . گا .. تاد)

کاریش وا بڕوا رۆژێ لە رۆژان ئەو (گا پیرۆزە) سەرپاکی شار ئەگرێتەوەو چاوت بە لەمانەیش سەیرو سەمەرەتر ئەکەوێت‌و دوورنیە تووشت بێ بە تووشی (ـ پەنچەرگا ـ دارگا ـ ترومبێلگا ـ کتێبگا ـ پرۆژەگا ـ مەیدانگا ـ رادیۆکا ـ یاریگا ـ دارتاشگا ـ ئاسنگا ـ مافوورگا ـ رستن‌و چنینگا ـ سەیرتریش .. !

★ من نامەوێ لێرەدا بیمەپسپۆری زمان‌و چێژو ئەم هەوبرە بشێلم ..! بەڵام نازانم لەپاڵ ئەو دیاردە شارستانیە جوانەی کە ئاماژەم بۆ کرد ، ئەم (گا)یە ئەشێت ، یا پێویستەو هەر لەپیرسراوانی شار ، ئاوڕێ لەم پەتاو درمە ناهەموارو بێتامە بدەنەوەو بەزەیێکیان بە زەوقی ئادەمیزادی کوردو بە چێژو سەلیقەی زمانی شیرینی کوردبا بێتەوەو ئەو (گا)بانە لەو سێدارانە داگرن‌و بینێرنە (لەوەرگا)ی راستەو راستی‌خۆیان . هەزارو یەك قسەش لە نێو بازاری فۆلکلۆری بەپێزی کوردبا ، دەربارەی (گا) وتراوەو لێرەدا پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات .. !!

Institut Kurde de Paris

لە بیرەوری ـ پاشماوە

تێکۆشەر ئالای سەرکەوتنیان بەرزکردۆتەوە. لەکاتێکا لە جوانترو قەشەنگ ترین وێنەی پاڵەوانیتی خۆمان ئەبینینەوە . ئێمە لەم بیرەوەریەدا پەیمان‌و بەڵێن ئەدەین بەسەرەکی فەرمانده تێکۆشەر صدام حسین، سەرکردایەتی شۆڕش ، کە هەستمان بەرامبەر ئەرکەکانی سەرشانمان بەرزتربێت ؛ چونکە ئێمە لاوانین کە بەرگری لە شەرەف‌و کەرامەتمان ئەکەین ئەویش خاکی عێراقە ، ئەبینی ئێمەی قوتابی هەردەم لە گۆڕەپانی جەنگداین . بەشداری بەشەکانی سوپای میللی ئەکەین بە هەموو رویەکی لەخۆبوردنەوە ، ودەهەمیشە شمشێری ردوانەبین بۆ بەڕاندنی ملی داگیرکەران‌و پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشە مەزنەکەمان . سلاو لەکیانی پاکی شەهیدە نەمرەکانمان ، سلاو لە سەردکی سوپاو گەلی عێراقی پاڵەوان‌و مەزن .

● پاشان بەرێز محمد غریری لێپرسراوی بەشی رێکخستن، لە لقی سلێمانی ووتی : ـ

وەزیەکی زیندوی ژیان قوتابیانە ، ئێمە لەکەڵ لاواندا بەردو داهاتوو هەنگاوئەنێین، لاوان سامانێکی نەتەوەین لەسەرکردەکردنی کۆمەڵدا ، جەژنی قوتابیان لە هەموو روبەکیەوە، پەروەردەی‌و نیشتمانی‌و چەکداری بەزانیاری ، قوتابیان ئەکاتە ئەندامێکی بەکەڵکی کۆمەڵ . کە هەروەکو گوڵێکی تازە پشکووترو ئەکرێنەوە ، بۆ نیشتمان‌و کۆمەڵ .. هەمیشە داگیرکەرو زابونیزم چاویان بڕیوەتە ئەوەی لاوانمان پێ نەکەن‌و ئەو بنکە بەهێزەی کەلیان لێدروست نەکرێت ، بەڵام بەپێچەوانەی مەبەستی ئەوان لەگشت کاتێکا لاوانمان بەڵکەن بۆ سەرکەوتن‌و دارشتنی ئەو بنکە بەرزە ، سەرەکی فەرمانده صدام حسین زۆر بەوردی هەستی بەم لایەنە مەزنەی رۆڵەی وولات کردوەو لەهەموو شوێنێکدا باسیان ئەکاو نرخ‌و رێزی تایبەتی پێداون ، ئێمەش بەپەیمان‌و بەڵێن ئەیسەلمێنین کە رۆڵەی ئەم وولاتەین ئەبێت جێگای دبارو پڕلەشانازیمان هەبێت ، چلە خوێندن چ لە بەشداری بەرەکانی جەنگ .. ودەبەردەوامبوون لەسەر ئەو راستیە ، بیرەوری ۲۳ ساڵەی قوتابیان بەردێکی تر ئەخاتە سەر ئەو بنچینە بەهێزە کە باوەڕمان پێیەتی بۆ پاشەرۆژێکی پرشنگدار ..

وە لە رۆژی شەهیدا کەئەویش بیرەوەریەکی گەورەیە لە عێراقی خۆشەویستماندا سەری رێز دائەنەوێنین بۆ ئەو مەزنانە کەبەخوێنیان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا ، مردن‌و سەرشۆڕی بۆ رژێمی تاوان باری ئێران کە لەهەموو نەریت‌و خوێەکی وولاتان لایداوە دیلەکانمان ئەکوژێ . سەرکەوتن بۆ عێراقی خۆشەویستمان بەسەرەکایەتی تێکۆشەر صدام حسین

● لەو چاو پێکەوتنانەدا بەرێز برهان محمد محمود لێپرسراوی پێشەنگانی هەلەبجە ووتی :ـ

بیرەوەری قوتابیان‌و لاوان ، بیرەوەریەکی پڕلە خۆشیە بۆ سەر هەموو لایەك وە هەمیشە جێگای شانازیمانە . کەبادی دروست بوونی ئەو لایەنە مەزنەبکەین لە رۆڵەکانی گەل کەقوتابیان‌و لاوانە ودبەم بۆنەیەوە گەلێك چالاکی ئامادەکراوە کەبێش‌کەش ئەکرێت . جگەلەوەی بەبۆنەی رۆژی شەهیدەوە بەرنامەی تایبەتمان تەرخان کردوە . بەهەلکردنی ئالای عێراقی مەزنمان‌و سەردانی خێرانی شەهیدان‌و بەسەرکردنەوەیان . لەکۆتایدا سلاو رێزم بۆ سەردکی فەرمانده تێکۆشەر صدام حسین .

● قوتابی انور علي حسین سەرەکی لیژنەی قوتابیان لە ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی رای خۆی دەربری ووتی :ـ

لە کاتێکا بەبۆنەی رۆژی قوتابیانەوە سلاو رێزم پێش‌کەشی هەموو قوتابیان ئەکەم . هەر بەم بۆنەیەوە سلاورێزم ئاراستەی سەرکردایەتی بارت‌و شۆڕش باوکی فەرمانده صدام حسین ئەکەم . هیوادارم هەموو ساڵێك لەکەڵ سەرکەوتندا یادی ئەم رۆژە پیرۆزە بکەینەوە . ودەدەنی سپاردرای خزمەتان بەرزئەکەینەوە بەرامبەر ئەو ئاوابارانەی لەقەم‌و تاران دایشتون‌و ئاکری سەر خۆش ئەکەن . ئەو رژێمە بۆکەیەی کە لەهەموو سنێ لای داوە . تەنانەت دیلەکانی جەنگیان کوشتوە کەئەمە ئەو بەپێی تاوان باری‌و خراپە . بۆیە لەدنیاوە سلاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قادسیەی صدام کەلە هەموومان شکۆدارترن .

گەشتێك ـ پاشماوە

بکرێت چەند بابەتی نووسینی نوێ بێنە ناو زمانی عارەبی‌یەوە ، بێ گومان ئەبێ کوت‌و سندم‌و زنجیری قافیە بشکێنرێت .. چونکە قافیە ئابلووقەو یازنەیەکی بە تێنە کە پێداچوونی ئاخوتن قەدەغەدەکا و ئەگەر پێداچوون‌و درێژە پێدان شتێکی پێویست بێ ... قافیە دەبێتە کوسپەو ئەبێ لابدرێت . شیعری چیرۆك‌و رۆمانی شیعری ئەبێ قافیەی تێدا لابدرێت چونکە شیعری جیرۆك وا لە شاعیر دەکا وێنەی زۆر جۆراو جۆرە ئاشکرا بێنتە بەر چاو ... ئەم شتە ژی پێویستی بە هەزارەها بەیتەو ئەگەر خۆی بە قافیەوە ببەستێ ناتوانێ هیچ بکا ... لە بەر ئەوە شاعیر ئەبێ لەم بوارەدا ئازاد بێ چونکە بەکەتی قافیە وا لە شاعیر دەکا شیعرەکەی پڕ تەم‌و مژ بکاو لە سنووری ئابلووقەی قافیە دەرنەچێ ... هەر ئەمەش بوو بووە هۆی ئەوەی کە شیعری مورسەل لە زمانەکی وەکو زمانی ئینگلیزیدا پەیدا ببێ(٢٩) .

لە گەل هەموو ئەمەنەدا کەم‌و کوورپی ئەم بابەتە شیعرە بەرای «ابو حدید» دوونە . ـیەکەمیان دوور خستنەوەی گوێ لە ئاوازو موسیقای قافیە ، دووەمیان سنووری نێوان دێڕەکان دەروخێنێ و گوێ دوور دەکا لە خۆشی‌ی دواهی دێڕەکان‌و مۆسیقای قافیەو شادی شیعری کلاسیکی(٣٠) ..

دیسان ئاشکرایە کە شیعری مورسەل یەکەتی بابەتی قەسیدە تێدا نی‌یە ، چونکە قەسیدەی مورسەل وا دیار دەکا کە وەك چەند دێڕەکی بلاوە یان وەك پەندنی پێشینانە .. هەر دێڕەك سەر بە خۆیە ، پارچەکە بە بێ‌رێکخستنی دێنە بەرچاو تەنیا یەگگرتن و یەکەتی کات نەبێ کە ئەم دێڕەتێدا نووسراون ... هەر وەك لەم دێڕانەی «زەهاوی» دا دەردەکەوێ کە لە سالی ١٩٠٥ نووسیوەنی و دەلێت :ـ

«لوت الفتی خیر له من معیشه
یکون بها عبئا ثقیلا علی الناس
وانکد من صاحب الناس عالم
یری جاهلا فی العز و هو حقیر
یعیش نعیم البال عشر من الوری
و تسعة اعشار الوری بؤساء
اما فی بنی الارض العریضه مصلح
یخفف ویلات الحیاة قلیلا
اذا ما رجال الشرق لم نهضوا معا
فاضیع شیىء فی الرجل حقوقها
اذا ناب اوطانا نشات بارضها
خراب ، و لم تحزن، فانت جماد»(٣١)

لێرەدا «زهاوی» بە ئاشکرا دیارە کە دیلی قوتابخانەی کلاسیکی‌یە لە گەل ئەوە ژی‌دا کە خۆی بە نوێ‌خواز ئەزانی بەلام نەیتوانیوە سەر بە خو بێ لە قوتابخانەی کلاسیکی (٣٢) .

شیعری ئازاد هەر وەك لە لای «ابو شادی» کە خۆی بە رێبەری ئەم رێبازە دەزانێ و لە گەل کۆمەلی « ئەپولو » دا ... ئەم شیعرە جیاوازیەکی نباغەیی لە گەل شیعری مورسەلدا بە هەموو جوری‌یەوە هەیە . شیعری ئازاد «دەربڕینەکی بەرەللاو رابەری زکماکی‌یە .. هەر وەك رێکخستنە کە بەبێ رێکخستن بێ چونکە وەکو ئاخوتی ئاسایی و تەبیعی بەرێوە دەروا و هیچ سنوورو کۆت‌و کۆسپەی لە رێگادا نی‌یە ... لە بەر ئەوە دەبینین کە شیعری ئازاد زۆر کێش‌و قافیەی جیاواز کۆدەکاتەوە بە پێی بارو زروفی کە شیعرەکە تێدا لە دایك دەبێ .. بۆیە زۆر تەبیعی و سروشتی و بە بێ تەکەلوف لە دایك دەبێ ، لە بەر ئەوە ژی زۆر لە بارە بو شانو (٣٣)... جیاواز لە گەل ئەوانەی دەلێن ئەبێ بە پێی بەحرێکی زانراو و قافیەکی ناسراو لە سەر زمانی ئاخوتنکەردا ببێ ، هەر وەك شیعری « ابو شادی » لە دیوانی «الشفق الباکی » دا دەلێت :ـ

نفتش فی لب الوجود معبر «طویل»
عن الفکره العظمی به لالباء « طویل »
نترجم اسمی معانی البقاء «متقارب»
وتثبت بالفن سر الحیاة «متقار ب »
وکل معنی یرف لدیك فی الفن حی «مجتث»
اذا تاملت شیئا قیست منه الجمال «مجتث»
وجنتیه کجیس فی فتك امتلائی مجیتت
تیت فینا العیاده « بسیط »

لێرەدا ژمارەی زۆری بەحرەکانی کە «ابو شادی» یە کاری هێناون ... لەگەل ئەوە ژی‌دا کە بۆ یەکەم جار غەریب بووە بەلام « ابو شادی » سوودی لە شیعری ئازادی ئەمریکی وەرگرتوە و یە تایبەتی لە لای ئەو شاعیرانەی دراماباں بەپێی گوڕانی حالەتی هەستی مرۆڤ دەگوڕا هەر وەها چاکترین هەولی ئەم رێگایە قەسیدەی «خلیل شیبوب » ە ئەوی هەر شەترێك لە سەر بەحرێك لە بەحرەکانی عەرەبی دەرچوە یان پارچەیەك لە پارچەکانی ئەم بەحرانە بە بێ ئەوەی قافیە لا بدا کە دەلێت :

« کانها ملیحه
قد خلعت جمالها
فاصبحت قبیحه
کاسیه اسمالها
مراها غیرت اللیالی حالها .(٣٤)»

لەگەل ئەوە ژی‌دا کە سەردارەکانی ئەم رێگایە «باکتیر ، شیبوب ، محمد ، منیر رمزی» و ئەوانەی تربوون بەلام ئەوانەی‌تر هەولیان هەولی سەرەتایی و بێ‌بەهابوو چونکە رێگای نوێ‌خوازی راستەقینەیان ئەدەزانی لە بەر ئەوە هەولیان بێ‌بەهابوو ... تاقی‌کردنەوەی «باکتیرو شیبوب و محمد منیر» بەتایبەتی «محمد منیر» ئەو گەنجە رومانسی‌یە کە بە تاقی‌کردنەوەی «ابو شادی» و ئەدەبی ئینگلیزی موتەئەسیر بووە ، توانی ئیقاعێکی خۆیانەی خۆی‌بۆ توانی تەفعیلات دروست بکا کە ئیمە ئەتوانین بەحرەکانی کلاسیکی هیندەك جار تێد ببینینەوە کە ئەوانەی تر تیدانی‌یە هەر وەك لەم بەیتانەدا دەلێت:ـ

« ان اللیل عمیق یامعبودتی
لکن اعماقه ضاقت بالاتی
احکی لـه فی دمعه اشجانی
وارسل فی آذان الصمت اغنیتی
لکن اصداءها ترتد فی ذل الی قلبی فیطویها..(٣٥)»

ئەم تاقی‌کردنەوەیە هەمووی لە سنووری نوێ‌کردنەوەی فۆرم و روخساردا بوون کە چی بوون بە هۆی ئەوەی کە سەردارانی بزوتنەوەی شیعری نوێی عێراقی رێگای خۆیانی تێدا بگرنە بەرو پێشکەوتن‌و دان بەوەدا بنین کە سوودیان لەم هەوڵو تاقی‌کردنەوانە وەرگرتوە . هەر ئەم جورە شیعرە کە دوکتور «محمد عوض محمد» بە کۆمەڵگای بەحرەکان‌و یەگگرتنی کێشەکان لە قەلەم‌داوە(٣٦) هیندەك شاعیری رۆژهەڵاتی لە سوریاو لوبنان‌و هیندەك قوتابی زانکوی میسری ئەم جۆرە شیعرەیان وەکو «شیبوب و ابو شادی» نووسیوە(٣٧) هەروەها «ایلیا ابو ماضی» قەسیدەی «الشاعرو السلطان الحائر» و «جبران خلیل جبران» ژی قەسیدەی «المواکب»یان بەم وێنەیە نووسیوە . بەهانە هێنانەوەی شاعیران بۆ ئەم جۆرە نووسینە ژی ئەوەیە کە دەلێن جوراو جور بوونی ئاوازو نوێ کردنەوەی تەفعیلات کە ماوەو مەجال دەدا بو ئەوەی مانایەکانی دێنە سەر هەستو بیری مرۆڤ لە ناو باوەش ئەم شیعرە بحەسێنەوە بە ئاسانی..(٣٨)» کە چی رەخنەگران دەلێن کە گوڕانی بە پەلەی کێشەکان و قافیەکان گوی ناخوشی و ناراحەتی لە گوێ مرۆڤ پەیدا دەکا(٣٩) بەلام هیندەك رەخنەگر بە چاکی دەزانن کە لە ئەدەبی شانوگەری‌دا بە کار بێنن کە چی لە قەسیدەدا دوور دێخنەوە(٤٠) .

پەراوێزەکان :

١ ـ ناصر الحانی : «فی النقد الادبی» ص١٠
٢ ـ ابن سناء الملك : دار الطراز ص٢٥
٣و٤ ـ دکتور مصطفی عوض الکریم : «فن التوشیح » ص٦٩ و ص١١٨ .
٥ ـ ابن خلدون : «المقدمه ص٥٨٣ .
٦ ـ جودت الرکابی : «فی الادب الاندلسی» ص٣٠٧
٧ ـ شوقی ضیف : «الفن ومذاهبه فی الشعر العربی» ص٤٥١ .
٨ ـ د. مصطفی عوض الکریم : «فن التوشیح» ص١٦٧ .
٩ ـ نازك الملائکه : «قضایا الشعر المعاصر» ص٦١ .
١٠ـ عیسی الناعوری «الانطلاقات التجدیدیه فی الشعر العربی» مجله الادیب یناير ١٩٥٨ .
١١ـ مارون عبود «مجددون ومجترون» ص٢٠٢ وانظر «شعراء الرابطه القلمیه» نادره السراج .
١٢ـ الارواح الحائره النسیب عریضه ص٦٥ .
١٣ـ رئیف خوری : الدراسه الادبیه ص٩٠ .
١٤ـ «مجله الادیب العراقی» العدد (١) ١٩٦٢ ص٣٩ .
١٥ـ درینی خشبه : الشعر المرسل والشعر الحر ـ مجله الرساله العدد ٥٣٨ ٢٥ اکتوبر لسنه ١٩٤٣ ص٨٤٧ .
١٦ـ درینی خشبه «نفس المصدر» ص٨٤٧ ـ ٨٤٩ وکذلك الفردوس المفقود ص٩ الانگلیزیه .
١٧ـ دائره المعارف البریطانیه ماده ★ خیفه : یەکەم بەرهەمی مێوە کە درەخت دەدا .
١٨ـ درینی خشبه : الشعر المرسل وشعراؤنا الذین حاولوه» مجله الرساله العدد «٥٤٠» ص٨٨٩ سنه ١٩٤٣ .
١٩ـ فی الشعر العربی ـ مجله الرساله العدد «٥٤١» ١٥ نوفمبر ص٦٠١ .
٢٠ـ ابو شادی : قضایا الشعر المعاصر ص٧ .
٢١ـ درینی خشبه «الشعر المرسل وشعراؤنا الذین حاولوه . مجله الرساله العدد «٥٤١» سنه ١٩٤٣ ص٩٠٦ .
٢٢ـ نفس المصدر السابق .
٢٣ـ «اخناتون‌و نفرتیتی» ص٢ .
٢٤ـ «رومیو جولییت» ص٣ و کذلك فن المسرحیه ص٨ ـ ١٠ .
٢٥ـ «ابو حدید» «الشعر المرسل ایضا» مجله الرساله العدد «٢» سنه ١٩٣٢ .
٢٦ـ اخناتون‌و نفرتیتی ص٣١ .
٢٧ـ مجله الرساله العدد «١٤» اغسطس ١٩٣٣ ص١٦ .
٢٨ـ باکتیر : فن المسرحیه ص٨ ـ ١٠ .
٢٩ـ «هل للشعر المرسل مکان فی العربیه «مجله الرساله» العدد «٩» ١٥ مایو سنه ١٩٣٣ عشره ادباء یتحدثون ص١٣١ .
٣٠ـ المصدر نفسه .
٣١ـ مجله الرساله العدد «١٤» اغسطس ١٩٣٣ ص ١٦ .
٣٢ـ دیوان الزهاوی ص٣١ . (٣٣) مجله ابولو العدد (١٠) سنه ١٩٣٤ ص٩٠٠ .
٣٤ـ مجله الرساله العدد «٥٤٥» سنه ١٩٤٣ ص٩٩٨ .
٣٥ـ موریه : حرکات التجدید ص١١٩ .
٣٦ـ مجله الرساله العدد «٥» ١٥ مارس سنه١٩٣٣ ص١٠ .

نەهێشتنی ـ پاشماوە

زانست‌و زانیاریەوە دەبەستێ‌و هیچ میللەتێك کە رادەی نەخوێندەواری بگاتە (٩٠٪) لە توانایا نی‌یە رۆشنبیری‌و ژیارێکی پێشکەوتوو بنیات بکا بنچینەی ئابوری‌یەکی توندو بەتێن دابمەزرێنی، کە پشت بە نوێ‌ترین شێوازی تەکنێکی پێشکەوتووی بەرهەم هێنان بەستێ . چونکە بەرکارخستنی ئەم کارگانە پیویستی بە کریکاری خوێندەوارو پسپۆر هەیە ، سەرەرای ئەندازیارو پسپورەکانی دیکە . جا لێرەوە گرنگی نەهێشتنی نەخوێندەواری‌و قڕکردنی دەست پێ‌دەکا . لەبەرئەوەی کاری نەهێشتنی نە خوێندەواری‌و قڕکردنی، هەنگاوێکی ژیاری‌یەو پیویستیەکی مێژوویی‌یە، بۆیی قورسایی دەبێ بکەویتە سەرشانی کۆمەڵگا بەگشتی. سەر دەولەت لەبەرئەوەی هیزیکی رابەری کۆمەڵگایەو گشت توانای دارایی‌و پسپۆری‌و کارگێری‌و فیرکردنی بەدەستەوەیە .. سەر رۆڵەکانی کۆمەڵگا بە گشتی بەتایبەتی دەستەی خوێندەوارو رۆشنبیرەکان‌و دام‌و دەزگاکانی فێرکردن‌و رۆشنبیری کەسەر بە دەولەت نین ، هەروەها یانەو کۆمەڵە رۆشنبیری‌یەکان‌و یەکیەتی ئەدیبان‌و، کە هەموو لا بە یەکجار دوو بکەنە دێهاتەکان‌و بەگشتی هەڵمەت بەنە سەر سەنگەرەکانی نەخوێندەواری ، جا چ لە چوارچێوەی پروگرام پلانەکانی دولەتی‌دا بێ یا لە چوارچێوەی ئەو پروگرامە تایبەتیانەی ئەم لایەنانە سازی دەدەن . بۆشمان هەیە سوود لە تاقی‌کردنەوەکانی پیشکەوتووی دەولەتەکانی عیراق دامەزراوە هەولو تەقەللا لە گورەپانەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەردەوام بووە ، بەلام ئەم هەول تەقەللاباتە نەگەیشتۆتە رادەی پیویست‌و کاریگەر .

بۆ روون‌کردنەوە ، دەتوانین ئەم کارە بەسەر سێ قۆناغی سەرەکی‌دا دابەش بکەین !

قۆناغی یەکەم لە بیستەکانی ئەم چەرخەوە دەست‌پێ‌دەکا تا دەگاتە شورشی ١٧ـ٣٠ی گەلاویژی ساڵی ١٩٦٨ . لە نیوان ئەم قۆناغە دوورو درێژەدا کاری نەهێشتنی نەخوێندەواری گەلی جار تووشی هەڵچوون‌و دامرکاندنەوە هاتووە . لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا کاری نەهێشتنی نەخوێندەواری زۆر سست‌و لاواز بوو ، چەند کۆمەڵەی خەیری‌و کەسانێك پێی هەڵدەستان ، سەرەرای ئەرکی وەزارەتی (معاریف)ی کۆن . کە چالاکیەکانی دەربارەی بلاوکردنەوەی خوێندن‌و کردنەوەی قوتابخانەکان زۆر کزو تەنگەبەر بوو . بە پێودری ئەو ژمارە زورانەی نەخوێندەوارەکان کە لە هەموو کەلێن‌و قوژبێنێکی وڵاتەکەماندا پەرش‌و بڵاوببوونەوە . جگە لەوەش ئەو هەوڵانەی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دەدرا لە سەر پروگرام‌و پلانێکی زانستیانەو پسپۆرانە دا نەندرابوو . بەلام پاش شۆرشی چواردەی گەلاویژە ساڵی ١٩٥٨ ، ئەم کارە کەوتە بەربایەخ پێدانی لایەنەکانی سیاسی‌و فێرکردنەوە . لەبەر ئەوەی کە بە یەکی لە ئامەنجەکانی شۆرش دادەندرا . بۆیی گەلی توانای بۆ تەرخان کراو چەندین مەلبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە سەرتاپای وڵاتدا دامەزرێندرا . بە پێی‌ی ئەو ئەژمارانەی هەمانە وا رادەکەیێنی کە مەلبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە زیادبووندا بوودو گەیشتۆتە (٥٧٧) مەلبەند (٤٤٠) یان بۆ نێرینەو (١٣٧)یان بۆ مێینیە . کە (٥٦٢٧٤) کەس تیایاندا فێر دەبوون . لەوانە (٤١٨٦٥) کەس نێرینە بوون (١٤٤٠٩) مێینینە قۆناغی دووەم پاش بەربا بوونی شورشی (١٧)ی گەلاویژی ساڵی ١٩٦٨ دەست پێ‌دەکا . کە لەم قۆناغەدا کاروباری نەهێشتنی نەخوێندەواری بە پیوستیەکی مێژوویی داندرا . بۆ بەردەوامبوونی کۆمالگابە گشتی . لەم بروانامەکانی سیاسی‌و بەرنامەی پارتی بەعسی عەرەبیی سوشیالیست . ئەوەیان دووپات کرددوە . هەروەها برگەی چوارەمی بروانامە کاری نیشتمانی ئەمەی دەستنیشان کردووە . لەبەرئەمە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە ساڵی ١٩٧١دا یاسای قەڵاچوکردنی نەخوێندەواری ژمارە (١٥٣)ی دانا بۆ رێك‌وپێك کردنی ئەم کارە . وە لە ٢٣ـ٥ـ١٩٧٢دا (دەستەی باڵایی نەهێشتنی نەخوێندەواری) دامەزراندو دەستی بە دانانی پرۆگرامەکانی دباری کراو کرد . بۆ فرەوان کردنەوەی ئەم کارە . لە ساڵی ١٩٧٢ ـ ١٩٧٣دا ژمارەی مەلبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری گەیشتە (١٦٠٨) مەلبەند . لەوانە (٩٨٨) مەلبەند بۆ نێرینان‌و (٦٢٠) مەلبەند بۆ مێیینان‌و ژمارەی خویندکاران گەیشتە (٩١٨٤١) کەس لەوانە (٣٩٥٣٦) کەسیان نێرێنەن‌و (٥٢٣٠٥)یش مێیینە .

ماویەتی

بەسەرکردنەوەی ـ پاشماوە

سەرکردەی جەنگەکان ئەکا سەرکەوتن بەدەست دەهێنین لەگشت جەنگێکدا. هەروەها لەرووی ئابوریەوە ، کە زۆر بەدەستەلاتانە هەوڵ ئەداو بابەلێت هیچ کەموکوڕیەك بە روی گەلەکەمانەوە دبارێت .. سەرکردەی ئێستا کەلێك جیاوازی هەیە لەگەل سەرکردەکانی پێشووی عیراقدا ، بۆ نمونە کاتێ جەنگی جیهانی دووەم لە ئارادابوو ، جەنگ شەش مانگ رێگارویشتن لە عیراقەوە دوور بوو ، جەنگ لە سنگافورە بوو کەچی باری ئابووری عیراق لاربوو ، بۆ! چونکە سەرکردایەتی ئەو سەردەمەی عیراقیان بەرێوە ئەبرد دلسۆزی گەلو نیشتمان ئەبوون ، بۆیە عیراق لەوپەری ناخۆشیدا بوو ، زۆرتر موچە خۆران باری ئابوریان ناخۆش بوو تەنانەت جلی کونییان لەبەر ئەکرد .. ئەمە لەبەر دلسۆزی سەرکردە ئەو لاوانەی کە ئەمرۆ خۆیان بۆ سەرکردەی وەفادار صدام حسین ولەژێر فەرمانی ئەودا بەخت ئەکەن ـ کە هەموو مافێکی تەواوی داوە بەکەسووکاریان وە دەستی بەپوەندی سەرکردایەتی لە بچوکترین فەرمانبەردەوە بەخۆشی‌و دلسۆزیەوە هەموو ئیش‌و کارێکی ئەو شکۆدارانە جێبەجێ ئەکەن‌و یارمەتی تەواوی بنەماڵەی شەهیدان ئەدەن ، ئێمەش کەکەس‌و کاری شەهیدانین بەپوی خۆشەوە بەرەو پیری گشت فەرمانەکانی سەرۆکمان ئەینەوە ، شادمانین بەوەی کە سەربەرزین ، بۆ خزمەتی گەل‌و نیشتمان وەبێخۆشحالین ، کەیادی ئەو شەهیدانە بکەینەوە وەجەژنیان بۆ بگێرین ، بۆ ئەمەی کە وابزانین رۆژێکی پیرۆز هەیە بۆ یادکردنەوەی شەهیدەکانمان لەکۆتایدا ئەلێن سەر بەرز بێت گەلی عیراق لەژێر سەرکەدایەتی سەرەکی فەرماندە صدام حسین .

چەند وردە ـ پاشماوە

هەڵدەگرسێنێ . بۆیە هونەرمەند نێوە دەست دەوەشێنێ ونیوە بازێك داوێ بۆ (ئێستابەتی) ئەم دەربڕینە بەکاو یەك راستە، چونکە قایل‌بوون‌و قازانجێکی بێ تەماعی تیابە خاووسەکە رێك خراوە بەلام چونکە خاووسە بۆبەکا دەبێ بینەرێکی خاووس ناس بکەوێتە بەر دەم ئەم تابلۆیانەوە .

پەراوێز

شەقڵداری یان شکڵداری هاو واتای (تەشکیل)و (بلاستیکی)یە ئەم ووشەیە داتاشراوەو وەك پێشنیازێك دەخرێتە سەر رووبەر هیوادارم نوسەران بەسندی بکەن .

شاکر حسن آل سعید نیکارکێشێکی عیراقی‌یە . خاوەی رێبازی (البعد الواحد) ە .

محمود صبری نیکارکێشێکی عیراقی‌یە . بناغە رێژی (واقعیە الکم)لە تەشکیلدا .

خاووس ؛ دونیا بەر لە جوان‌کردن‌و رێك‌خستنی ، ووشەکە بۆنانی‌یە (العماء) هاوواتەیە عەرەبی‌یەکەیە .

بوکۆکە : بووکە شوشە .
فرتەنە : ئاژاوە
دەرکە : دەرگا
ئاینده : مستقبل
رووتایی : تجرید
وونگە : متاهه
قل : مفرده
سەربوردە : سەربهوردە ؛ بەسەرهات
خۆدواندن : مۆنۆلۆژ
زەلام : پیاو
ئێستایەتی : راهینە
والا : کراوە . واز

ئەم نووسینە زیاتر دەڕوانێتە دوا بیشانکای هونەرمەند (هۆزی رەشید . بەغدا تەشرینی دووەم ساڵی ١٩٨٤) .

ویێنە بە رادیۆ

کۆبوونەوەی سەردەکی سوفیەت فەنەستین چێرلینکۆ لەگەل پێشەوای حزبی کریکارانی بەریتانیا لە کەرملین هەفتەی‌رابوردو .

سەرەکی هەڵبژێردراوی ئۆزروکوای خۆلیو سانگوبانتی‌و جێگرەکەی‌دوای سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنا .

رۆژنامە نووسی ئینالی‌ئیلینیامانسا بەساری باوڵی لەکاتی محکەمەکردنیا بەکوناهی کوشتنی رۆژنامە نووسیکی تر کەناوی ئانا کریمالدی‌یە .

Institut Kurde de Paris

هەر جارەی نووسینێك

رۆژی شەهید

ئەی ئەو گیانە نەمرانەی خۆتان کردە قوربانی خاکی نیشتمان‌و ژیانی سەربەستی گەلە مەزنەکەتان، بەڵێ ئێوە لە هەمووان شکۆ دار ترن ...

ئێـوە ، گیانی خۆتان بەخشی تـا رەوتی ئـەم عیراقە مەزنە نەوەستێ‌و هەر بەرەو بێشـــەوە بروات ..

ئێوە گیانی خۆتان بەخشـــی بۆ ئـــەوەی بیناکاری‌و دامەزراندنی کۆمەڵی نوێ لەم وڵاتـــە سەر فرازەدا هەر بەردەوام بێ ..

ئێوە ، گیانی خۆتان بەخشی تا زەردەخەنەی سەر لیوی منداڵەکانمان نەکوژێتەوە بەلکو تیشکی زیاتر بێ‌و تا مرۆڤی ئەم وڵاتە هەر سەر بەرز بێ .

ئێوە گیانی خۆتان بەخشی تا وڵات‌و گەلەکەمان نەکەوێتە بەر کەلبەی سەگە درندە چەپەلەکانـــی رژێمی ئێرانی داخ لەدڵ‌و تواناو ئازایەتی‌و بەخشـی ئێوە بو بە بەستێکی پۆڵاین بەرووی گـەردەلولـــی زەردی ئەواندا‌و خۆراگرتنی گەلەکەمان ئەوانـــی شکاند ...

ئەو رۆژەی کردومانە بە رۆژی تـــۆ ئـــەی شەهیدی عیراقی سەرفراز رۆژی ســـەربەرزی ئێمەیە ، شانازی‌و سەربەرزیشمان بەری قوربانـــی تۆیە ...

تۆ نامری ئەی شەهیدی رێگای خەباتـــی بەرگری رەوا لە عیراق‌و گەلە مەزنەکەیی‌و رەوتـــە مەزنەکەی گیانی تۆ مەشخەڵی دەستی ئەوە دوای ئەوەی ئەم وڵاتەیەو رێگامان بۆ روونـاك دەکاتـــەوە بەرەو سبەینی زیاتر روونـاك .

لەرۆژی پیرۆزتدا سڵاو لەگیانی پاکـــت ، سڵاو لە ئازایەتی‌و قوربانی ذانی مەردانەت ، دڵنیا چاو لێك نێ ، رۆڵەی ئەم وڵاتە رەوتەکەی بـــەر نادات هەموو ئەو ئاواتانەی تۆ لەپێناویا گیانـــی خۆت بەخشی بە زیادەوە دەیهێنینەدی‌و هەمـــوو کات تۆ لە هەمووان شکۆدار تری .

دلاوەر

کـــەژاوەی شـــەهیـــد



نـــەوەی نـــوێ
چـــەکی شەهیـــد هەڵئـــەگرێت‌و رەوتـــی
سەرفـــرازی عـــیراق هەربـــەردەوام بـــەرەو
لوتکـــە دەچێ ...

لە دەفتەری شەهیدانەوە

زۆرن ئەوانەی بەخوێـــن قوربانی بۆ خاك دەدەن‌و لـــە پێناوی رەوتی ســـەرکەوتن‌و سەرفیرازی‌دا گیانی خۆیان بەخت دەکەن ..

لە هەموو هەنگاوێکا ، لە سەنگەری رووبەرووبوونەوە، ئەودیان لە بیر بوو کە بـــە هەرچی قوربانیەك بێ ، دەبێ ئەم خاکە پیرۆزە لە دەست چاو چنۆکەکانی قوم‌و تاران بپارێزن کە چاویان بەخۆری هەڵاتووی ئەم وڵاتـــــە سەربەرزو شـــــکۆمەندە هەڵنایەت‌و دەم نا دەمێـــك شاڵاوی درندانەی بۆ دێنن‌و پاشماوەی لاشـــەی کۆمـــەك کراویان رادەکێشنەوە ..

شەهید « عبدالله رحمان » یەکێك بو لەو رۆڵـــــە بەجەرگانە کە لە کەرتـــی میسان‌و لە رۆژی ٢٦-٤-١٩٨٣ شەهید بوو ، بەمەش مەدالیای باڵەوانیەتـــی بردەودو .. بـــوە نیشانەیەك لەو چەندان نیشـــانانەی داســـتانی سەرکەوتن‌و باڵەوانیەتی دەگێڕنەوە .

لقی هەولێر

تکایەك بـــۆ ئەوانـــەی بۆ «هاوکاری» دەنووسن

تکا لەو نووسەرد بەرێزانە دەکەین کە بۆ « هاوکاری » دەنووسن :

— ناوو ناونیشانـــی تەواوی خۆیان بنووسن تـا ئەگەر نووسراوەکانیـــان دەستکاری پێویست بـــوو بەپـــێی تێبینی‌یەکانـــی سەرپەرشتی زمان بۆیـــان بنێرینەوە تا بینووسنەوە .

— تکایە .. لەســـــەر دیویکی کاغەز بنووســـــن‌و دێر بپەرێنن ...

ئەگینا .. لیمان زیـور مەبن .. هەندێ بەرهـــەم لەبەر نەبوونی ئەو مەرجانـــە پشت گوێ بخرێ .

هاوکاری

لە جیاتی چیرۆکی ئـــەمهەفتەیە

جیهانی منداڵان

مانای پیرۆزی شەهید

منداڵە نازیزەکان ...

دوو سبەی ، یەکـــی مانگی کانوونـــی یەکـــەم کەلە سەرکەوتووە ســـــەر بەرزەکەمـــــان یادی رۆژی شەهید دەکاتەوە ... یادی ئەوانەی لە هەمووان شـــکۆ دار ترن‌و بەکیان بەخشینی ئەوان ... سەرکەوتنمـــان بەدی هێناو بەخوێنی گەشی ئەوان رێگامان روونـاکـــەو ئەو سەرکەوتنە دەپارێزین.

ئەم رۆژە کە ناو نـــــرا رۆژی شەهید یادی ئـــەو رۆژەیە کە جەردە نامەردەکانی خومەینی ژمارەیەك لە دیلـــە عیراقیەکانی بە دەســـــت بەسراوی دابە بەر گوللـــەی غەدرو ناپیـــاوی‌و قینـــی رەشی چەپەڵی ... رژێمـــی خومەینی جادووگەر ئەوەندی لە جەنکاوەری عیراقـــــی دەترسی هەتا بەدیلـــــی‌و دەست بەستراوی لـــــێی دەترسێ بۆیە پەنای بـــــردە بەر ئەو کارەی کە نموونـــەی بێ رەوشتی‌و درندایەتـــی ئەو تاقمە نەبێت هیچـــــی تر نانوێنێ ..

خۆبیستتان منداڵـــــە ئازیزەکان لەم رۆژانـــــەی دوایشدا هەر تاقمە داخ لـــە دڵەکەی خومەینی چـــەپەڵ لە ئوردوگایـــــەکی دیلـــــە عیراقیەکاندا دەست رێـــژی لە ژمارەیەکـــــی تـــــری دیلەکانمان کرد ...

بەم جۆرە ئەو رژێمـــــە نامەردە نارەسەنەی خومەینی رۆژ لـــــە دوای رۆژ دەر دەکەوێ چەنـــــد درنـــــەو چەپەڵە ، بۆیە دەبێ هەمـــوو کیانمان لا هەرزان بـــــێ‌و نەبەڵێن زەرەبەك لە خەونی داخ لەدڵانەیان بێتـــــــەدی، بێگومانیش نایەتەدی ، چونکە عیراق ، رۆڵەی مـــــەردو چاو نەترس‌و ئازای هەیـــە، چونکە عیراق‌و گەلی عیراق لەســـەر حـــــەق راستن‌و دوژمنان لەسەر ناحـــــەق‌و ناراستی دەرۆن ... چونکە عیراق رابەرێکی دلســـــۆزو پاڵەوانی وەك باوکـــــی دلسۆزمان صـــدام حسینی هەیە .

لە رۆژی شەهیدا ...

جەبکە گوڵـــی شانازی لەسەر مەزاری هەمووبـــان‌و نەمرن‌و بەگیانی نەمـــــری ئەوان رەوتمان هەمیشـــــــە سەرکەوتوو دەبێ‌و ئـــــەوان بە حەق لە هەمووان شـــکۆ دار ترن . .

● جیهانی منداڵان ●

شیعر بۆ منداڵان

گۆرانی شەهید

جێی شانازی‌یە ..
نەوەی شـــەهیدبم
لەناو کۆمەڵا
روو سوور سەر بەرزبم
باوکم خوێنی خۆی
بەخشی بەم خاکە
ئێمەشی خستە
سەر رێگای چاکـــــە
بە خوێنی شەهید
بە بازووی مەردان
گەیشتە لوتکە
ئالای نیشتمان

شەمال علی

هاوکاری
دەزگای رۆژنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی
شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی
تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥
٥ خەت

لە مەلبەندی چاودێری زانستی لە هەولێر

هەنگاوێکی سەرەبەخۆش لە پێناوی وڵاتی زانستی یانەدا

مەلبەندێکی زانستی ...

لەم ساڵاندی دوایی‌دا گەلێك بەهرە لە لایەن لاوانەوە خۆی دەرخست ، بەهرەی زانستی یەکێك بوو لەمانە لە مەلبەندی چاودێری زانستی هەولێر ئەم دیاردەیە سەری هەڵداو سەرکەوتوو بوو ..تاکو توانیان لە ساڵی (١٩٧٩)ەوە بەشداری بەشـــێکی پێشانگای بەغدای دەوڵاتان بکەن ..

بـــۆ ئەم مەبەستە چاومان بە خوشکە (ناسکە محمد دزەیی) بەرێوەبەری مەلبەندەکە کەوت‌و لـــە بارەی چۆنیەتی ئەم مەلبەندە قسەی کردوو وتی :ـ

ئامانجی ئەم مەلبەندە بریتی‌یە لە بنیات‌نانـــی هوشیاری زانستی لە نێو کۆمەڵداو بایەخ بـــــە چالاکی لاوان بدات لە کاتی پشووداندا .. ئەمـــــە سەرەڕای پێ‌گەیاندنیان بە ئامانجی وەدەست‌هێنانی داهێنانی زانستی‌یانە ...

مەلبەندی چاودێری زانستی لە هەولێر دوای کردنەوەی بە ماوەیەکی کەم توانی دەوری خـــۆی ببینێ بەتایبەت کە هەموو ئەجهیزەیەکی زانستیانەی بۆ دابین‌کرا کە بـــە شێوەیەکی پێشکەوتوانە لاوان مومارەسەی ئیشی خۆیان بکەن .

★ ئەزمونگەی جۆراو جۆر ...

هەروەها « ناسکەخان » وتی :ـ

ئەوەی راستی بـــێ مەلبەندەکەی ئێمـــە (٩) ئەزمونگەی زانستی پێشکەوتووی بۆ هێنـــــــراوەو بەهرەمەندان ئیشی خۆیانی لەسەر دەکەن لەمانە :ـ

١ ـ ئەزمونگەی کیمیا ،
٢ ـ ئەزمونگەی فیزیا ،
٣ ـ ئەزمونگەی فەلەك ،
٤ ـ ئەزمونگەی زانیاری ژیان ،
٥ ـ ئەزمونگەی جیولوجی ،
٦ ـ ئەزمونگەی کارەباو ئەلکترون ،
٧ ـ ئەزمونگەی کارەباو ئەلکترونی پێشکەوترو ،
٨ ـ ئەزمونگەی وێنەگرتن ،
٩ ـ ئەزمونگەی نموونەیی فرۆکەوانی .

ئەمە سەرەرای چەند وەرشەیەکی میکانیك‌و دارتاشی‌و کتێبخانەی زانستی فراوان ...

بێ‌گومان ئەم ئەزموونگانە هەر یەکەو پسپۆرو شارەزایانی تایبەت بە خۆیانەوە کاری تێدەکەن‌و هەموو ساڵێکیش ئەو بەرهامانە دەخەنە دوو تـــۆی پێشانگایەکی قراوانی قەشەنگ .. لێرەدا ئـــەوە دەستنیشان دەکەم کە لە ئەنجامی بێ‌کەیاندنـــی کادیری بە تواناو داهێنانی بلیمەتانە توانیرمانە لـــە ساڵی ١٩٧٩ تاکو ئەمـــال هەموو ساڵێك بەشێکی تایبەتیمان هەبێ لە پێشانگای بەغدای دەوڵەتان بۆ پێشاندانی بەرهەمەکانمان ... بێ‌گومان لـــــەم رووەوە پشتگیری ئەمیندارێتی کشتی رۆژنبیری‌و لاوانی ناوچەی کوردستان لەبیر ناکرێت ، چونکە ئێمـــە پەیوەندی راستەوخۆمان بـــەم ئەمانەتەوە هەیە .

★ خولی زانستی‌یانە ...

خوشکە « ناسکە دزەیی » باسی ئەو دەورانەی کرد کە لە مەلبەندەکە کراوەتەوە یان دەکرێتەوە بە بەردەوامی ... وتی

لە مەلبەندەکە بە بەردەوامی دەورات دەکەینەوە بۆ لاوان ، بەڵام بە دوو وەجبە ، دەوراتی زستانەو دەوراتی هاوینە بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێ .

أ ـ خولی سەرەتایی ،
ب ـ خولی ناوەندی ،
ج ـ خولی پێش‌کەوتوو .

سەرەڕای باس‌و لێکۆلینەوەی زانستی هەمە جۆر لـــەم ساڵەداو رێکخستنی گەشت‌و سەردانی زانستی بۆ لاوان بـــۆ شوێنە زانستی‌یەکان‌و دەزگا بەرهەم هێنەرەکان .

هەروەها رێکخستنی پێشانگای زانستی لـــە لایـــەن ئەزموونگەکانمان بـــە بـــۆ نەنیشتمانی‌و نەتەوەیی‌یەکانمانەوە کە بریتی‌یە لە بەرهەمی گەنجە بەهرەدارەکانمان کە بریتی‌یە لە نموونەیی پیشەسازی‌و ئەجهیزەی زانستی ، ئەمە سەرەڕای بەشداریمان لە پلانی ئەمیندارێتی کشتی رۆژنبیری‌و لاوانـــی ناوچەی کوردستان‌و وەزارەتی لاوان‌و بەرێوەبەرایەتی کشتی چاودێری زانستی‌و ئۆردوگاکانی وولات .

★ هەر لەم مەلبەندەدا چاومان بە خوشکە «گولیزار یوسف» سەرەکی ئەزمونگەی کاردبـــاو ئەلکترۆنی پێشکەوتوو کەوت دەربارەی سپۆزایەتی بەشەکەی قسەی بۆ کردین‌و وتی :ـ

مەلبەندەکەمان هەڵسا بە دەستپێشخەری بۆ کردنەوەی ئەزموونگەیەکی تایبەت بە بەهرەمەندە پێشکەوتووەکان ئەوانەی مومارەسەی کاری کاردباو ئەلکترون دەکەن بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونگەیـــــە ئیشەکانیان ئاسان بکات‌و یەرە بە ئارەزووو تواناکانیان بدات‌و هەڵسێ بە بڕۆژەی زانستی پێشـــکەوتوو تایبەت بە ئەوانەودو نووسینی باس‌و لێکۆلینەوەی زانستی‌و ناردنی بۆ لایەنە لێپرسراوەکان لە بەغدا بۆ دیراسەکردنی ... هەندێك گەنجمان هەیـــە بەهرەی چاکیان لێ بەدی دەکرێ لەمانە :ـ

١ ـ صلاح الدین عبدالقادر .
٢ ـ شەمال مصطفی عثمان .
٣ ـ هۆگر فؤاد رسول .

ئەمانە لە ساڵی (١٩٧٩)ەوە بەشداری لـــــە پێشانگای بەغدای دەوڵەتان دەکەن ..

ئەمە سەرەڕای بەهرەمەندی چاك لـــــــە بەشەکەمان وەك :

١ ـ موسی محمد حکیم .
٢ ـ احمد زرار اسماعیل .
٣ ـ ابوبکر جلال .
٤ ـ مشیر هادی ،
٥ ـ کاوە مجید محمد .

گرنگ پێویستە پەرە بە هەموو بەهرەیـــەك بدرێ کە خزمەتی گەل‌و نیشتمان بکات .

ناظم دلبەند
لقـــی هەولێر

Institut kurde de Paris